پێشکەشە بە -:

*پەنجەکانی ( پۆل رۆبسن (
*رۆحی بەهەشتی ( تایەر تۆفیق(
*دەنگە سیحراوییەکەی ( مەزهەر خالقی(

*سوپاس و پێزانینم بۆ هونەرمەندان-:
1-ئەسکەندەر عەلی کە ئەرکی رێکخستن و هەڵەچنی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ .
2-بەڵێن عبد الهادی کە بەردەوام هاوخەم و هاوکارم بووە لە کارەکانمدا .
3-رێبوار عەبدوڵڵا کە وەکو سایە بەدوای بەرهەمەکانمەوەیەو کۆیان دەکاتەوە .

## بەرایی

ئەم ئەزموونەی بەر دەستتان بەرهەمی قەڵەمی نووکتیژی خوێن گەرمیمە, ئەو سەردەمەی نەڕەی دەنگی قوڕگ بلوێری ئاسای هونەرمەندانی خاوەن گەنجینەی کەلەپووری رەسەنایەتی نەعرەتەی ئازادییان بە بناگوێی رەشەبای ئەوان دادەدا . زمانی پڕ میهری موزیك لە ئاست هەندێ شاکارو بەرهەمی زیندووی گۆرانیبێژانمان لە جووڵە دەکەوێ و ناتوانێ قەدەری ئەوان دەنگان دیاری بکات, بۆیە بەناچاری غلۆری مێژوو دەبێتەوە بێئەوەی ئامانجەکانمان بپێکێ, بۆیە سەرنجی هونەری لێرەدا ( دوای ئەوەی قۆناغی چێژی موزیکی موتربە کرا), کارێکی پێویستە بۆ ئاوێتەکردنی رەخنەیەك ببێتە بناغەی نووسینێك, ئەو نووسینەش دواتر وەکو کەپرێك سێبەر لە رۆحی زیندووی هونەرمەندان بکات. بۆیە نووسین لەلای من دووبارە داڕشتنەوەی قۆناغەکانی ژیانمە, ئەو قۆناغانەی کە هەندێکیان بێ گریان و ئەوانی تر بێ ئەزموون و هەندێ تریشیان بێ مانا لە دەستم چوون, چونکە زۆر حەزم دەکرد و ئارەزووم بوو کە لە سەردەمی لاوێتیدا ( مارکس ) ئاسا هەڵوێستێکی ( جددی) م هەبوایە لەمەڕ کاتەکانی گاڵتەجاڕی و ( مەوقیف ) ە پڕ پێکەنینەکاندا .

تێبینی :- هەندێ لەبابەتەکانی ئەم کتێبە پێشتر بڵاو بونەتەوە
بەڵام شێوێندراون و مانا هونەرییەکانیان لەدستداوە بوَیە بە پێویستم زانی دووبارە بڵاویان بکەمەوە

(رەخنە)

ϖرەخنە هەناسەیەکی درێژە هەمیشە بەدوای پەیژەیەکا وێلە بۆئەوەیشتە شاراوەکان ببینین!!
ϖفەلسەفەیەکی ئەزەلیە ژیان لە لەلانکەزای جەستەوە بەرەو ئارامی رۆح دەبا .
ϖمۆمێکی سپییە گوێ بەسووتانی خۆی نادا .
ϖپەیامێکە رەوا نی یە بەزۆرەملێ زەوت بکرێ .
ϖرووبارێکە لەکلتوری نەپساوەی هزرو عەقڵ بەهیچ شێوەیەك نابێ شێلوو بکرێ .
ϖدیالۆگێکی وردبینانەیە دەگەڵ رستە بێ دەسەڵاتەکان .
ϖسروودێکە تەنیا بەدەنگە (گوڵبانگ)ەکان دەگاتە مەرامی پاك .
ϖگۆرانییەکە پر لە هیهرو خۆشەویستی .
ϖگوڵێکە نابێ بەسەر شێتانەیی بۆنبکرێ .
ϖلاپەڕەیەکی پەمەیە رەنگرێژ ناکرێ .
ϖباڵایەکە بەزۆرەملێ ناچەمێتەوە .
ϖگرەوێکە هەموو کەس نایباتەوە .
ϖقەڵەمێکە ماهیەتی خاوەنەکەی لێ دەتکێ .
ϖجانتایەکە عەشق و بونیادو گەورەیی تێدایە .
ϖبارانێکە گوڵە کێوییەکان دەستەمۆدەکات .
ϖچەکێکە ئاشتی لێ دەبارێت .
ϖتێکستێکی رەهایە لە چوارچێوەی ئەفراندن جێگیرە .
ϖپراکتیکی لە دایکبوونی شاکارێکی دیکەیە لە هزروعەقڵی بەرامبەر .
ϖخۆشەویستییەکە رەوانییە هەموو کەس بیدرکێنێ .
ϖکتێبێکە هیچ کەسێ بۆی تەواونەکراوە .
ϖفرمێسکێکی شیرنە تەنیا لەچاوە ماندووەکانی روناکبیر دیارە .
ϖکەلامێکە بەرەو دەروازە داخراوەکانی ژیان دەمانبا .
ϖمێژووێکە ئەستەمە خیانەت لە باوەش بگیرێ .
ϖوڵاتێکە پێویستی بەسنوور نییە .
ϖیارێکە دۆراوی تێدانییە .
ϖوەرزێکە گشت وەرزەکانی دیکەی لەئامێزە .
لەکۆتایی دا لە هموو ئەوانەی گوتمان درەوشاوەتر برینێکە تەنها بەنووسەر سارێژ نابێ .

تێبینی: ئەم نووسینەم لە هەموو کتێبە چاپکراوەکانم دا بوونی دەبێ, چونکە رەخنە لەلای من دووبارە داڕشتنەوەی هزرو عەقڵە .

رۆژی جیهانی موزیك

ئەمڕۆ جیا لە رۆژانی تر موزیك بە هەموو شان و شەوكەت و هەیبەتییەوە دەبێتە بەدیلی زمان! زمانێك سەر لەبەری مرۆڤایەتی لێی حاڵین، ئەمڕۆ ( 2008/10/1 ) جیهان بە موزیك تینویەتی خۆی دەشكێنێ, (35) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەلایەن رێكخراوی ( یۆنسكۆ )ی سەر بەنەتەوە یەكگرتووەكان موزیك كرایە خەڵێتی ئەو ولێتانەی بەگەنجینەی كەلەپووری میللی خۆیانەوە دەنازن، رۆژی جیهانی موزیك رۆژێكە بۆ ( گوێگرتن و گوتن و سەما و هەڵپەڕكێ و چێژ وەرگرتنی هونەری ), رۆژێكە بۆ فراوانبوونی ئێمە رووەو جیهانێكی تازە، ئەگەر ولێتان لەم رۆژەدا بەفلاشباك بگەڕێنەوە رابردووی پڕ هونەریی و پڕ ئەرشیفی نەمریان، ئەوا ئێمە لەم كوردستانە پڕ لە ئاوازەدا دەبێ بگەڕێینەوە نێو گەنجینەی تا ئێستا نەدوزراوەی كەلەپوورمان، دەبێ ئەمڕۆ پەردە لەسەر ئەو كارانە لابدەین كە تائێستا رووناكی داهێنانی نەدیوە، بەو رۆحیەتە كار بكەین كە هەمیشە موزیك رۆڵی كاریگەرو دیار دەبینێ لە پێكهاتەی كیانی میللەت، لەرۆژی جیهانی موزیكدا دەبێ دەق و كارە هونەرییە خۆماڵییەكانمان بە پردێكی پڕ خۆشەویستی هونەری بپەڕێنینەوە كەنارە ئارامەكانی هونەری جیهانی، دەستەبەركردنی زانستی موزیك و ئاوێتەكردنی لە كارە هونەرییەكانماندا ئەو دەوڵەمەندییە پڕ بەخششە دەداتە كارەكانمان كە بەبێ پاسپۆرت سنوورەكان دەبەزێنن، ئەركی هەنووكەیی ژەنیار و ئاوازدانەر و دابەشكەری موزیكیی كورد ئەمڕۆ لەوەدا خۆی دەنوێنێ كە ئێمە ئەو توانستە هونەرییەمان هەبێ كە موزیك وەك رووتەڵەكترین هونەر بە جەماوەر بناسێنین، چامەو ئەفسانەو دەقە پڕ تراژیدیاكانی نێو واقیعی میللەتی خۆمان بە ئۆركسترایەك بسپێرین كە بتوانێ رۆحی سەردەم فەراهەم بكات .

لەم رۆژە پڕ شكۆیەدا با دیسان تەموور و زوڕنا و دەهۆڵ و سەنتور و باڵەبان و نەی و شمشاڵ و كەڕەنای بخەینەو نێو باوەش و یادی ئەو هونەرمەندە مەزنانە بكەینەوە كە لە پشت كالوس و پەردە رەشەكانی نێو كۆمەڵگەوە توانیان میلۆدییە رەسەنەكانمان بپارێزن و دەبێ هەر هەمووشمان لە ئاست ئەو وتە بەنرخەی ( ئارام خاچا توریان )ی نەمرە و بێن كە دەڵێ : ( موزیك پێش ئەوەی جیهانی بێ, دەبێ نەتەوەیی بێ ..!!!!(

)میهری موزیك(

موزیك رۆحی ئەو نۆتە ناسكانەیە كە هەمیشە بێ پاسپۆرت دەپەڕێتەوە ئەودیو سنوورە دەستكردەكان، بۆیە هەمیشە دەبێ رۆشنبیری و خوێندنەوەی بەردەوام, هەروەها خوێندنەوەی یەكتریش پاڵپشتێكی بە هێزی ژەنین و ئاوازدانان و دابەشكردنی موزیك و تیپە هونەرییەكانمان بن، من پێموایە هەموومان تا دواقۆناغەكانی تەمەنیش دەبێ بۆ شتی جوان و پڕ تەلیسم بچەمێینەوە و لەگەڵ گریانی یەكتردا بتوێینەوە ، هەمیشە رابكەین بەعەشقەوە یەكتر لەباوەش بگرین، موزیك جیهانێكە یاخود هەر هیچ نەبێ كەشتییەكە دەتوانێ بێ رەحمەكانیش لەباوەش بگرێ .

)توانستی هونەری هونەرمەندی كورد(

گەیشتنی كاری هونەری موزیك و گۆرانی لە ئامێزی ئاوازدانەر و ژەنیار بۆ سەر كاسێت و (سی دی), پێویستی بە تۆماركردنێكی شیاو هەیە كە بتوانێ رۆحی ئامێری موزیك و گیانی دەنگە رەسەنەكان بگوازێتەوە نێو ئەرشیفی زێڕینی هونەری رەسەن .

بەدەیان ساڵە بەرهەمە كوردییەكان، گۆرانییەكانمان، موزیكەكانمان، سۆزی دەروون و حەسرەتی هەناومان بۆ چەند ساتێك لەگەڵمانا دەبن و دوای كە تۆمار دەكرێن, ئەوا گرێ كوێرەكە لێرەوە دەست پێ دەكات، تا ئەو ساتەی پرسیارێك بە بناگوێی هەموومانا دائەداو خەڵك و جەماوەر، رۆشنبیرو رووناكبیر، هەموو كەس دەپرسن بۆ موزیك و گۆرانییەكانمان خۆیان لە قەرەی ئەو بەرهەمانەی نادەن كە لە ولێتانی دراوسێ بە دەست ئێمە دەگات؟ !

ئەم مەسەلەیە پێویستی بە وردبوونەوەیەكی چاك هەیە كە تازووە مشورێك لەو ( ستۆدیۆ )یانە بخورێ كە نیاز وایە كاری تۆماركردنی دەنگ بگرنە ئەستۆ, ئێستا لە هەولێر ستۆدیۆكانی دەنگ كارامانە دەیانەوێ لە پاڵ خزمەتكردنی خۆیان بەرهەمەكانمان بە باشترین شێوە تۆمار بكەن, دیارە ستۆدیۆكانیش پێویستی زیاتریان بە دەستگرتنی لایەنە بەرپرسەكانە بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن نرخێكی گونجاو ئامێری تۆماركردنی دەنگ لە دەرەوە بهێننە كوردستان و كارەكانیان زیاتر فراوان بكەن و بەشی (میكساج و ستودۆكەشیان دەبێ زیاتر بە قەوارە بەرین و فراوانتر بێ تا بتوانێ ئۆركسترایەكی گەورە لەباوەش بگرێ و چیتر بەرهەمەكانمان بۆ چەند ساتێك نەبن و هەمیشە ئەرشیفی هونەریمان بە بەرهەمی رەسەن برازێتەوە ئەمە لەلایەك, لەلایەكی تر دەبێ زۆر بەپەرۆش و بە گرنگییەوە بڕوانینە توانستی ژەنیاران و هونەرمەندانی بەسەلیقەی بوارەكانی ئاوازدانان و تۆماركەری دەنگەكان, چونكە ئەم بوارە پتر پێویستی بە قوڵبوونەوەیەكی زانستی هەیە تا گشت بەهرەكان بەیەكەوە كۆبكرێنەوەو دواتر لە دووتوێی گروپێكی هونەری زانستكاردا كاری پڕ ئەفراندنی پاڵپشت بێ و بە رەسەنایەتی و دەوڵەمەندی میلۆدییەكان,بۆ ئەوەی چیتر پەل نەهاوێژرێ

بۆ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی میسر و لوبنان, چونکە هەڵگرتنی نازی هونەریی هونەرمەندانی ئێرە تەنها لە باوەش و ناوەوەی کوردستان هەڵدەگیرێ و سارێژ دەبێ!! .

عەزیزی شارۆخی
بارانی نۆتەی کۆك
هەرکاتێ باس و خواس لە فەرهەنگی دەنگە رەسەنەکان بکەین، دەبێ لەو حاڵەتەوە پەرە بە بابەتەکە بدەین کە تاچەند ئەو دەنگە کاریگەری بەسەر بوارەکانی تری ژیان و ژیاری کوردەواری هەیەو لەلایەنی چڕین و (ئادا)ی هونەریشەوە کێن ئەوانەی لاسایی و کاریگەریی ئەو دەنگەیان هەمیشە بەسەر رەوتی بیرکردنەوەو گوتن و چڕینەکانیانەوە هەن، بۆیە دەنگی زولێلاً هەموو کات چ وەکو میلۆدییەکی تەنها یان وەکو دەنگێگ بە یاوەری کۆمەڵێ ئامێری موزیکەوەش بێ, هەمان کاریگەرو داهێنان و نەسرەوتنی هونەری لێوە دەبارێ، لە رۆژهەڵێتی کوردستان دوای چریکەی بولبول ئاسای سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بەدەگمەن دەنگێگ هەڵکەوتووە بتوانێ خۆی لە قەرەی چینە دەنگی (Tinor) بدات!! شارۆخی هونەرمەند هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ئەگەرچی فرچکی هونەری بەدەنگە رەسەنەکانی (حەسەنی جزیری و عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و خاڵە سێوە) گرتووە، وەلێ لە قوتابخانەی ( سەی ئەسغەری کوردستانی ) جیهانێك لە ئەزموونی گەورەی بەدەستهێناوە، لە ئاداکردن و گوتندا هەمیشە لە دەنگی دووەمی ئۆکتافی (دۆ)وە گۆرانی دەچڕێ، بە واتایەکی تر لە چینە دەنگی دەستپێکدا یەك ئۆکتاف زۆر بە ئاسانی ئادا دەکات و دەتوانم بڵێم ئێستا بە تواناترین دەنگی تینۆری یەکەمە لەسەرتاسەری کوردستان, وەلێ ئەم دەنگە گەر بهاتایەو لەرینەوەی هونەریTrill ) ) ی لەگەڵدا بووایە، ئەوا جۆش و خرۆشێکی تری دەبەخشییە کارەکان و شارۆخی هونەرمەندیش لە سەرەتای ژیانی هونەریدا وەکو هونەرمەندانی باشووری کوردستان ئاسا بەدەست کەمی و نەبوونی ژەنیاری کوردیی ناڵێندووەو هەمیشە ویستویەتی لە کانیاو و گەنجینەی لەبن نەهاتووی کەلەپووری کوردی بەرهەمەکانی هەڵێنجێ و بیکاتە دیاری بۆ هەوادارانی خۆی، پانتایی مێژوویی و جوگرافی گۆرانی کوردی ئەمڕۆ زێتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەو گەڕانی مەیدانی هەیە، بەواتایەکی تر گرێدانی کۆنگرەیەك کە زۆر مەسەلەی هەڵپساو هەن زەروورەتێکی زۆر گرنگە تا کەف و کوڵی هونەرمەندان دامرکێتەوەو دووبارە بابەتە گرنکەکانی گۆرانی کەلەپووری کوردی بەهاوچەرخێتی و ئەزموونی نەوەو پێشەنگەکانی هونەری ببەستێتەوە، ئەوەی کە زۆر شت بە یەکەوە گرێدەدا تەنها و تەنیا هونەرە، هونەرێك بتوانێ ببێتە بەدیلی زمان و بتوانێ رەوشی میللەتێك بەرەو کاروانی نەمری ببا، با هەنگاوەکانی ئەمڕۆ لەسەرخۆ بن, چونکە گرنگ ئەوەیە بنەماو کۆڵەگەو بناغەو دارشتنەکانمان پتەوو کوردییانە بن !!

رەسەنایەتی کەلەپوور لە هەراجی هەندەران
یەکێ لە دەردە هونەرییە کوشندەکان کە ئێستا کەوتۆتە جەستەی هونەری کلتوورو ستران و دەنگە رەسەنەکانی زەمانی لە خۆبردن و ماندووبوونی بێوچان, جوینەوەی ئەو دەنگانەیە کە ئێستا لەمەیخانەو یانە دڵرەقەکانی هەندەران ئەنجام دەدرێ، ئەوەی جێگای گومان نییە ئەوەیە کە گشت دەنگەکان پێش ئەوەی بکەونە بەر لافاوی خۆ خواردنەوە, لێرە لەو خاکە بێ بەزەییەدا دەنگی ناسراوو پێگەشتووبوون, واتا هیچ لەو گۆرانیبێژانە لەوڵاتانی غەریبی بە ( حسابی خۆیان ) نەبوونەتە گۆرانیبێژو لەوێ هیچ ئاوازێکیان دانەناوە, یاخود نەچڕیوە کەتۆزێك بۆنی غوربەت و دووری و ئازارەکانی ناوەوەی مرۆڤێك بخاتەڕوو کە بەحەقیقەت راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ هونەرەکەیدا بکات، گۆرانیبێژەکان ئەوانەی لێرە لەحەشمەتی شتە نەزانراوەکانی خۆیان کۆچباریان بۆ وڵاتی غەریبان تێك ناو حساباتیان بەهەڵە کەوتە سەر لاپەڕەی داهاتووی ژیانیان، ئەوان بەخەیاڵ گەیشتوونە ئەوەی کەلەوێ دەبنە ( کۆرسی ) ئەو گۆرانییانەی کەلێرە مەحاڵ بوو بەدەست و بردێکی کۆمەڵ ئەنجام بردێ, کەچی ئەوان لەگشت ئەو وڵاتانەی کەناو وناوبانگیان هەیە، کەوتوونەتە وێزەی یەکتری و شەڕی دەستەویەخەو زڕاندنی ناوی هونەری یەکتر، لەمەش کارەساتتر گوتنەوەی ئەو گۆرانیبانەیە کە هونەرمەندە رەسەنەکان لەساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو تۆماریان کردوون، ئەو گۆرانییانە لەڕووی زانستی موزیکەوە میلۆدییەکی رەسەنیان لەباوەش گرتووە، کەچی لەوێ بە( سایزەرێك ) یاخود ( کیبۆردێك ) ئاوازێکی نەمر دەخرێتەبەر مەقاشی زەمانەی بێ بەزەیی و لەگەڵیدا رۆحی نەمری گۆرانیبێژەکان لە ئارامگای کۆتایی خۆیان هەڵدەتەکێنی و بێ رەحمانە رەسەنایەتی و کلتووری ئەو میللەتە ستەمدیدە دەخانە بەر رەشەبای مەترسی لەناوچوون و فەنابوونی رۆحی نەتەوایەتی کلتوورو ستران و ئاوازو دەنگ و میلۆدی و سرووتە نەمرەکان, لەهەندەران جگە لە هەندێ هونەرمەند نەبێ کە لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن و دەیانەوێ لەژێر پەردەی رەشی گوناهباری گۆرانیبێژەکانی

تر وەلاچن و بەرهەمێك پێشكەش بكەن كە رۆحی پڕ ئێش و ئازاری ئێرە لەگەڵ تەكنیكی ئەوێ ئاوێتە بكەن و بەرهەمێك بێننە وجود كەتیایدا هەست بەحەسانەوەی ویژدان و رۆحی شەكەتیان بكەن.. . گۆرانیبێژی بەناوبانگ لێرەو لەوێ كە ئێستا لەوێ دەژیت بۆ ئاهەنگێك كە سازدەكرێ بۆ خێزانە كوردەكان داوای(15)هەزار تا(20)هەزار یۆرۆ یاخود كرۆن دەكات و لەپێشەكیشا بۆماوەی نیو سەعات دەكەوێتەی ئامۆژگاری كردنی ئەو خەڵكە كەدەبێ هەموویان نیشتمان پەروەربین و هەرگیز نابێ ئەو وڵاتە ژبیر بكەن كەشیر حەڵاڵی كردوون، ئەمە لەلایەك و لەلایەكەی تری گۆشە هونەرییەكانە كە بەداخەوە لێرە زۆر بەزەقی هەستی پێكرا ئەمەش دوای ئەوەی كە هونەرمەندان بەحسابی بەهەڵەچووی خۆیان خەریكی هێنانەوەی ( دكتۆرا ) بوون لەسەر بنەما زانستەكانی موزیك، بەڵام كە لە كۆڕ و سیمینارە هونەرییەكان نەیانتوانی بەرگەی ئەو پرسیارە زانستەییانە بگرن كە لەبەردەمیان دادانراو، ئامادەنەبوون بكەونە نێو دنیای گفتوگۆی هونەری موزیكی خۆماڵی خۆمان و تەنانەت لەسەر موزیك و كلتووری ئەو وڵاتانەش شارەزاییان نەبوو كەتێیدا گیرساونەتەوە، لێرەدا تەنها ئەوە ماوە بیڵێین كە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ شتەجوانەكان دەستنیشان بكات دەبێ شتە ناشرینەكانی ناسیبێ و مەرجیش نییە هەرچی بدرەوشێتەوە زێڕبێت .

)موزیكی مارشی سەربازی(

ئەگەر لەجەنگی دووەمی جیهانیدا تۆپەكانی هاوپەیمانان و شەڕكەران هەموو ئەوروپایان هەژاندبێ، ئەوا شاكارە موزیكییەكانی بتهۆڤن و تێۆدۆراكس توانیان بەتەنیا گشت جیهان بێننە لەرزینو هەژان. كاریگەری موزیك بەسەر ژیانی رۆژانەی مرۆڤ رۆڵێكی بەرچاوی هەیە بۆ ئەو پێگەشتنەی كە بەچاو نابینرێ و بەتەنیا گشت جیهان بەزەڕەبینیش سەیری ناكرێ. مەبەستمان لەم پێشەكییە ئەوەیە كەدەبێ حكومەتی كوردستان بۆ بەدەنگەوە هاتنێكی خێراو هەنگاوێكی هەنووكەیی و بەپەلە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بهاوێژێ بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە بتوانێ بەشێكی زیندوو لە كۆلێژو ئامادەیی پۆلیس كە ئێستا دەرگاكانی والێن بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بخاتە بەر ئەزمون و وەگەرخستنەوە و بووژانەوەو رێكخستنی كاروانی سەربازی و پۆلیسی و هەموو ئەو دەزگایانەی بۆنی باروتیان لێدێت پێویستییان بە موزیكێك هەیە گڕوتین وجۆش و كڵپە لە گیانیان بەربدات و دەروونی تینوو بەرەو ئەو ئاسۆیە ببات كە فیداكاری تیایدا دەگاتە ئەو پەڕی پلەی خۆبەخت كردن لە پێناو دوو شت, یەكەمیان (خاك) و ئەوی تریان بۆنی ئەو سروشتەی كە (خاك) سەرچاوەكەیەتی . هەڤاڵێن. . كۆلێژو ئامادەیی پۆلیس ئەمڕۆ پێویستی بەو كەل و پەل و ئامێرە موزیكییە سەرەتاییانەیە كە بەیانیان دەبنە سەرقافڵەی ئەو سروودانەی كە لەگەلأ هزرو بیرو ئایدیاو رۆح و گیان ئاوێتە دەبن و مرۆڤ بەرەو ئەو كەنارە پڕ ئەمانە دەبەن كە هەرگیز خۆری پڕشەوقی نیشتمانی لێ ئاوا نابێ، كەواتا كۆلێژی پۆلیس دەبێ بگاتە ئەو كارە زانستییە سەربازییە هونەرییەی كە خەڵك متمانەی هونەری پێ بكات بۆ ئەوەی چێژی موزیكیش لەگەلأ ویژدان و دەروون تێكەلأ و ئاوێتە ببێت و بۆنی خاكی پاش بارانیش تێكەلأ بە رەشەبای موزیكی (مارش و رەزمە دڵگیرەكان) ببێ و لەبەر ئەوەی شارستانییەتی سەربازیش لە بەشەكانی تری ئاوەدانكردنەوەو هەڵكشانی نەتەوەیی دانەبڕێ و بۆ ئەمەش بە هەمولایەك دەس لە ململانێی گیان بەختكردن بین لە پێناو پاراستنی ( كیان و گیان .(

)ناونیشان)ی هونەری دەبێ چۆن بێ ؟

یادكردنەوەی بۆنەو رۆژە جیهانییەكان لە كوردستانی دایك دا كۆمەڵێك ئایدیای گەورە لە ئامێز دەگرێ لەوەی هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئاسۆی شارستانییەت دەڕۆین و هەمیشە بڕواشمان بەوە هەیە كە گەلی كورد كاریگەرییەكی تەواوی بەسەر شارستانییەتەكانی گەلانی دراوسێ و دەوروبەرو جیهان هەبووە و هەیە, تا ئێرەو یادكردنەوەكان پیرۆزن, وەلێ لەناوەرۆكی نووسینی مانشێتەكاندا تووشی هەڵەی زەق و گەورە دەبین و بۆنەو ئاهەنگ و فیستیڤاڵەكانمان بەقەد مانشێت و ڤۆڵدەر و پۆستەرەكانمان بچوك دەبنەوە، بۆ نموونە رۆژی جیهانی موزیك، رۆژی جیهانی شانۆ، رۆژی جیهانی جگەرە كێشان و دوا بۆنەش رۆژی جیهانی منداڵان بوو، لە پۆستەرو گشت دەزگا راگەیاندنەكان و بڵاوكراوەكانی دەزگا بەرپرسەكان ئەم یادانە وادەكەونە بەر چاو : رۆژی شانۆی جیهانی، رۆژی موزیكی جیهانی، رۆژی جگەرەكێشانی جیهانی، رۆژی (منداڵینی جیهان) ی, دەلالەت و چەمكی رۆژی موزیكی جیهانی تەنها ئەو موزیكانە دەگرێتەوە كە لە جیهاندا ناو ناوباگیان هەیە و رۆژەكانی تریش بەهەمان تێگەیشتن و بیر كردنەوە، بەڵێم كە دەڵێین رۆژی جیهانی شانۆ, واتا یاد كردنەوەی ئەم رۆژە لەلایەن گشت وڵاتانی دنیاو هەر یەكەو بەپێی دابونەریت و كلتوورو كەلەپوور تێڕوانینی خۆی بۆ مەسەلەی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری هونەری و كلتووری دوا هەواڵی جیهانیش كە ئێستا لە فیستیڤاڵەكانی ( كان و بەرلین ) بڵاوكراوەتەوە خەڵاتی چاكترین ( پۆستەر ) هاتۆتە نێومەیدانی خەڵاتەكان و مەرجی سەرەكی هونەریش دەبێ (پۆستەر)ەكە دەربڕی ناوەرۆكی فیلمەكە بەتەواوی بخاتەڕوو لە نووسین و سیناریۆ و دەرهێناندا !! كەواتا با بردنەوكانمان بەقەد بیركردنەوەكانمان گەروە بن و هەمیشە بیر لە ئێستێتیكای بابەتە هونەرەییەكانمان بكەینەوە لەگەڵ ئاوەدانی دەوروبەرمان, ئاوەدانی بیرو هزرو عەقڵە پێشكەوتوو خوازەكانمان لەیاد بێ .

ئەزموونی هاوبەش. .. .. ئەفراندنی خوڵقێنەر

چەمکی هونەری بابەتی خوڵقێنەر هەمیشە بەدوای ئەو کون و کەلەبەرانەدا وێڵەکە ئارەقەی تامەزرۆیی لێدەتکێ لەنێوان رەنگ و دەنگدا تاڵەموویەك هەیە، دەشێ وەکو ژێیەکی ئیلهام بەخش بژەنرێ، چونکە چێژی هونەری هەموو کات بریتییە لە (فراوانبوونی، بوونی ئێمە رووەو جیهانێکی تازە) وگرتنە باوەشی ئەو چێژەش پرۆسەیەکی عاسێ و دوورە دەستە, ئەگەر کۆمەڵێك بنەمای هونەری بۆ مەیسەر نەکرێ, موزیك لەنێو جەستەی هونەری شێوەکاریدا شادەماری بزوێنەری رۆح و هەست و نەستی رەنگە ساردەکانە پێش گەرمەکان، بەواتایەکی تر لە پێداویستی دروستبوونی چەمکێکی هونەری شێوەکاریدا موزیك دەبێتە رێخەری بنەما ئاوێتەییەکانی رەنگ و توانەوەی ئەو رەنگانەو خۆبەختکردنیان بۆ لەدایك بوونێکی نوێ کە هاڕمۆنییای ناوە. گەڕانەوە بۆ مێژوویەکی لەبەردەست بۆ سەرەتاکانی ئاوێتەبوونی موزیکی ( باڕۆكBarook ) لەگەڵ هونەری بیناسازی ئەو کات ئامانجێکی هونەری بەڵگەدارە کە ئەندازەیی تێکەڵبوونی ئەو دوو هونەرە دەخاتە بەرچاو، وەلێ دوور لە قاڵبدانی چەمکە هونەرییەکانی (موزیك و شێوەکاری) لەچاخی باڕۆکدا موزیك رەنگدانەوەی واقیعی ئەو هونەرەبووە کە لە خەیاڵی هونەرمەندی شێوەکاریدا دەکەوێتە سەر تابلۆیەکی هونەری، بنەما هاڕمۆنییەکانی دابەشکردنی زانستی موزیکی ( باخ و ڤیڤاڵدی و مۆنتڤردی ) لە هەردوو شێوازی بەرچاوی هاڕمۆنیایی

)کانوون و فۆجە ) ئاسانکارییەکی تەواوی بەخشییە تێگەیشتنی چەمکی هونەری لە داڕشتنی هونەری بیناسازی و ( وێناکرندا )و دابەشبوونی رەنگ بەسەر پانتایی تابلۆ جیاجیاکانی شێوازە هونەرییەکان لەهەموو سەردەم و چاخە هونەرییەکاندا رەنگدانەوەیەکی ئەو واقیعە و سروشتی ئەو فانتازیایە بوو کە عەقڵ دەرکی پێدەکردو ئیلهام جێبەجێی دەکرد. رووخسارە جیاجیاکانی و وێکچوونی هەردوو چەمکی هونەری ( موزیك و شێوەکاری ) بەڕای ئێمە لە ناوەڕۆکدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و تێك دەئاڵێن کاتێ (بابەت ) لەهەردوو هونەردا دەبێتە خاڵی دەستپێکردنی ناسینەوەی شێوازی تایبەت لەدانانی هاڕمۆنیای دەنگ و رەنگ !. لەبەکارنەبردنی رەنگ لە تابلۆیەکی هونەریدا وەك ئەو موزیکە وایە کە تەنیا تاکە میلۆدییەك ببێتە ناساندنی موزیککە یاخود گۆرانییەکە، ئێستێتیکای هونەری لەوجۆرە بابەتانەدا لە بنەچەدا ئایدیای سەرەکی داڕشتنی رەنگەکان دەبێ لە هونەری شێوەکاریدا، لەموزیك ئەو چەمکە دەبێتە هەڵێنجانی ریتم و رەزم( Tempo ) ی تازە بۆ خوڵقاندنی رەزمێکی نوێ کە رۆحی سەردەم لەبەرگی دوێنێدا ببەخشێ. هونەری هێڵکاری کە زیاتر ئەدگار دەخاتە باوەشی توێژینەوە لە موزیکدا رستەی موزیکیی( Fris ) ی بەرامبەرە، بەبیرکردنەوەیەکی جیا لەو تێگەیشتنە کاتێ هونەرمەندێکی شێوەکاری دەیەوێ لەهەندێ کۆت و زنجیری قوتابخانە هونەرییەکانی شێوەکاری رزگاری ببێ پەنا دەباتە بەر هەندێ هێڵ و شێوازی نوێ، رەنگ لەزۆر حاڵەتەکاندا چەمکێکی گەورە لەداهێنان دەخاتە سەر بیرکردنەوەی تایبەت لەمەڕ تێگەیشتنی فۆڕمە هونەرییەکان، ئەم حاڵەتە لە موزیکدا بەجۆرێك دەکەوێتە کۆشی ژیان کەتیایدا ئاوازێکی کورتی ( 4 ) باڕی موزیکیی لە ( ئیقاع ) و ( رەزم )ی ئاوێتەکراوی دابڕێ و بەشێوەی Adlib ) ) بژەنرێ، واتا تەنیا ئەو ( ئیقاع )ە بمێنێ کە وشەکان لەڕووی چەمکی ئەدەبییەوە بەیەکتری حاڵی دەکا. مانەوەی هەر پانتاییەك لە تابلۆیەکی هونەریدا مانای ئەوە نییە ئەم پانتاییە کەوتۆتە دەرەوەی چوارچێوەی بیرکردنەوەی هونەرمەند، لەموزیکش بەهەمان شێوەو مەبەست بە بەکارنەهێنانی هەندێ ئامێری موزیك، یان گۆرانییەك هەرگیز مانای ئەوە نییە کە چەمکی هونەری میلۆدییەکە ( رۆح ومۆرك و ئادا )، گشتی ئەو موزیکە نەبەخشێ کە لە گۆشەنیگایەکی تردا ئایدیای بنەڕەتی پێکهاتەی تابلۆیەکی هونەری لە عەقڵی هونەرمەنددا دەگیرسێتەوە، کەچی بەچەمکی جیاجیا لەلای بینەرو تەماشاکارو چێژە وەرگر شیدەکرێتەوە، بەهەمان شێوە بەڵام دوور لە مەبەستی ناهونەری، موزیکێك کە لە( 7 ) دەنگ تێپەڕ ناکات لای ئاوازدانەر حاڵەتێکی زۆر کاریگەرە لەڕووی ئەو رستە موزیکییە نوێیانەی کە تیایەتی, کەچی گوێگرو خەڵکی تامەزرۆ بەپاشماوەی ئەو دەنگانەی کە لەخەیاڵ و هزریان ماون، ماهیەتی موزیکەکە دەبەنەوە سەر ئەو ئاوازانەی کە بەڕای ئەوان سواوون، لێرەداو لەم خاڵە گرنگە کە هەندێ رواڵەت ئاشکرا دەبن کەتا چ رادەیەك ئاوێتەبوونی هونەری دوو هونەر دەتوانێ لەخزمەت عەقڵێکی تازە و هۆشێکی کۆن تێبشکێنێ. شێوازە جیاجیاکانی هونەری شێوەکاری بەگشتی لە واقیعییەت و تەعبیری و ئێکسپرشیزم و سوریالی و شێوازەکانی تردا هەمیشە لەڕووی ئاوێتەبوونیان لەگەڵ هونەری موزیك لە چاخ و سەدەکانیدا(باڕۆك و کلاسیك و رۆمانتیك و و چەرخی نوێ) دابڕوانە بوونە لەیەکتری، تابلۆیەکانی چاخی هەڤدەم شێوازی ( poliphony ) هاڕمۆنیای موزیکیان بەخۆوە گرتبوو, لەهونەری بیناسازیدا لەچەرخی باڕۆك هەمیشە شێوازی هاڕمۆنی canoon ) (بەرجەستەی ئەو حاڵەتە هونەرییە گەورانەی دەکرد کە لەهونەری تەجریدداماناو چەمکە هونەرییەکان لەناو یەکتریدا چڕدەکردەوەو ( ئیقاع )ی ناوەوەو دەرەوەی چوارچێوەی تێگەشتنی زرمەکان لە زمانی موزیکدا ئەو حاڵەتە راڤە دەکات, رەوشتی کارە هونەرییەکان لە هەردوو هونەردا هەندێجار بێ بەزەییانە دەکەونە بەر قەڵەمی رەخنەگری دوور لە خەیاڵ و نزیك لە ( واقیع )ی نا هونەری لەیەکتر جیاکردنەوەی بەشەکانی ئەو دوو هونەرە کارێکی ناهەوارو نابەجێیە کاتێ کە دەمانەوێ شێواز و شێوەو بنەما لە یەکترچووەکانی ئەم دوو هونەرە دیاری بکەین و بەشەکانی هونەری موزیك لە (

سەما و بالێ و ئۆپێراو ئۆراتریۆ و گۆرانی و موزیکی رووتەڵەکان ) لەیەکتر جیا دەکەینەوەو هەر یەکەیان بە یەکەیەکی سەربەرخۆ سەیر دەکرێن .
زۆربەی بەها هونەرییەکانی ئەم هونەرە دەکەونە خانەکانی دواوەی بیرکردنەوە و تێگەشتنی راستەوخۆی هونەرمەند وەك حاڵەتی یەکەم و چێژ وەرگریش وەك حاڵەتی کاردانەوە، لە هونەری شێوەکاریشدا کاتێ کە ( رەسم و پەیکەرتاشی و سیرامیك و گرافیك ) و بابەتەکانی تری هونەری لەیەکتر دادەبرێنین, هەموو ئەو چەمکە هونەریانە لەنێو یەکتریدا گوم دەبن و خۆ خواردنەوەی رەنگەکان لە نێو بازنەی هەریەك لەو بەشانەدا دەبنە مایەی لەیەك ترازانی رۆح و جەستەیی هونەرەکە، لە کاتی دیاریکردنی ئاوێتەبوونی رەنگ و دەنگ لە نێو هونەرێکی ئاوێتەکراودا, چەمکێکی تازە سەرهەڵدەدا کە هەڵگری بنەمای فەلسەفی و بونیادگەرییە ، ئەم حاڵەتەش هەرگیز دابڕاو نییە لە هزرو خەیاڵی هونەرمەندی بەسەلیقە، چونکە زۆر لە کارە هونەرییەکانی هونەری شێوەکاری کاتێ کە تەجرید دەکرێن لە بەها هونەرییەکانی ( هارمۆنیایی موزیك و دەنگ ) وەك هونەرێك دەمێنێتەوە کە خاوەن پاڵپشتێکی فیکری ، هونەری ئەکادمییایی نەبێ ، کەواتا هەموو حاڵەتەکانی داهێنانی ئان و سات و یاخود درێژخایەن دەبێ لە خودی هونەرمەند بگاتە (دەنگ و رەنگ) نەك حاڵەتەکان بەپێچەوانەی ئیرادەی هونەری هونەرمەند بن و واقیع یان حاڵەتی دەرەکی ئەو تەوژمە قورسە بەسەر هونەرمەنددا بسەپێنێ. نەبوونی پەیوەندییەکی هونەری چەمك ئامێز لە نێوان موزیکی کوردی و هونەری شێوەکاری کوردی بەرای ئێمە دەگەرێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی و لەم حاڵەت و کات و ئان و ساتانەشدا مەحاڵە بەم زووانە ئەو ئاوێتەو تێکەڵ و هارمۆنیایە دروست ببێ ئەمیش لەبەر:

-1موزیکی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە وەك قوتابخانەیەك چ لەرووی پێکهاتەی ئامێری موزیك و بنەمای موزیکی رووتەڵەك بێتە ئاراوە, قۆناغی هونەری ئەو موزیکەش تا ئێستا نەك دیار نییە, بەڵکو شتێك نەبووە ببێتە مایەی لێکۆڵینەوە لەو موزیکە دنیاییانەی کە ( وجود ) یان نییە!!

-2یەکتر نەخوێندنەوەی هونەرمەندانی هەردوو بواری شێوەکاری و موزیکی کوردی لەهەموو بوارەکانی (ژیانی هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ) واقیعێکی تاڵی بەسەر بیرکردنەوەمان سەپاندووە کە مەحاڵە بەم زووانە لێی رزگاربببین. هونەرمەندی شێوەکاری کورد هەرچەندە کۆمەڵێك شێوەکاری کورد کۆمەڵێ چەمك و شێوازی جیاجیای قۆناغەکانی پێشکەوتنی هونەری شێوەکاری لەبەر دەستە، بەڵام تا ئێستا هەموو بیرکردنەوەکان لە چوارچێوەی ئەو بابەتانە دەسورێتەوە کە لەگەڵ هەندێ دەستکاری سەقەتی شێوازە هونەرییەکانی جیهانی کە هیچ خزمەتێکی هونەری بەبواری بیرکردنەوەی هونەرمەند بەتایبەتی و تێگەیشتنی خەڵکیش بەگشتی ناگەیەنێ، ئەم حاڵەتە لەنێو موزیکژەن و ئاوازەدانەرانی بواری خولّقاندنی حاڵەتی تازە لە موزیکی کوردیدا زێتر کاریگەری نێگەتیڤانەی بەسەر بیرکردنەوەو چێژی هونەریماندا هەیە، چونکە موزیك یەکسەر لەگەڵ عەقڵدا مامەڵە دەکات و هەرلادانێك لە رەوشتی هونەرییانەی ئەو تەوەرە بەمردنێك کۆتایی دێت, خاوەنی هونەری لەدوایدا بەمیرات بەجێ بمێنێ، وەك کە ئێستا لەبەر چاومانە لەدەنگە رەسەنەکانی دوێنێی نزیك نەمانتوانی بنەمای موزیکێکی کوردی دروستبکەین لەشێوازە جیاجیاکانی هونەری شێوەکاری دەسەڵات بەسەر ئەو بابەتە هونەریانەش نەشکا کە رەنگی کوردی ببێتە هێمای ناسینەوەی شێوازی تایبەتی هونەری شێوەکاری کوردی، لەهەموو ئەو برینانەش قوڵتر ئەوەیە کە تائێستا هیچ لەو دەستنووس و ئەو پەیوەندی و لێکۆڵینەوانەمان نەکردۆتە خاڵی سەرەتا بۆ لەدایکبوونێکی شەرعی بۆ بەیەك بەستنەوەی چەمکە هونەرییەکانمان وەك لە( چیرۆك و رۆمان و شیعر و شانۆ و شێوەکاری و سینەماو موزیك )دا هەیە .

لەڕواندوز فێرکرام رێز لە سروشت بگرم و

خۆشترین ئاوازیش بەدەنگی خۆم بووە ..
کەباس لە موزیکی هاوچەرخی کوردی دەکرێت، ناوی ئامانج غازی لەنێو ئەو ناوە پڕ شەوقانەیە کە شوێنێکی دیاری لە گۆڕەپانی موزیکی کوردیدا گرتۆتەوە .
)ئامانج غازی ) ئەمڕۆکە بێجگە لەوەی موزیسیەنە، لەهەمان کاتدا مامۆستایەکی موزیکییەو نەوەیەك بۆ موزیك و پاشەڕۆژی موزیك پێ دەگەیەنێ ..

لاپەڕەی هونەری برایەتی، دەرگای گفتوگۆیەکی خستە سەرپشت لەگەڵ ئامانج غازی، لەچوونە ناو دنیای موزیکی کوردیدا گەلێ مەسەلە باسی لێوە.. لەپێشدا لێمان پرسی:

*لەو تەنگژەیەی هونەری کوردی تێی کەوتووە.. ئاستی هونەریی موزیکی کوردی چۆن دەبینێ؟
-پێموانییە تەنگژەیەك هەبێ بەنێوی ( تەنگژەی هونەری ), راستتر وایە بڵێین ئەو ئاستەنگانە چین کە بوونەتە بەربەست بەرامبەر پێشکەوتنی هزری کوردی بەگشتی و موزیکش بەتایبەتی، وتەیەك هەیە دەڵێ: (مرۆڤ چ سوودێ وەردەگرێ گەر دنیای بردەوەو خۆی دۆڕاند), باهەمووومان لەئاست موزیکی جیهانی و ژەندنی ئەو موزیکە بەرزە قوتابی ( بتهۆڤن و مۆزارت و باخ ) بین، ئەو هەموو هەولێنە سوودی نابێ گەر بنەمایەك لەسەر ئەو ئاست و زانستەی موزیکی جیهانی بۆ موزیکی کوردی دانەڕێژرێ، هەوڵەکان هیچیان لەو بازنە دانەخراوە نەپەڕیونەتەوە کە موزیکی سالێنی بیست و ماوەی سالێنی ( سی و چل )ی ئەم سەدەیە تێیدا گلی دەخواردەوە، رەشبینم بەوەی کە تائێستا موزیکی کوردی ئەو قۆناغ و رێبازانەی نەبڕیوە کە هونەرە جوانەکانی تر ( شانۆ و شێوەکاری ) لە نێویدا مەلە دەکەن، رەشبینم بەوەی هونەرمەندە رەسەنەکان کۆچی ئەبەدییان کرد و نەمانتوانی نۆتەیەك لەدەنگ و سەدایان بنووسینەوەو مۆرك و ( ئادا )ی کوردیشان لەگەڵا خۆدا پێچایەوەو تێکەڵی حەسرەت و ناڵەی دەروونە پاکەکانیان کرد، رەشبینم بەوەی کە تائێستا وەکو چاوشێك سەیر دەکرێم، دڵتەنگم بەوەی کە ولێتەکەم بە گوێگرتن لە موزیککەشی ناناسرێتەوەو لە نێو تەپ و تۆزی خیانەتی هونەریدا باڵەفڕکێمانەو بە پێخوایش کەوتووینەتە سەر بەهەشت و گەنجینەی کەلەپووری کوردی، بەستەزمانین بەوەی ناتوانین لە دەرگاکانی ژیان بدەین و داوای هونەری رەسەن بکەین؟ هەندێجار لەگەڵا خۆما باسی ئەو رۆژانە دەکەم کە هیواکانمان لەبەر کازیوەی داهێناندا خەریکی شانەکردنی قژ و زوڵفی لوولی سیما ونبووەکان بوو, زۆرجار ئەو پاشەکشێ هونەرییە دەمباتەوە ئەو حاڵەتانەی کە موزیك تاسەر ئێسقان لەگەڵا ویژدان و فیکر دەدووا، بەڵێم مخابن کەس لێی حاڵی نەدەبوو, من ئێستا بە ویژدانەوە هاوار دەکەم و دەست لەسەر ئەو برینانەش دادەنێم کە پێموانییە بەو نزیکانە سارێژ ببن کە قوتابخانەیەکی گۆرانی کوردی هەیە لێگەڕێن با ئەو قوتابخانەیە گەرچی بەڕێوەبەر و مامۆستای نەماوە، بەڵێم با دەرگاکانی هەر کراوەبن. باموزیکی کوردی بەکڕنووشەوە لەو دەرگایە بدات کە زەمانێکە (حەسەن زیرەکی بێ نازو خاڵە تایەری یاخی و مامەسێوە)ی لێوە چونەتە ژوورەوە, با موزیکی کوردی تەنیا باگراوندێکی ئەو هەست و سۆزە ناسکە بێت کە لە قوڕگییەوە یەکێك لەوانەی باسمان کردن دەردەچوو.. گەر دەتانەوێ لەو گێژاوە رزگارتان ببێت, وەرن ژووره تاریکەکانی رۆحی مۆرکی نەتەوایەتی رووناك بکەنەوە، گەر دەتانەوێ بە موزیك شۆڕشێك بڕووخێنن و بناغەیەکی تر لێبدەن, وەرن با لەو پردە بپەڕینەوە کە لەودیوی دا باخچەیەك لە نۆتەی رەسەن و رەزێك ئامێری کوردی بە بەرەوەیە .

*لە رواندز فێری موزیك بووی، لەموسلاً پێگەیشتی، دەتەوێ لەکوێ خزمەت بکەی؟
-لە رواندز فێری ئەوە بووم کە پاش نۆ مانگ دەبێ لەدایك ببم، لە رواندز فێری ئەوە بووم کە پێش هەموو هەنگاوێکی چوست کەوتنێك هەیە و هەندێجار ملت دەشکێنێ، لە رواندز هەمووکات لەخۆم دەپرسی بۆ ئێرە رواندزە؟ دەبێ لە دەرەوەی رواندز ژیان هەبێ، لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی کاتێ لە ئێران گەڕاینەوە بیرم دێ یاریمان بە(لوغم و مین) دەکرد، بەڵێم سەیر لەوەدابوو (مین)ەکان نەدەتەقینەوە، بەمناڵی فشەم بە هەموو شت دەهات تەنیا خۆشم .
زۆر بەناز لەماڵەوە گەورەکرام, کەچی تا ئەو ساتەی ئەم چاوپێکەوتنە(زەڕیبەی) ئەو بەنازیەم دەدەم کە لەخەڵکی ئاسایی جیاواز بوومەوە، لەخەڵکی گەورەتر و مەزنتر نەبووم، تەنیا جیاواز بوومە و کەوتمە کۆشی ژیانێکی سەخت، هەستم

دەكرد كە گوێم لە موزیكی ئەو منالێنە دەگرت كە پێش من لەو خولە موزیكییە بوون كە هونەرمەندی پایە بەرز و لەخۆبردوو مامۆستا ( زرار محەمەد مستەفا ) كردبوویەوە كە ئەوان لەمن مەزنترن, ئەوان ئەو سەربەستییەیان هەبوو كە ئامێرێكی موزیك لە باوەش بگرن، منی بێ دەسەڵێت ئەم سەربەستییەم لە گیرفانی باوكمدا بوو، دیسان لە رواندز فێری ئەوە بووم كە ئامێری (عود) لە زۆر ئەو شتانەی كە زۆر پێویستن بۆیە بەردەوام بوونم لە ژیان پێویست ترە، فێری ئەوە بووم كە چیتر لە دەرگای ماڵێن نەدەم بۆ هێنانەوەی تۆپی پێی لاستیك، لە رواندز فێركرام كە رێز لە سروشت بگرم، لە رواندز ئەوەندە سەرقاڵ بووم ماوەی ئەوەم نەبوو بەیانیان چاوەنواڕی قەرەج و رەوەندەكان بكەم كە بەبەردەم ماڵەكاندا گوزەرانیان دەكرد بۆ ئەو شوێنەی كە ئێستاشی لەگەڵدا بێ چوون و نەگەڕانەوە، لە رواندز هەموو شتەكان پاك بوون تەنیا ئێمە نەبێ، بەڵێ ئێمەی مرۆڤ هەردەم بەدوای ئەو گرفتانە دەگەڕاین كە دەمێك بوو خەرەند و گەری بێرۆ چاویان لێ پۆشی بوو، هەردەم بەدوای فیتنەو دووزمانیی و ئاژاوەی مێژوو دەگەڕاین، لێنەگەڕاین رۆژێك ( مامۆستا زرار ) بە هێمنی چاوە ماندووەكانی لێك بنێ و پڕ بەدڵ ئۆخەی حەسانەوەیەك بداتەوە، تاوانێكی گەورەمان كرد و نەمان هێشت ژیانێكی ئاسوودە پێكەوە بنێ و بەدەنگی موزیكی ( بابە ) یادی رابردوویەكی پڕ لە خەبات و پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی بكاتەوە, لە رواندز فێری ئەوە بووم كە زۆر دلوڤانانە بڕوانمە دایك و باوكم، ئەوان دەیانویست وەكو خۆیان بم، وەلێ من دەمویست ( ئامانج )بم, هەموو روژێ شەڕمان بوو, دەنگمان دەگەیشتە بەردەركی ( سەرا )ی رواندز, كەچی پەشیمان نیم لەوەی كە دەمكرد، چونكە دەمزانی سروشت زۆر لەمن دڵڕەقترە!

هەموو هەوڵەكانی فێربوونم بۆ ئەوە بوو كە زووتر پێبگەم و دوورتر بم لە ژیانی پڕ بەرائەتی منالی، ئەم حاڵەتە وای لێكردم بەدوای كتێب و رۆژنامەو وتە بەنرخەكانی باپیرم خوالێخۆشبوو ( ساڵحی حاجی نەورۆز ) بكەوم و هەمووجار بیرم دێ كە باپیرەم پێی دەوتم: ( ئامۆ ) ( باوكیشت لێت بدا لە كۆتایی هەرتۆ شەڕەكە دەبەیتەوە ), نەمدەزانی كۆتاییەكە كەیە، بەڵێم قەناعەتم بە قسەكانی دەهات، دواشت كە لە رواندز فێری بووم ئەوە بوو كە دەبێ بەدوای شتێكا بگەڕێم كە نە لە قولایی خەرەند و نە لە بەرزی هەندرێن دەست ناكەوێ، دەمویست لە شەقامەكاندا پەلی ئەو كەسانە بگرم كە شت دەزانن و پێم ناڵێن، لە موسڵ تەنها فێری ئەوە بووم كە دەبێ هەموو دەم رێز لە رواندز بنێم، وەڵڵا سەد حەیف و مخابن ئێستاكە دەمەوێ پاداشتی ئەو شارە ماندووە بدەمەوە، كەسێك نییە گوێ بۆ پاڕانەوەكانم شل بكات. بەهەموو كەسێك دەڵێم پیر بێ یاخود گەنج، ژن بێ یاخود منالأ گەورە بێ یا بچووك .

هەموو شتێكم بۆ ئێوە تەنها یەك رۆژی منالێم بدەنەوە .

*لەیادی بیست ساڵەی دامەزراندنی تیپی پاشای گەورە.. تۆ دەڵێی چی؟

-ئێستا تەمەنم لە بەرەبەیانی سییەكاندایە, ( بیست ساڵە ) خەریكی كێڵێنی ئەو زەویەم كەتا ئەو ساتەشی لەگەڵدا بێ بەرەكەیم نەخواردووە، ئەمسالأ دەمەوێ پەردە لەسەر ئەو پەیكەرە رزیوانە لابدەم كە سالێنێكە رەنجی ماندووبوون بەبادەدەن, دەمەوێ لە شارێكی بچووكدا خەمێكی گەورە بخنكێم, مەبەستمە ئەو تیپە هەیبەتی جارانی بۆ بگەڕێتەوە، خوازیارم ئەندامانی ئەو تیپە بەقەدەر رێزلێنانی خەڵك بۆیان ئەوان رێز لەیەكتری بنێن، هەموو ئاواتێكم لەوەدا دەبینم كە بەڕووحیەتی پێش راپەڕین كار بكەینەوەو ئەو بەرهەمانەش لەئامێز بگرین كە لەنێو كۆش و ئاگردانی كلتووری كوردی هەناسەیان داوە. خۆزگە زۆرن، بەڵام ئەفسوس گوێگرتن ئەوەندە بەزەحمەت بووە كە دەبێ بەتكاو نزاو پاڕانەوە لە بازاڕی رەشەوە بەدەستی بێنی.. دەبێ ئەمساڵ روحیەتێكی تازەگەری و نوێخوازی بگاتە جەستەی ئاوازە رەسەنەكان و بەرگی نوێكاریش بخرێتەوە بەرجەستە رووتەكانی مێژوو.. لەخەونێكی وەنەوشەیدا كەوتبوومە گیانی ئاوازە مردارەكان و بەدەست و پەنجەكانم و گیانم لەو ئامێرانە بڕیبوو كە سالێنێكە دەستیان لە خەندەی ئاوازە رەسەنەكان گیركردووە. ئەمسالأ كۆمەڵێك مرۆڤی هەست ناسك و لەخۆبردوو پێیان لەسەر ئەوە داگرت كە دەبێ ئەو تیپە بێنازە بكەوێتەوە گەڕ.. هەر هەموویان مرۆڤی پاك و ناز هەڵگری ئەو تیپەبوون .

كاك ( فرەنسۆ هەریری ) دەست پێشخەری كرد و زۆر بەجورئەتەوە ئەركی سازدانی كەرنەڤاڵی دروست بوونەوەی لە ئەستۆ گرت، جێگای رێز و شانازی گشت لایەكە .

*ئامانج غازی زۆر ئامێر دەژەنێ، كامەیانت لە هەموویان زیاتر خۆش دەوێ.. بۆچی؟

-ژەنینی ئامێرێك یاخود دوان ئەگەر( سیان )یش بێت ئەوەندە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی بتوانێ روحیەت و چێژی دەروونی ببەخشێتە خەڵك، كەفێری ئامێری ( عود ) بووم هەستم دەكرد بوومەتە دوو ئینسان, یەكەمیان مرۆڤێك دەیەوێت وەكو خەڵك بژیت, ئەوی تریان دەیەوێ خەڵك وەكو ئەو بژین، لە حەژمەتی ئەوەی كە كەس لە تیپی پاشای گەورە نەی دەوێرا ( چەلۆ ) بژەنێ لەبەر لۆمەو تیرو توانجی خەڵك, ئەو ئامێرەم لە كۆڵ گرت و لە رواندزەوە بەبووكم برد تا موسلأ و لەوێ گواستمەوەو بووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەكتری, لەگەڵ گیتار و جومبوش و سازیش ماوەیەك هەڤالأ و دۆست بووین، بەڵێم ئەوان رقیان لەمن بوو, ناچار گەڕامەوە سەر یەكەمین دۆست و رەفیق ( عود )ە بێ هاوتاكەم

پاش ئەوەی لەگەلأ ئامێری ( چەلۆ ) وەکو خوشك و برامان لێهات .

*گەر ئامانج موزیكژەن نەبوایە.. چی دەكرد؟
-دەمكرد بەیەك هەڵێو فیتنە, مەگەر بە مردن لەكۆڵتان ببومایەوە، منێك كە لەو ژیانە تەنها ئەو پیشە بێ دەرامەتەم هەڵبژارد و بێ و ئەویشم لەچنگ دەربهێنن!!؟ لەو شتانەدا ئەنانیەتم تا حەدی ئێسقان بەكاردەهێناو خۆم لەگشت بابەتەكانی تردا هەڵدەقورتاندو دەبووم بە مووی ناو هەموو ماستێك، بەڵێم بوەستن بۆ بەتەنها یەخەی منتان گرتووە؟ من بەبێ موزیك دەبمە ئەو مرۆڤەی كە هەموو رۆژێك بەبەختەوەری سەیری دەرووبەری خۆی دەكات و تەنها خەمی یەك شتی هەیە ئەویش گوێی كاس بووەو نایەوێ چیتر لە موزیك ببیستێ، بەڵێم لەگەلأ ئەمەشدا حەزم دەكرد زمانێكی زیندووی جیهانیم بزانیایە بۆ ئەوەی هەستم كردبا كە منیش هەم واتا لەنێو ئەو هەموو شەڕە بێ رەحمانەدا بمزانیبا زمانی ئیقاع كردن بزانم، بێ ئەوەی هیچ وەسیلەیەكیشم لەبەردەست بێ، گەر موزیكژەن نەبوومایە ئێستا خەریكی ئەو پردە هونەریە دەبووم بۆ ئەوەی جیلی نوێی بەسەریدا بپەڕیبایەوە ئەودیوی پڕ ئەمان و سەراحەت، ئەگەر ئەمەیشم لەدەست بهاتبایە خۆم دەكردە قوربانی شتە جوانەكان و هەرگیز وازم لە ئیدمانی ئەو سەرابە نەدەهێنا كە هەموو رۆژێ گیانم لەت لەت دەكات .

*چی بكەین بۆ ئەوەی تیپێكی یەكگرتووی چاكی موزیكمان هەبێ؟
-پێم باشە دوو شتی زۆر گرنگ بكەین .
یەكەمیان: ژمارەی گشت هونەرمەندانی هەردوو رێكخراوی هونەری لە ( 3874 ) هونەرمەند بكەین بە (74) هونەرمەند .
دووەمیان: وا لە هونەرمەندان بگەیەنین كە ئەوان لە هەموو چین و توێژێك دەوڵەمەندترن!!

*خۆشەویستترین ئاوازت كامەیە.. كێ دەیڵێ؟
-ئاوازم هەیە تەنها بۆ خۆمە، ئاوازی ترم هەیە بۆ ئەو.. یەك دوو ئاوازی ترم هەیە بۆ ئەوان، كۆمەڵێكی ترم هەیە بۆ هەمووان.. ئەوانی تریشم داوەتە گشت خەڵك.. , كەواتا دەبێ هەموویان دڵگیربن، بەڵێم كێ دەیڵێ ئەمە رووپتری مەسەلەكەیە، بڕوا بكە خۆشەویستترین ئاواز كە گوترا بێ بەدەنگی خۆمەوە بووە، بەڵێم كەس گوێی لێ نەبووە, ئەو ئاواتەی ئاوازدانەر دەیبەخشێتە ئاوازی خۆی بڕوابكە هیچ گۆرانیبێژێ ناتوانێ ئاوا تێبگا.. هەموو گۆرانیبێژەكان خائینن بەرامبەر ئەو شتەی كە لێیان داوا دەكرێ بیڵێن.. هەندێ گۆرانیبێژ لەسەر شانی من دەیانڕوانییە باخچەی ستران و ئاواز، ئێستا ئەوان لەنێو گوڵزاری باخ و باڕەكانی هەندەران خۆیان دەجوونەوە, ئێمەش لێرەدا دەنگی نوێ و بەهرەی نوێ رەوانەی تاقیگەی هونەریی دەكەین و زۆریش لەوان دڵخۆشترین، چونكە هەست دەكەین لێرە ژیان موستەحەقی ئەوەیە كە مرۆڤ لە پێناویا نەمرێت .!!

شاكاری موزیك لە بونیادی شانۆدا
ئەو پەیوەندییە ئەزەلییەی نێوان هونەرە جوانەكان، بۆتە هۆی دروستبوونی بۆتەیەكی هونەری زیندوو كە عەقڵیەت و هەستی شانۆكار و موزیكژەن و بینەر زۆر بە وریایی دەركی پێدەكات، كاتێك خوازیارین كە كارێكی شانۆیی بخەینە باوەشی بەراووردكارییەكی زانستی لەگەلأ یەكێك لە هونەرە زیندووەكان, یاخود راستتر بڵێین لەگەلأ هونەری موزیك و شێوەكاریدا، ئەوا دەبێ رەچاوی كۆمەڵێك بنەمای هونەری زانستی بكەین لە روانگەی ئەوەی كە بابەتە هونەرییەكە دەبێ شیكردنەوەیەكی گشتی لەڕووی پەرەگراف و دیالۆگ و زمانی هونەری و بنەما هونەرییەكان بەخۆوە بگرێ، گەر بە باگراوندێكی خێرا سەیری مێژوویەكی دوور بكەین هەست دەكەین كە دراما و موزیكی بابەت ئامێز وەك دووهێڵی شەمەندەفەر بارگەو كەلوپەلی شاكارێكی گەورەی هونەریان لەكۆڵ ناوەو رووەودوورگەی ئەمان و وێستگەی حەسانەوەیان بردووە، هەر لە كارەكانی چاخی رێنسانسەوە بگرە و لە كارەكانی موزیكی ئایینی و زەنگۆڵەكانی كڵێساكانیشدا سرووتە گریگۆرییەكان و گۆرانییە ئەبەدییەكان هەمیشە بەدوای ئەو هەقیقەتە لێڵەدا وێلأ بوون كە بڕوایان بە بوونی هەبووە، بەڵێم ئەفسوس لەو كاتەدا نەدەكرا بەیەكەوە گرێ بدرێن، چونكە زمانی راستەقینەی هونەری موزیك زیاتر لە دیالۆگێكی هەمیشەیی دابوو لەگەلأ رۆح و گیان و جەستە ماندووەكانی مرۆڤە سەرشێتەكان، كۆڕاڵە جیاجیاكانی چەرخی باڕۆك و رۆمانتیك و ئۆپێرا خەم ئامێزەكان و كۆمیدیا هەڵگرەكانیش رووی دووەمی ئەو حەقیقەتەن كە بەرجەستەكردنی كارێكی جوڵە ئامێزەو هەرگیز لە باوەشی موزیكێكی تراژیدی جیانەدەبووەوەو هەمیشە هۆگری ئەو دەنگە بەسۆزانە بوون كە لە گیانی شانۆكارەكان دەردەچوو، ئینجا دەگەیشتە جەستەی ژەنیارەكان و لەوێوەش بەرەو پانتایی شاكارێكی هونەری گەورەی هەنگاو دەبەست و دواجار لەبەردەم گوێچكە و دیدەی بیسەروبینەردا دەبووە

بەرهەمێك كە گیانی سەر لەبەری مرۆڤایەتی دەهەژاند لە هونەری موزیكدا.. ئەوەی دڵ مەرامیەتی و پەنجە خواستییەتی لەبەردەم عەقڵێكی كاملاً بووی شانۆكارێكدا دەبێتە هەڵوەستەیەك و دەبێ ئەو دووئایدا گەورەیە لە ئاكامدا لەیەك بئاڵێن و ئاوێتەیەكی هارمۆنیایی بیانگرێتە ئامێز.. ئەگەر گۆرانی كوردی هەر لەیەكەمین پەلامار بۆ سەر كوردستان وەك چەكێكی بەرگری بەرامبەر دوژمن لە خزمەت بایە, ئەوا بێگومان جووڵەو رێكخستنی خەڵك و جەماوەر وەك تێروانینێكی هونەرییانە بۆ خۆی پانتاییەكی گەورەی لەسەر جوگرافیای جیهانی شانۆدا داگیركردووە، كەواتا بە نەتەوەیی كردنی ئەم حاڵەتە بۆ یەكێك لە میللەتە هەرە زیندووەكانی ( میزۆپۆتامیا ) كارێكی پڕ شەرەفی هونەرییە، چونكە ئەو خاسیەتەی ئەمڕۆ باسی لێوە دەكەین ( سۆزی نۆتەی كوردی و دەقی شانۆیی خۆماڵی ) ئامانجێكن تا ئێستا دەستی تامەزرۆ و رۆحی شەكەتی هونەرمەندانی كوردی نەگەیشتووەتێ, سەد حەیف و مخابن تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ كراسێكی هەمەڕەنگی رەسەنایەتی نەكرایە بەر جەستەی رووتی كارە هونەرییەكانمان، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە هەمیشە لەنێو تەپ و تۆزی كارە سەرپێییەكان پەلە قاژێیەتی و نەكراوە رۆژێك دەرهێنەرێكی ویژدان زیندوو لەگەڵا موزیكژەنێكی پەنجە ماندوو باس لەو بەرهەمە بكەن كە لە عەقڵی پەنگ خواردوویانی مێروولە دەكات و هەریەكەیان بەرەو ئەو جیهانە پەلەیەتی كەنازانێ كۆتاییەكەی هەر دەگاتەوە ئەو سەرچاوەیەی كەبەیەكەوە یەكەم هەنگاوی بەرەو رەسەنایەتیان كردە دەست پێك .

تەسلیم بە هونەر بن

كارە داهێنەرەكان هەردەم لە كازیوەی تەمەنی مرۆڤی سەرقاڵاً بە داهینان و ئینجا دەكەوێتەبەر رۆشنایی پەنجەو دەست و مەچەك و ئامێرەكانی موزیك.. ئەوەی هەنووكە مەبەستمانە خۆی لە چوار چێوەی بێ سنوور دەبینێتەوە كە موزیك و گۆرانی كوردی تێیدا پەلەقاژێیەتی .

تەسلیم بوون لە حاڵەتی بێ دەسەڵێتی هونەری خزمەتێكی تری رووی مەسەلەكەیە، چونكە هەر كارێكی سەقەت و خوار و خێچ پێویستی بەدەیان رۆژ و سەدان شەونخونی هەیە تادێتە سەر هێڵی تەریبی داهێنان و نوێ بوونەوە، لێرەدا رووی پرسیار هەردەم ئاراستەی ئەو گۆرانیبێژانە دەبێت كە پشتیان لە رەسەنایەتی كردووەو نەیانویستووە لەو كاروانە كیسەڵاً ئاسایە بمێننەوە كە بواری گۆرانی و دەنگە رەسەنەكان بە ئەسپایی رووەو ئاسۆیەكی هونەری ئامێز هەنگاو دەنێن..

جوینەوەو جێ گرتنەوەی هەندێ ئامێری رەزا قورسی تەكنەلۆژیا، هەرگیز ناتوانێت ئەو رۆحیەتە هونەرییە رەسەنە بداتە بەر رۆژگار و مێژوو، چونكە وەك ئاشكرایە ئامێرە ژێدارەكان كە پەنجە تیایدا جلەوی هونەری دەگرێتە دەست، كانیاوی پڕ موعانات و ئازار و ئەشكەنجەی ئاوازدانەر یاخود گۆرانیبێژ رووەو ئەو جۆگەلەیە هەڵدەبەستێ كە سەری پەنجەكانی دەیبەخشنە ئامێرەكانی موزیك, كەواتا لێرەدا مرۆڤ و ئینسانی هونەرمەند سەر پشكی گشت ئەو مەسەلانەیە كە ئەمڕۆ مشتومڕی هونەری لەسەردا دەكرێت كە گوایە قەیرانی ئاواز و گۆرانی كوردی هۆكارە گرنگەكەی بۆ ئەو بارە ناهەموارە دەگەڕێتەوە كە كوردستانی ئازیز پێیدا گوزەری كرووە .

داهێنان لای هونەرمەندەكانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم كەوتە بەر چەكوشی خۆخواردنەوەو خۆ جوینەوە, هەڵبەتە هەر كارێكیش مێژوو لێی نەپرسێتەوە, ئەوا بەر لەعنەتی رۆژگار دەكەوێت و دەچێتە خانەی ئەو بابەتانەی كە تاوانبار دەكرێن بەوەی ( كات ) یان لە مرۆڤی كورد گرتووەو ماوەیەكی زۆریش خەڵك پێیەوە خەریك بوون بێ ئەوەی هەست بەو موعادەلە پڕ ژان و قورسە بكەن كە ( كات ) گرنگترین هۆكار بووە كە ئێمەی هونەرمەند ئاسا نەمانتوانیوە دەستەمۆی بكەین و قۆناغەكانی تەمەنیشیان لە ناو ئەو (زەمەن)ە پڕ گێژاوەدا بەرەو هەڵدێری ژیان رۆیشتووە, كەواتا تەسلیم بوون بە هونەر كارێكی پڕ جورئەت و رێگا خۆش كردنیشە بۆ ئەو حاڵەتە هونەرییانەی كەوا هەن و بوون و وجودیان كەوتۆتە ژێر ئەو تەپ و تۆزەی كە كارە سەر پێیەكان تیایدا سەرچۆپی كێشن، تەسلیم بوون بەو واقیعەی كە ئێستا لە سەرچاوە كارێكی تری هونەری نوێ دێنێتە ئاراوە، ئەمیش گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوەو كانیاوە هونەریانەیە كە دەنگە رەسەنەكان لەناو گەنجینەی گۆرانی كوردی جێیان هێشتووە, ( ناسری رەزازی و نەجمەی غولێمی و مامۆستا مەزهەری خالقی و محەمەد جەزا و محمد عەباس بەهرام و ئەسعەد قەرەداغی و عومەر دزەیی و بەهجەت یەحیا و زیاد ئەسعەد و كەمال محەمەد و سالار مەحمود و میران و بە دەیان هونەرمەندیتر كە ئێستا لە هەندەرانن، ئێوە ناپرسن ئەوانە لەوێ خەریكی چین؟ لەگەڵ ئەم كۆمەڵە ناودارانەی سەرەوە بگرە ئەوەندەو نیویتر موزیكژەن وەك ( رزگار خۆشناو، رەنجبەر حەسەن، فوئاد محەمەد، شاكر سابیر، نەجمەدین بابەكر، فاروق باپیر، نەجات جەوهەر, سالار شوكری، دڵشاد محەمەد سەعید، كاوە، زەكەریا، رەوەند اسماعیل ) ئەی ئەمانە دەبێت خەریكی چی بن؟

ئەم پرسیارانە بێ وەڵێم نین, ئێمە هیچ پەیوەندییەكمان بەو حاڵەتە ناهونەرییانە نییە كە ئەو هونەرماندانەی واڵێ كردووە كە بیر لەوە بكەنەوە كوردستان بەجێ بهێڵن، ئەوان پێش ئەوەی نیشتمانی ئازیز جێ بهێڵن هونەرمەندبوون، واتا لێرە لەناو خاكی باب و باپیراندا سروشت بەخێویكردن ، ئێستا ئەوان گەر لەهەندەران خەریكی هەركارێكی تری غەیری هونەرین, ئەوا ئێمە ناتوانین تیرو توانجیان تێ بگرین ، بەڵام خوێنەری خۆشەویست بڕوابكە هەر هەموو ئەو هونەرمەندانەی كەناویان لێرەدا هاتووە جگە لەمامۆستا ( مەزهەری خالقی ) نەبێت كە لەكاری هونەری دابڕاوە، ئەوانیتر هەموویان خەریكی كاری هونەرین و گروپ گروپ, دەستە دەستە, كۆمەڵ كۆمەڵ, دوو دوو, سێ سێ خەریكی

گێرانی ئەو ئاهەنگانەن کە بڕوایان پێی نییەو بەڵام هەر دەشیکەن, هەرهەموویان ئەو تۆنە موزیکیانە دەجونەوە کە لێرە فێری بوون و هەندێکیان خەریکی ئەوەن کە موزیکی جیهانی دەستەمۆ بکەن و کارێکی موزیکی کوردی کە ( نییە ) پێ بێننە وجود .

)نەجات ئەمین ) یەکێکە لەولاوانەی کە سەرقاڵی دروستکردنی پردێکی هونەرییە بۆ ئەوەی موزیکی کوردی لەوێ بەخەڵك بناسێنێ، نەك بەئاهەنگی شەوان، بەڵکو بەکۆنسێرتی رۆژانە, ( عەدنان کەریم ) لەوێ خەریکە خوێندنی بابەتی ( ئەندازەی دەنگ )ە, واتا دەیەوێت ئەو بۆشاییە دێرینە پڕبکاتەوە کە ئێمەی هونەرمەندانی بواری موزیك لە زووێکەوە پێییەوە ناڵاندوومانە، بەڵێ دەبێت یەکێك لەو زاتە دەروون پاکانە هەبێت کە گۆرانییەکی کوردی پاش تەواوبوونی ئاوازو شیعرو موزیککەی بەرێکوپێکی لە ستۆدیۆیەکی دەنگ تۆمار بکات .

)عەدنان کەریم )خەریکی ئەوکارە هونەرییەیەو لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی دەنگی خۆی لەوێوە ناردۆتە ئێرەو موزیکی بۆ کراوە، ئینجا لەوێوە mixing)) کراوە، براگەلینە ئەو کاتەی ئێوە لەوێ بەفیرۆی دەدەن, وەرن لێرە دەست لە ملانێی لاوك و حەیران بن، ئازیزان ئەو شەڕە ناهونەرییەی لەوێ ئێوە لەگەڵ یەکدی دەیکەن، هونەر و پەیمانگە هونەرییەکانی کوردستانی پێ بەرنەپێش .

تکایە بە شارەزابوون و چوونە ناو جیهانی گەورەی هونەری جیهانی لەناو کۆش و باوەش و دەستەکانتاندا نەخنکێ و هەرنا بەنامەیەك ئەو زانیارییانە بگەیەننە نزیکترین پۆستی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین، دڵنیام ئەوان بۆمانی دەنێرن، گەر لەو کارانەی کە باسم لێوەکردن هیچیان پێتان جێبەجێ نابێت، ئەوا کێشە نییە .

تەسلیم بەهونەربن !!!

حەیران لە زەمەنی رەسول گەردی دا

یادکردنەوەکانی رۆژانی ماڵئاوایی هونەرمەندان لەلای میللەتی کوردەوە بەوە ناوزەد دەکرێ کە لەو رۆژانەدا تەنها بە چەند پەیڤێك بەسەریان بکەینەوەو بەس!! کەباس لە مێژووی موزیکی کوردی دەکرێ دەبێ لە دەنگە رەسەنەکانەوە دەست پێبکەین، ئەو دەنگانەی لە نێو تەمومژی (موزیکی بێگانە بە کورد) توانیان مۆرك و ئەدای هونەرییان بپارێزین و وا لە گوێگری غەیرە کوردیش بکەن کە بەتامەزرۆیی و هزرێکی قوڵەو گوێڕادێری بن .

ئەمڕۆ کە یادی ماڵئاوایی ( رەسول گەردی ) هونەرمەندو خاوەن دەیان حەیرانی کوردەوارییە، پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین و سەرنجی گوتن و نوێکردنەوەو ئادای حەیران بکەین لەو (70)ساڵەی کە کەوتۆتە سەر قەوان و رێکۆردەر, دەبینین بەرهەمەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لەڕووی هونەریی و قاڵب و ناوەرۆکەوە بەخۆوە نەبینیوە, ( لە پێشەکیدا پارچە موزیکێك کە ناکرێ بڵێین کورییە و دواتر ئامێرێك (solo) دەژەنێ و یەکسەر گۆرانبێژ دەست پێدەکات ), ئەم لاسایی و تەقلیدە هونەرییە لە خزمەت رەوتی بەرەسەنایەتی حەیراندا نییە, جا داخەکەم ( رەسول گەردی ) هونەرمەند لەو زەمەنەدا ژیا کە تیایدا حەیران رەزم و ریتمێکی تایبەتی نەبووە !! موزیك باگراوندی دەنگە بەهێزەکان نەبوو، تێگەیشتن بۆ مەقام و ئادای حەیران سەرپێیانە بڕیاری هونەری لەسەر دەدرا، بۆیە لەم یادە و ئەم رۆژە پڕ حەیرانەدا پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە تازووە هەر هەموومان با واز لەو چێژە کاتییە بهێنین کە حەیرانبێژێك لە ساتەوەختێکی زۆر کەمدا پێمان دەبەخشێ, با بیر لەوە بکەینەوە کە ( حەیران ) وەك یەکەیەکی هونەریی سەربەخۆ بخەینە قاڵبێکی هونەری و لەتەك قاڵبی ( سۆناتە ) و (سەمفۆنیا )دا دایبنێین و بەراوردی زانستی لەگەڵا ( کانتاتا )یەك یاخود ( ئاریا )یەکی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی بۆ بکەین، پێویستە هەوڵێکی دڵسۆزانە لە ئاردابێ بۆ سڕینەوەی ئەو ( نۆتە ) بێگانانەی کە ئادایەکی غەیرە کوردییان پێوە دەکرێ و لە ( حەیران )دا ئێستا زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێ، لە بیرمە ئەو رۆژەی ( رەسول گەردی ) مەرد لە نێو حەشاماتێکی هونەری تیپی چاڵغی بەغدادی و کۆمەڵێ ژەنیاری نابیناو بەدەیان بلاجکتۆر و کامێرای بەترس و زمانی لێك حاڵی نەبوون و لە هەمووشیان ناسکتر ئەو پێشەکی و موزیکییەی کە ویستیان مەقامی ( حەیران )ی پێ ببەنەوە سەر رێچکەی ئادای عەرەبی، لە بیرمە بێگوێدان بەو هەموو خەڵکە ( حەیران ) بوو بە بوورکانێك و هەموو ئەو دەستە لەرزۆك و شتانەی راماڵی کەویستیان هەیبەتی ئەو مەقامە رەسەنە کوردییە بشکێنن !! ( رەسول گەردی ) هونەرمەندێکی بێ نازبوو, یەکەم هونەرمەندی

کوردیشه لەو بوارەدا کە توانیویەتی ئادای حەیران لە مەقامی بەیاتدا بشکێنێ و مەقامی حیجاز بخاتە نێو ئەو میانە کوردیانەی کە خۆی ئادای دەکرد .
با ئەمرۆ ئەو یادکردنەوەیە بەتەنها بۆ لەبیرنەکردن نەبێ، با بۆ تێڕامان و بیرکردنەوەی هونەریانەی هەرهەموومان بێ، بەخۆداچونەوەیەك بێ بۆ کارە هونەریەکانمان، سەرنجێك بێ بۆ داهاتووی لێڵمان و ئاوڕدانەوەیەکی بەزەییانە بێ بۆ گەنجینەی بەرهەمە فۆلکلۆرو ڕەسەنەکانمان .

هونەر و سیاسەت ..
لەبێ دەسەڵاتی هونەرمەندا
بەدرێژایی ئەو پانتاییەی کە هونەر بەدەست لەملانێی بەشەکانی یەکتری لەو ڕۆژگارەدا زەوتی کردووە, تروسکاییەك لە ئاوێتەبوون و تێك ئاڵانی بەخۆوە نەبینیووە، چونکە هەمیشە هێزێك لەپاڵ ئەو قەد و گەڵایانەی سروشت دیپلۆماسیانە ختوکەی زەمەنی هونەری دەداو هەرگیز بەوە قایل نەدەبوو کە ڕێچکەی تایبەت بەخۆشەویستی و دڵپاکی وەك تاقانەیەك ڕەوتی ژیانی سیاسی بخاتە ئەو دوورگانەی کەنابێ لە کەنارەکانی ڕۆحی هونەری نزیك ببێتەوە، لەزەمەنی دوێنێ و ڕۆژگارە دوورەکانی ئێمەدا، تەنها بەزمی ئەو ڕۆژانە خۆش بوون کە لەدوورەوە دەمانڕوانییە ئەو هەڵپەڕکێ خوێناوییەی کە بۆ مەرگی هونەر لەباوەشی سیاسەتدا سازکرابوو، بەواتایەکی نزیکتر لەواقیع بەهیچ کلۆجێك هونەری کوردی نەچۆتە ئامێزی کاری سیاسی داڕیژراو بەچەمکی شەڕی دیپلۆماسی لەگەڵ خود یان چەند کەسانێك یاخود لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، هەمیشە هونەری کوردی بەگشتی لەپەراوێزی ئەو کۆبوونەوە و دەنگدانە گشتیانەدا بوو کەبەدوای چارەنووسی بزری ئێمەدا وێڵ بوون، ڕەوشی هونەری سیاسی گەر لەتاکە کەسەوە بەرەو پۆلێك لەکەسانی بەهرەمەند گوزەری بکردبا, دەبوایە کۆمەڵێك ئایدیا و بیرو بۆچوونی سیاسیانە زیندە بەچاڵ بکرێن تا بیرۆکەیەك سەرهەڵبدات لەگەڵ بڕیارەکانی سیاسەتی هونەر هاوتا بان. (چەمکی هونەری نزیك لە سیاسەت واقیعیانە دەڕوانێتە ئەو هونەرەی کە لەباوەشی سیاسەتدا گەورە دەبێ، بەپێچەوانەشەوە هونەری دوور لەسیاسەتی تەعبیری گاڵتە بەو سیاسەتە دەکات کە نازانێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات), دیارە هەموو ئامانج و ئاکامەکانی شەڕی دەستەویەخەی هونەرمەندی بێ دەسەڵات هەموو دەم و ئان و سات و کاتەکانیش لەگەڵ ئەو چەمکە هونەرییە سیاسییەیە کە کەس ناتوانێ خۆی بە خاوەنی شەرعی بزانێ، چونکە سیاسەتی بێ ئامان هەمیشە بکوژی ئەو کۆرپە بچکۆلانەیە کە لە ڕەحمی سروشت دەکەوێتە کۆشی ژیانی سەختی ئەو ڕۆژگارە و لەبەر ئەوە هەر بەهاو ئایدیایەکی هونەری داهێنانی ئامێز گەل گەورە ببێ، ئەوا سیاسەتی هونەری بەنازو فیزەوە باسی دەکاو لێی دەدوێ، گەر مردیش ئەوا هونەرمەند هەرگیز و هیچ کاتێکیش نەیتوانیوە ببێتە پاڵپشتێك بۆ دیالۆگی نێوان هەردوو چەمکی سیاسی و هونەری. دیالۆگ و گفتوگۆ و کارە هونەرییەکانی بواری شانۆ و موزیك و شێوەکاری و هەتا هەندێ وردە درامای تەلەفزیۆنیش، لەناخەوە هەڵگری ئەو بنەما فیکریانەن کە دوور لە دەسەلێتی هونەرمەندی کورد داڕێژراون، نامۆیی و غوربەتی هەردوو کۆڵەگەی(سیاسەت و هونەر) لە دوو خاڵی گرنگدا زنجیر بەدەست کردووە، یەکێکیان لە کاتێکدایە کە هونەرەکە خاوەن چەکێکی سیاییە و کەچی لەگەلأ ڕەوتی بیرکردنەوەی گشتی یەك ناگرێتەوەو هەمیشە ئارەقەی گوناهی لێ دەتکێ، ئەوەی تریان ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی تری بەردەوام بوونی ژیان لە ئەستۆ دەگرێ، وەلێ ناتوانێ ڕۆڵی خۆی لە وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان ئاشکرا بکات، چونکە بەم ئاشکرا بوونە ژیانی خود و تاکەس دەکەوێتە بەر ڕەشەبای تیروتوانج و خۆ خواردنەوە و فاکتەری داهێنانیش لەبەر لێزمەی بارانی لاسایی و دووبارە بوونەوە هەمیشە پەلەقاژیەتی، هونەرمەندی کورد هەرگیز بەوە رازی نییە کە دەست لەگەڵ کۆمەڵگەدا تێکەڵ بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی دژ بە ڕەوتی هونەری مرۆڤایەتین, بەواتایەکی تر میانەی کارکردنی هونەرمەندی کورد بۆ گرێدانی ژیانی تایبەتی خۆی بەدەوروبەری بەتایبەتی و جیهانیش بەگشتی، لەوەدا بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ کاتێ شاکارێکی هونەریی ئەو میللەتە لە خەباتی سیاسی دابڕ دەکات، ئەم کارو کاردانەوەیەش حاڵەتێکی سروشتی یەکجار کاریگەرە بۆ هێنانەدی ئاواتە تاکە کەسییەکان لەپێناو بەرژەوەندی بەیەکەوە ژیانی هونەر و سیاسەت لە کۆشی خاکێکی بێ وڵاتدا، بێ دەسەڵاتی هونەرمەندی کورد تەنها لەو ڕۆژانەدا نییە کە جەنگ ئەمر دەکات لەهەموو جەستەیەکدا برینێك هەبێ، وەلێ ئەم بێ دەسەڵاتییە لەگەڵ تەمەنی پڕحەسرەتی قۆناغی هەرزەکاری گەورە دەبێ و کاتێك عەقڵ بەرەو کامڵی و ژیری هەنگاو دەنێ، ئەوا گشت هەوڵە هونەرییەکان بۆ دۆزینەوەی خودی هونەرمەند گیرۆدەی حاڵەتە سیاسییەکە دەبن و فیکر ئاڵۆزی

ژیانی لاوەکی رۆژانە دەبێو عەقلأ لەگەلأ جەستە دەترازێ و دەست و پەنجە لەژێ و فلّچە و دەم و چاوەکانیش لەماسك و بوونی هەمیشەیی تراژیدیای لەباوەش گرتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەرگەساتی بیرکردنەوە لەوەی کەی هونەرمەندی کورد شمشێری حەق لەئاست بێ دەسەڵاتی و نەبوونی خودێکی ئازا بەرامبەر بەوجود بەرز دەکاتەوە، بالەم قۆناغەی ئێستادا هەموو هەولّەکان بۆ بنیادنانەوەی خود و دیوارە رماوەکانی ژیانی تاکە کەس بێ، چونکە بواری هونەری رەها هەمیشە لەو ئامێزە ئۆخەی حەسانەوە دەدات کە خاوەنی ئەو ئامێزە بە رەهایی بیربکاتەوە، ئەم کارەش هەرگیز لەزەمەن دانابڕێت .

قادر دیلان
لەمەنفاوە بۆ هەموو دلّێك
ئیمامی عەلی ( خودا لێی رازی بێت ) دەفەرموێ "ئەگەر نەتزانی لەکوێوە هاتوویت, ئەوا بێگومان ناشزانێت بۆکوێ دەڕۆیت ". هەر لەگەڵ یەکەم کازیوەی تەمەنی هونەری موزیکی کوردیدا ( ئەگەر هەبێ) هونەرمەندی خاوەن هەست و عەقڵی ئەکادیمی و پەنجەی داهێنەرانە ویستوویەتی لە دەروازەی ئەو زانیارییە چکۆلانەوە بچێتە نێو دەریای میلۆدی مرۆڤ هەژێن، ( قادر دیلان )ی بوێر و هونەرمەند هەر زوو دەیزانی بەهرەی خۆرسك ئەگەر بەوردی بە زانستی موزیکی گەورە پەروەردە نەکرێ, ئەوا بەبێ دەنگی و کپی غلۆری نێو مێژوویەکی تاریك دەبێتەوە .
)دیلان )ی هونەرمەند هەمیشە دەیزانی لەکوێوەو بەرەو کوێ دەچێ، ئەو دەرکی بەوە کردبوو کە لەنێو کۆمەڵگەکەیەکدا پەروەردە بووە کەمانای هونەر بەگشتی و موزیکیش بەتایبەتی ئەو جوانی و گەورەییە بەخۆوە هەڵناگرێ کەزاتی پاکی ئەو مەبەستی بوو, چونکە تادرەنگانێك موزیك لەنێو کۆمەڵگەدا بەبەشێکی کلتووری ( نامۆو خەوش ) دادەنرا!!! بۆیە ناچار ئەم هونەرمەندە بەخۆی و کۆڵێك لەخۆشەویستی سروشت و بۆنی خاك و نیشتمان, وڵاتی جێهێشت و بەرەو ئەو ئاسۆیە رۆیشت کە (موزیك)ی ناوبوو, کەواتا لێرەدا ئەم هونەرمەندە خاوەن پەنجە داهێنەرانە رۆژانی تاراوگەی لەگەڵ شەوانی تەنیایی گرێدەداو بەگەڕان و ماندووبوون و شەونخونی بەدوای دەنگە سیحراوییەکانی زەمەن دەگەڕاو زۆر حەزی دەکرد لە نهێنییە گەورەکانی ( میلۆدی, دانان, دابەشکردنی موزیك, زانستی هاڕمۆنی, کۆندێکنتز, ئۆرکسترا ) بگات, بۆیە دەمێکیش بوو دەرکی بەوە کردبوو کە تەمەنی کەم بەرامبەر ئەو هەموو زانستە زۆرە بەرگەی نامێنێ!! ناچار لەهەر باخێك گوڵێکی هەڵبژاردو بووە پێشەنگی ئەو هونەرمەندانەی کە بەئەکادیمی و زانستی موزیکەوە هاتنە مەیدان و لەوێش لە تاراوگە خەونی نەهاتەدی، بەڵام وەکو کوردێك و هونەرمەندێك توانی شوێنی خۆی لە گەورەترین دەزگای راگەیاندنی وڵاتی(چیکۆسلۆفاکیا)ی ئەوسا بکاتەوە، دابەشکردنی(سروودی دەمی راپەڕینە ) یەکێکە لەو بەرهەمە شاکارانەی ئەم زاتە کەتیایدا ئۆرکێسترا بەهەموو گەورەیی خۆی توانیویەتی خەباتی گەلێکی زیندوو لەئامێز بگرێت, بەرهەمە تۆمارکراوەکانی تریش پێویستە لەدوا رۆژێکی زۆر نزیکدا بەئاداو ژەنینی کوردییانەو ئۆرکێسترایەکی نەتەوەیی کورد بژەنرێت، چونکە دڵنیام گەر لە بەرهەمەکانی خۆماڵی دەست پێنەکەین, ئەوا هەرگیز ناتوانین بەسەر پردی پەڕینەوەی بەرهەمە رەسەنەکانمان بگەینە کارو شاکاری جیهانی .

بێدەنگ مەبن
هەموو هونەرێکی مەزن بە پاڵپشتی کەلەپوورێکی زیندوو دەچێتە نێو مێژوویەکی پڕشنگدار, بۆیە دەبێ بە ئاگایی و بە خورتییەوە مامەڵە لەگەلأ بەشێکی هەرە زیندووی کلتووری کوردی بکەین کە ئەمڕۆ لە میدیاکاندا بە بەربلێوی شۆڕش بەرپا دەکا .
هەڵێنجانی هونەری دەنێو کەلەپووری ( فۆلکلۆری و میللی ) گۆرانی کوردی کارێکی پیرۆزەو هەتا هەتا بڵێی قورسیشە,

چونکە سەنگی مەحەکی هەڵبژاردن دەکەوێتە سەر ئەستۆ شانی هونەرمەندی بە سەلیقە داخۆ تا چ رادەیەك دەتوانێ بابەتێ هەڵبژێرێ کە بۆن و بەرام و مۆرکی رەسەنی خۆی بخاتە باوەشی هاوچەرخایەتییەك کە هەمیشە پشت ئەستور بێ بە رەسەنایەتی کەلەپووورەوە .
هەر لەگەڵ یەکەمین گۆرانی سەر قەوانی ساڵی ( 1920 )ی حەمدییە فەندی دەنگ و ئەدای گۆرانیبێژ کە وەکو میلۆیەکی کوردی سەرنجڕاکێش تەماشا دەکرێ، بۆیە دەبێ کارەکانی شیتەڵ و شیکردنەوە هەمیشە لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە تا چ سنوورێك میانەی دەنگی گۆرانیبێژ توانیویەتی بابەتە زیندووەکانی نێو کەلەپووری فۆلکلۆری و میللی کوردی بکاتە هەوێنی گۆرانییەك کە هەنووکە لە دایك دەبێ, بەڵێم هەمیشە خۆی بە نەوەی ئەو گەنجینەیە دادەنێ کە بووەتە پێکهاتەی سەرەکی (ئاواز و دەنگ و مۆرك), کەواتا گەڕانەوە بۆ رابردوێکی نزیك دەبێ بەو چەشنە سەیر بکرێ کە رەخنەی بونیاتنەر شاکاری جوانتری لێدەکەوێتەوە, بۆیە لە پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکانمان هەمیشە پەنا بۆ ( دەنگی گۆرانیبێژە رەسەنەکان ) دەبەین لەوەی هەنگاو بەرەو ئامێرە موزیکییەکان بهاوێین و لە دەنگەکانەوە دەتوانین میلۆدی و کاری درامی و شانۆیی و بابەتی چەپك ئامێز دابهێنین، ئاوازە خواستراوەکانی نێو گۆرانی فۆلکلۆری و میللی مامۆستا ( حەسەن زیرەك ) کۆمەڵێ ژەنیاری ئامێرەکانی غەیرە کوردی خستە نێو رەسەنایەتی میلۆدی کوردی، دەنگی بەسۆزو چریکەی ماملێ (ئامێرەکانی تار و کەمانچە ئازەری و ئەرمەنی) ناچار کرد رەدوی ئەو میلۆدییە کوردییانە بکەون کە لە ئەدای ( مامڵێ ) وە دادەبارینە سەر ئامێرەکانی موزیك, کەواتا بۆ ئەنجام و ئاکامی هەر لێکۆڵینەوەیەك چ تیۆری بێ یاخود بە پراکتیکی لە گۆڕەپانی ئاوازو میلۆدی کوردی بگاتە ئامانج, دەبێ بە پێودانگە بژمێردرێ کە تاچ رادایەك دەتوانێ بە زیندوویی و نوێکارییەوە لەو مەیدانە بمێنێتەوە . ..!!
لە ئاکامی زۆربوونی کەناڵ و میدیاکانی جیهانی گشتیان بۆ نێوەندی کلتووری کوردی جۆرە تەوژمێکی نێگەتیڤانەی سەبارەت بە کاریگەری موزیکی گەلانی دراوسێ بە عێراق و کوردستان دروستکردووە، دوای راپەڕین و پەرتەوازەبوونی هونەرمەندان و لێکترازانی رۆحی نەتەوەیی و بەبادانی رەنجی ساڵێنی نەهامەتی سیاسی، خەریکە ئایدیاو فیکرەیەکی نامۆ بە تێگەیشتن لە کەلەپووری نەتەوایەتی لە تاراوگەی هونەرمەندان و هەندەرانی جێنشینی ئەوان بەرەو کوردستان گوزەر دەکاو بێرەشەوە بەبێ چەمکی حاڵی بوون و توێژینەوە لەسەرکردن بەرە بەرە لەژێر سێبەرو چەتری بەرهەمە رەسەنەکان دێتە دەرەوە و بەرەو مەنزڵگایەکی هونەری وێرانکاری دەڕوا، بۆیە دەبێ زۆر بەڕاشکاوانە لەو خاڵێنە بدوێین کە تەوژمە خەتەرناکەکەی وەکو هەورێکی بەهاری بەسەر سروشت و ئاکاری موزیکی کوردیدا داوە, بەکورتی و بەکوردی دەڵێین لە پاڵأ کۆمەڵێ شاکاری هونەری کوردی کە بەڕاستی خەریکە لە نێو ئەو تەپ و تۆزەدا بخنکێنن, ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو بۆ دیالۆگ و گفتوگۆی زانستییانە :
-1لە ئاکامی سوود وەرنەگرتن و نەگەڕانەوە بۆ میلۆدییە رەسەنەکانی کوردی خەریکە کۆمەڵێ ئاوازی دانراو دەستکرد و دوور لە تێگەیشتنێکی فەلسەفیانەو رۆشنبیریانەی لە دایك دەبن و بە کاریگەری و گوێ گرتنی سەرپێیانە لە ئاوازەکانی (تورك و فارس) دەبنە هەوێنی دەنگە چاکەکانی ئەمڕۆمان .
-2بەگوێ گرتن لە تەکنیکی ژەنیارانی (فارس و تورك) بەڕێژەیەکی بەرچاو (ژەنیارە عەرەبیەکانیش) بەڕێژەیەکی کەمتر خەریکە هەیبەت و باڵێ دەستی ئامێرە رەسەنەکانمان دەکەونە پەراوێزی کارە هونەرییەکانمان و لاساییکردنەوەی ئەو ژەنیارانە بووەتە وێردی دەست و پەنجەکانیان, لێرەدا پرسیارێکی زۆر تەقلیدی بەڵام زۆر کاریگەر دەکرێ ( تائێستا کێ گوێ بیستی ژەنیارێکی (تورك یان فارس یان عەرەب) بووە بتوانێ مۆرك و ئەدایەکی کوردیانەمان بۆ بکا )) ؟.
کەواتا شتی رەسەن لێهاتوویی دەوێ, بلیمەتی ژەنیار دەتوانێ بەپەنجەکانی ئاوازی ئەفسوناوی بدا بەبناگوێمان و چۆکمان پێدادا .!!
-3لە نێوان پێشکەشکردن و لە دایك بوونی گۆرانییەکی کوردی کە ئێستا رەواجی هەیە دابڕانێکی گەورە لە نێو پەرەگرافەکانی گۆرانییەکەدا هەیە (پێشەکییەك بە هیچ کلۆجێك ناچێتە نێو خانە زیندووەکانی گۆرانی لەگەڵأ ریتم و دابەشکردنێکی کۆمپیوتەرانەی دەنگەکان و ( solo )ی ئامێرە مردووەکان کە بە هەناسە ( TRITON ) زیندو دەکرێنەوە) بەیەکەوە دەژەنرێن و دەنگە بەسەزمانەکەی گۆرانیبێژش ناتوانێ بەرگەی ئەم هەموو تەکنەلۆژیایە بگرێ و ناچار بەڕوو زەردی دەخلیسکێتە نێو (ئەداو مۆرك)ی غەیرە کوردی .
-4لەبەر ئەوەی قۆناغی گوێ گرتن و چێژی هونەریمان نەگەیشتوتە رادەی ئەوەی گوێ بۆ پارچە موزیکێك شل بکەین و چەمکە هونەرییەکانی بخەینە بەر رۆشنایی شیکردنەوە، ناچارین لە بواری هونەری موزیکی کوردیدا هەمیشە پەنا بۆ گۆرانی ببەین، مەبەستم (ئاواز + دەنگ + دەقی شیعر)یە, بۆیە لە هەڵبژاردنی دەقی شیعریدا دەبێ زۆر ووریا بین و ناکرێ بەو وشە و رستە و دەقی قسەکردنی نێو بازاڕش بڵێین کە خەڵك رۆژانە بەکاریان دەبات و گفتوگۆ و دیالۆگی بەردەوامی پێدەکا, بۆیە دەرەنجامی ئەو کارانە ئەوەیە کە ماوەی لە دایك بوون و سەرنانەوە و مردنی گۆرانییەك لە (مانگێك تا دوو مانگ) زێتر ناخایانێ و ناچار خەڵك بەدوای کۆرپەلەیەکی تردا دەگەڕێن .
-5هۆکارێکی تری لەیەکتر حاڵی نەبوونی (دەنگ و ئەدای گۆرانیبێژ لەگەڵأ سیماو رووخساری ئاوازی رەسەنی کوردی) لە ناسینەوەو شارەزا نەبوونی گۆرانیبێژە بەمیانەو چینە دەنگی خۆی لەکاتی گوتنی گۆرانیدا، گۆرانیبێژی

کورد تا ئەزبەری ئاوازێك دەكات, ئاوازدانەر دەخاتە ئازارێكی بەژانی جەستەیی و رۆحی زۆر گەورە, چونكە گۆرانیبێژ لە هەردوو كۆڵەگە سەرەكییەكەی پێكهاتەی مۆزیكدا (زمانی نۆتەو گوێچكەی هونەری مۆزیكی) بێبەشە و بەدەگمەن گۆرانیبێژێك دەبینی بە پەرۆش و ئەكایمانە ( مواكەبەی ) رۆحی سەردەم و تێگەیشتنی قۆناغەكانی هونەری میللەت و گەل و تەنانەت خۆشی بێ، كەواتا كە پرسیارمان لێدەكەن و بەڕاشكاوی دەڵێین بۆ مۆزیكی كوردی ئێمە تەمەن كورتە؟ نابێ بێدەنگ بین كاتێك هۆكارەكانی بە بەردەممانە گوزەر دەكا, چونكە (خاچا توریان) گوتەنی (هونەری مۆزیك پێش ئەوەی جیهانی, بێ دەبێ نەتەوەیی بێ . .(!!

شایلۆغانی ئامێرەكان.. ئەفراندنی ژەنیار

هەمووومان لەسەر ئەوە كۆكین كە گۆرانی زۆر كۆنترە لە هونەری مۆزیك, بۆ ئێمەی كوردیش ئەم بابەتە زۆر بە زەبەلاحییەوە هەستی پێ دەكرێ، بۆیە لێرەدا ناكرێ بگەڕێینەوە نێو باوەشی مێژووی هونەرمەندانی بواری مۆزیك و لەم فیستیڤاڵەدا دەگەینە ئاكامێ-:

ناساندنی زێتری ئامێرەكانی مۆزیكی كوردی لەڕووی میانەوە توانستی چینە دەنگییەكان و سوود لێوەرگرتنیان لە بواری مۆزیكی ئەبستراك .

سوود وەرگرتن لە خزمەتی چەندین ساڵەی یەكتری بۆ دانانی میتۆدی فێربوونی ئەكادیمی ژەنیاری ئامێرەكان مۆزیك بەیەك چەشن و یەك ( كۆك .(

لەڕووی بەشداربوون و بەشداری پێكردنی ئامێرەكانی مۆزیكی كوردی لە كاری ئۆركستراڵی هەلێكی زێڕین لەبەر دەممانە تابتوانین رۆحیەتی مۆزیكی كوردی بخەینە باوەشی مۆزیكێك كە ناسنامەی میللەتێك هەڵبگرێ. بەبەشداری بوونی سەرجەم هونەرمەندانی پارچەكانی كوردستان لە شاكارێكی هاوبەشدا كاریگەرێتی مۆزیكی گەلانی دراوسێ بەكورد وەكو ئایدیایەكی سەرەكی دروستبوونی كارەكانمان متمانەی هونەری بۆ هونەری خۆی لە دەستداوە, مۆزیكێك دێتە كایەوە كە زادەی بیرو هزری پرداهێنانی هونەرمەندانی كوردە .

لە نێو جەنجاڵی و مۆزیكی (Tempo) ئامێزو(Adlib) دا, دەكرێ لەسەر ئەوە دیالۆگی هونەری بكەین و بۆنەیەك یاخود شێوازێك یان فۆرمێك بۆ مۆزیكی كوردی لە دایك ببێ كە خۆی هەڵگری بنەما گەورەكانی رەسەنایەتی هونەری (ئادا) ی كوردی بێ .

لەڕووی تەكنیكی ژەندنەوە دەكرێ پێگەیەك بۆ ئەوە دابنرێ كە هونەری مۆزیكی كوردی لە تاكە كەسەوە یاخود لە ئەفراندنی زاتەوە بگاتە نێو هونەرمەندان و كۆمەڵگە ئەم بنەما فەلسەفییە و بیركردنەوەی جیاجیا دروست دەكات و وا لە خەڵك و جەماوەر دەكات بەشێوەیەكی ترو رواندنێكی تازە لە هونەری مۆزیكی كوردی بنواڕێ .!!

لەیادی (( شەمالأ سائیب)) ی شوان،

لە شەوانی لەیلێ دا

دوێنێ (12) ساڵأ بەسەر كۆچی ئاڵۆزی هونەرمەندی ئێرەو ئەوێ و زمانی دیالۆگی كوردی و ئینگلیزی مامۆستا شەمالأ سائیب تێپەڕی، هاوار هاواری شەمالأ بۆ دروستبوونی قاڵبی گۆرانی سالێنی پەنجاكان و شەستەكان تەوژمێكی گەورەی فیكری و هونەری بوو لە مەڕ بەدواداچوونی ئەو بیرۆكە و ئایدیانەی لە مێشكی جەنجاڵی خۆیدا چەكەرەیان دەكرد و جورئەتی هونەری و دژە وەستانی هونەرمەند لەگەلأ دیواری ئاسنینی كۆمەڵگەی دوور لە مەدەنیەتی دوێننێ دوور، یەكێ لە سیفەتە دیارەكانی شەماڵی بزربووە گۆرانی (دویت) و ئادا كردنی ئەو گۆرانییانە بە زمانێكی كوردی غەیرە فۆنەتیك قۆناغێكی گەورەی راچڵەكاندنی فیكری ئافرەتی كڵۆڵی كوردی بوو، رۆشنبیریەتی شەماڵی رەها لە دابونەریتە ساوەكان و سەفەرە بێ هەژمارەكانی بۆ دەرەوەی عێراق تووشی دوو حاڵەتی هونەری جیاوازی كردبوو، هونەر لەوێ بەو هەموو هەیبەتی رێزلێگرتنە بەرامبەر هونەرێك، لێرە لە پەراوێزی گشت بابەتەكان دەنگی (شەمالأ سائیب)ی یاخی هەتا لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا هەرگیز نەكەوتە بەر مقاشی بێڕەحمی ئامێزو دەست و پەنجەی بێگانە بەكورد،

کاریگەریەتی ژینگەی هونەری و لانکەزای پەروردەکردنی ئەم دەنگە هەمیشە لەبەردەم دادگای رۆحی هونەری (شەماڵ) دابووە, تایبەتمەندی هونەری (glesando) لەم دەنگەدا ئەو گۆرانیانە زۆر بە هەیبەت بەرچاو دەکەوێ , (Tempo)لە هەندێ شوێندا دەبێتە .(pocoapoco ritando)
حەسرەت بۆ ئەو رۆژانەی (شەمالأ)ی تاك و تەنیا لە یەكێك لە ژوورەكانی ئەم هەولێرە بێ بەزەییە خەریكی خۆ خواردنەوە بوو, كەسێك نەبوو كەمێك لەو ئازارانەی هەڵمژێ جگە لە ( عەبدولڕەحمان بێلاف)ی شاعیری بە ئەمەكی گۆرانیبێژە بێ ئەمەكانی ئەمڕۆ نەبێ، هونەرمەندان یەك لە دوای یەك بەرەو كاروانی ئەبەدیەت دەڕۆن, كەچی ( ئێمە هێشتا هەر خەریكی مەسئەلەی دەورین ), دەك بمرین ئەو رۆژانەی ژیان تەنها بۆ ئەو ساتانە تەرخانكرابوو كە مرۆڤ لەبەردەم ئاوێنەكانی رۆحدا شەرمی لە بەردەوام بوونی خۆی دەكرد .

لەیادی (11) ساڵەی تایەر توفیق
دەستە مۆركردنی مردن لە پێناو ژیانێكی ئەبەدی
لەڕۆژی ( 1987/10/1 ) كاتێ تیپی موزیكی پاشای گەورە لە رواندوزی هونەرەوە گەیشتە هەولێری باپیرەوە، یەكەم ئەركی سەرشانی هونەری خۆی ئەوەبوو لەگەلأ كۆمەڵێك دەروێشی خاڵە تایەر بەرو مەنزڵی ئەو مرۆڤە دلأ گەورەیە بە رێككەوتن، ماڵێكی بچووك، دنیایەكی گەورە لە سام و رەهبەت قەڵەوێرەیەكی سادە، جەستەیەكی لێكدراو لە موعانات و ئێش و ئازار بەسەریەكەوە بوو، كۆمەڵێك لە حەب و دەرمان و كەپسولی بێ شەرم لە سەر مێزێكی شەرمەزار ئارەقەی رەش و شینیان كردبوو، ئای لەو رۆژە بێ ئەمانە, چەند مەینەتە لە رۆژێكی ئاوا و پڕ برینەدا ئافرەتێك نەبێ بزەیەكت بداتێ، ئێمە كۆمەڵێك منالی بێ دەسەلێت لەم ژیانە بێ رەحمەدا لەگەلأ مامۆستامان هونەرمەند ( زرار محەمەد مستەفا) یەكە یەكە نوشتاینەوە سەر جەستە ماندووەكەی خاڵە تایەر، كاك جیهانبەخشی خەمخۆری هونەرمەندان بە ئیشارەت و هێمای دەستەكانی تێیگەیاند كە ئەو هەموو حەشامەتە هونەرییە لە شارێكی وەكو (كۆیە) لە رواندوزەوە هاتوون .
لەگەلأ ناو هێنانی رواندوز تێگەیشتنی خاڵە تایەر دەستە لە رزۆكەكەی بەرزكردەوەو دیاربوو حەزی دەكرد هێشتا بچێتە پێشەوە، چونكە نزیكتر دەبووین لەو دەستە لەرزۆكەكەی زیاتر بەرەو روومەتە زەردەكانی دەبرد تا هەر هیچ نەبێ ئەو فرمێسكە هونەریانە بگرێتەوە نەبادا عەشقی رۆژانی رابردوو بەرەڵیی ئەم سەردەمە جەنجاڵەی بكەن. ئەو كۆنە برینە نوێیانەی باسم لێوەكردن ( 19 ) رۆژ بەر ماڵئاوایی یەكجارەكی ئەو هونەرمەندە بەكبریایە بوو كە هەرگیز نەیدەویست ژان و ژیان تێكەڵی یەكتربن .
دوای ( 11 ) ساڵ پێچانەوەی یادگارو هونەری یەكتری، دەنگ و ئادای ئەم هونەرمەندە هەمیشە لە گرمە گرمی هونەری خۆی نەكەوتووە, لەمەش زێتر ئێستاكە لە دەرەوە بەدەیان هونەرمەند پرۆژەی هونەری لەسەر دەنگ و رواڵەتە هونەرییەكانی خاڵە تایەر بنیات دەنێین و لە تینۆری دووەمدا (وەیلێ زاڵم) دەبێتە ئاوازێكی ئاوێتەیی ( ئەدبلیب و تیمپۆ ( timpoandAdlib )لای عەندنان كریمی بەئەمەك، لای چەتۆ نەورۆزی هونەرمەندیش ساڵە خەماوییەكانی خاڵە تایەر تێكەڵی باخەڵی ( كراس زەردێ ) كران و چوارینەكانی خەیامیش تا ئەوساتە گەنجینەیەكی تری پڕداهێنانی ئەو هونەرمەندەن كە تائێستا زۆربەی هەرە زۆری خەڵك گوێ بیستی نەبوونە, چونكە لەكات و شوێنێكدا تۆماركراون كە تەنها رۆح ئامادەی ئەو زیكرە ببوو كە بۆ جەستەی مێژوو راخرابوو، ئەی بیری گەنج لە كوێوە بەرەو كوێ رۆشت, تۆ نەمردی تا مردن بڕێ تینوێتی بشكێ، بەڵكو ئێستاش لەگەڵمانای و تا ژیان پتر مانای جوانی و عەشق و مەبدەْ ببەخشێ .

لەیادی (دیلان) دا
بە گۆرانی دڵی بردین، بە شیعرەکانی خەیاڵی کردین
لەڕۆژی ( 28 ) ئۆکتۆبەری ساڵی ( 1990 ) دڵە گەورەکەی پڕ ئاوازو ئادای مەقامەکانی کوردی و هەمبانە بۆرینەی شیعری قافیەداری کوردی مامۆستا ( محمد صالح دیلان ) لە لێدان کەوت و بەم کۆچە ناوەختییە, ناوەندیی ئەدەب و موزیك یەکێك لەو زاتە هەرە بەپەرۆشانەی ( ئادای ) کوردی لە دەستدا کە سالێنێك دەنگە بەجۆشەکەی رۆحیەتی هونەری دەبڕی و مۆرکی رەسەنایەتی مەقاماتی کوردی لە حیجازو سۆزناك و سۆزدلأ و کوردو هەمایۆن و هەوشاری پێ ئاشنا کردین .
)دیلان)ی موزیك ناس و شارەزا لە مەقاماتی کوردی وەك دەنگێکی تایبەت دوور لە ناوبانگی ئێزگەو تەلەفزیۆن توانی لەو دنیا هونەرییەی کە دەیویست تەنها بۆ خەمرەوێنی خۆی بێ و شێوازێکی تازە بابەت لە ( تجوید )ی هونەری شیعری کلاسیکی کوردی بێ هاوتای (دیلان)ی شاعیری ئاواز ئامێز هەست دەکەیت کە ئامێری موزیك لە زۆر کات و شوێندا دەکەوێتە پەراوێزی ئەو ( ئادا )یە کوردییە, ئەم پەراوێزەش هەرگیز بە چەمکی ئەوە نییە کە ئامێرەکانی موزیك نەتوانن ( مواکەبەی ) ئەو دەنگە بکەن، بەڵکو هەندێجار دەنگ و ئادای گۆرانبێژ کۆمەڵێك چەمك و هونەریەتی تری پەیوەست بە( ئادا ) کردنی رادەماڵێ وەك لەو مەقاماتانەی کە لە ( یلان )ی مەقامزان گوێ بیست بوونە، لەنێو گشت مەقامزانەکانی کورددا پێش قۆناغی یەکالێکردنەوەی هەندێ بابەتی هونەری گۆرانی و موزیك ( دیلان )ی شاعیری جوانی و ئێستێتکای هونەری هەمیشە لەبیر و بۆچوونەکانی ئەو کارەی رەتدەکردەوە کە وەك گۆرانیبێژێك ناوزەند بکرێ، چونکە هەمیشە ئەو قەناعەتە هونەرییەی هەبوو, باوەڕیشی وابوو کە لە پاڵ هەر داهێنانێکی بواری شیعریدا، ختوکەیەك لە سۆز و ئیقاعی موزیك شیعرەکان دەخاتە باوەشی هەلەکە سەما و (ئادا)کردنی ئەو شیعرانەی کە (دیلان)ی شاعیر کردونیەتی وەك ئەو حاڵەتە هونەرییەیە کە ئاوازدانەرێك ئاوازێکی خۆی بۆ خەڵك بڵێتەوە، چونکە (ئادا)ی ئاوازدانەر هەمیشە ئەو حاڵەتە رەسەنە دەسەلمێنێ کە ئیلهامی دانانی ئاوازەکەی پێی بەخشیووە, بالەم یادە گەورەیەدا هەمووومان تێکڕا بگەڕێینەوە سەر قۆناغە پیرۆزەکەی کە ئاوێتەی شیعر و موزیکی کردە ملوانکەی هونەری و دەبەرگەردەنی داهێنانی کوردی کرد .

)موزیکی کوردی لە قۆناغی باخچەی ساوایاندایە(
هونەرمەند ( ئامانج غازی ) ساڵانێکە لەنێو هونەردا مەلەدەکات، بەڵام هێشتا تینویەتی نەشکاوە.. مامۆستایەکی دڵسۆز و هێمن و لەسەر خۆو بەتوانایە, حەزێکی گەورەی هونەری لەدڵدایە.. . هونەرمەند دەربارەی بەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەڵێت: بەشی موزیك وەکو کۆرپەیەکی بێناز بەخێو دەکرێت، مامۆستا و قوتابییە دڵسۆزەکان چاوەڕوانی دەستگرتنی زیاترن . ..

*موزیکی کوردی لەم قۆناغەی ئێستادا لەچ ئاستێکدا دەبینی؟
-موزیکی کوردی ئێستا لە قۆناغی باخچەی ساوایاندایە، بەواتایەکی تر لە میلۆدی گۆرانییە رەسەنەکانمانەوە خەریکە بابەتێکی زیندوو دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی موزیك دوور لە بابەتە ئەدەبییەکان و بۆچوونی جیاجیا، کۆمەڵێك هەوڵ و توانای چاك بەدەستەوەن, بۆیە پێش ئەوەی بیر لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەم بابەتە بکەینەوە، دەبێ چێژی هونەری موزیك لەلایەن خەڵکەوە بونیادبنرێ و پردێك دروست بکرێ و شتە جوانەکانی هونەرو هونەرمەندان لەسەرەوە بۆ خەڵك و جەماوەرو گوزەر بکا . ..

*بە بۆچوونی بەڕێزتان گوێگری ئێمە بۆ چ مەبەستێك گوێ لە موزیك دەگرێ؟

-گوێگری ئێمە هەمیشە حەز بەوە دەکا موزیك ببێتە هۆکارو فاکتەرێکی حەسانەوەی دەروونی بۆی، بۆیە ئێمە دەبێ ئەم تێڕوانینە لە ڕەگەوە هەڵتەکێنین و وا لە گوێگر بکەین کە موزیك ببێتە ڕەوشێکی گیانی بەگیانی و نەتەوەیی و تاکو بتوانێت گۆڕانکاری لە خودو هەڵسوکەوت و بیرو بۆچوونی گوێگر بکات و هەمیشە بۆ بوارەکانی داهێنان و بیرکردنەوەی ببات .

*ئاوازدانەرەکانی ئێمە لەچ ئاستێکدان؟
-ئاوازدانەر هەمیشە بەدوای ئەو میلۆدییانەدا دەگەڕێ کە لەسینگ و سینەیدا پەنگی خواردۆتەوە, بۆیە بەهرەو زادەی تێگەیشتن و ڕۆشنبیریەتی موزیك هەمیشە ڕێگا خۆشکەری ئاوازدانەری کوردن .

*بەشێکی زۆری موزیکی کوردی شێوێندراوە, چۆن دەتوانین چارەسەری بکەین؟
-ئەو پرسیارە گەلێك کاریگەری شێواندنی موزیکی کوردی یاخود بەتەتریك کردنی موزیکی کوردی دەردێکی زۆر کوشندەیە، ئەم پرۆژانە خەریکە زیاتر تەشەنە دەکەن و دەزگا بەرپرسەکانیش واخەریکە پشتیوانیان لێدەکەن، من دەمەوێ بڵێم گەڕانەوە بۆ ڕەسانەیەتی هونەری گۆرانی کوردی دەبێتە هۆی لەدایك بوونی موزیکێك کە هەمیشە ڕەگوڕیشەکەی لە نێو گەنجینەی گۆرانی کوردییە ..

*بۆچی گۆرانی و موزیك ئێستا زوو لەبیر خەڵك دەچنەوە؟
-خۆجوینەوەو لاساییکردنەوەو نەبوونی ئاوێتەیی نیوەندی هونەری کوردی وایکردووە کە هەمیشە بابەتەکانی زوو خۆناساندن بەخەڵك سەرپێی بن و بابەتی ئەکادیمی و ئاوازدانەری ڕەسەنی تێدا ڕەچاو نەکرێ .

*چۆن دەتوانین موزیك و گۆرانی کوردیمان بەرەوپێش بەرین؟
-دەبێ هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە کەوا بەبابەتێکی ئەدەبی گەڕانەوە بۆ چارەسەری ڕۆشنبیری و داب و نەریتە مەزنەکانمان کە داهێنانە دروست دەکەن زۆری و بۆری بەرهەم، هونەری گۆرانی و موزیك دەخاتە پەراوێزی کارەکان، بۆیە دەبێت بابەتی بەهێز هەڵبژێردرێ و ئاوێتەی هونەرە جوانەکانی تری وەك (شێوەکاری- شانۆ) بکرێت .. ..

*چۆن دەتوانین گۆرانی و موزیکمان بە جیهانی بکەین؟
-پێویستە بابەتەکانی گۆرانی بکرێت بەزمانی موزیك, واتا بە (نۆتە) بنووسرێتەوە، چونکە زمانی نۆتە وا لە کارەکان دەکات کە موزیکی هەموو وڵات و نەتەوەیەك لە سنوورو نێو جەماوەرو خەڵك بێنێتە دەرەوەو بیکا بە دیالۆگێکی جیهانی .

هونەرمەندان بۆ دەبێت وابن ؟!
پیرۆز بێ و گەورەیی هونەرمەندان لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە تا چەند دەتوانن لە باوەشی کوردایەتی و شاکاری کلتووریی و کەلەپووریی نەتەوایەتیدا بژین. هونەرمەندانی کورد کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت سەرگەردان و وێڵن، بۆیە هەمیشەی بەدوای کەنارە ئارامەکانی ژیاندا دەگەڕێن و بە بەردەوامی لە دەرگاکانی پرسیار دەدەن، بەڵێم ئەفسوس هیچ کام لە وەڵێمەکان تینوێتیان بەرەو ئاسۆیەکی مژدەبەخش و زادەی هەست و عەقڵێکی نوێخوازن نابەن، بەڵێم مەخابن رەشەبای دەوروبەر بەرەو بیرکردنەوەیەکی تریان دەبەن و هەرزوو دایان دەماڵن لە رابوون و رامانی فیکریی و هونەریی لەبۆنەو ئاهەنگ و لەنێو گەلەریی و شانۆیی پڕشکۆدا زۆر بەهەیبەت و جەسوورن، بەڵێم لەدەرەوەی بازنەی ژیانی هونەرییان بەچاوێکی تر سەیر دەکرێن کە هەر خۆمان دەزانین چۆن چاوێکە .
بۆ رازاندنەوەی جوانکاری ژیانی کەسانی تر یەکەمین توێژن کە پرسیان پێدەکرێت، بەڵێم بۆ پرسە هەنوکەییەکان و مەسەلە چارەنووسازەکانی میللەت دواچین و توێژن کە گوێیان لێدەگیرێت، وەلێ هیچ کاتێك راکانیان بەهەند وەرناگیرێت، هەمیشە مشتومڕی وجودییانە دەکرێت لەسەر ئەوەی ئایا هونەرمەند لە کانیاوی زادەی بیرکردنەوە و رۆشنبیری خۆیەوە شاکارەکانی پێشکەش بکات، یاخود دەبێت هەموو کاتێك دابەزێتە ئاست بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵگە، ئەم رەوتە دژ بەیەکە گرێ کوێرەیەکی ئەستەمی دروستکردووە و چارەسەرێکی بنەڕەتی گەرەکە، ئەم راستییانەی سەرەوە پێویستی بە گفتوگۆیەکی هێمنانە هەیە، لەگەڵ کێ؟ نازانین!، بەڵێم لەگەڵ ئەم هەموو تێڕوانینانەش ئێمەی هونەرمەندانیش لەنێوان خۆماندا ئەوەندە ناتەباو دڵڕەق و بێ بەزەیین کە ناتوانین لەگەڵ یەکدا هەڵبکەین و ببینە هاوەڵ و هاوڕێی یەکتری. ئێمە هەمیشە بەدوای خاڵە نێگەتیڤەکانی یەکتریدا دەگەڕێین و لەهەر شوێنێك هونەرمەندێك بگاتە پلە و پایەیەکی شیاو، هەوڵدەدەین بەهەموو شێوەیەك کارە پڕ ئاکام و بەرزو پڕ ئەفراندنەکانی نەگاتە ئەنجام و ئامانجی هونەریی خۆی و هەرزوو بەدوای چکۆلەترین بیانوودا دەگەڕێین تاشوێنەکەی پێ لەق بکەین و فڕێی بدەینە ئەودیوی مەبەستە پیرۆزەکان .
زۆربەی کاتەکان بێئەوەی بنەماو پێگەیەکی ئەکادیمیمان بەدەستەوە بێت لە راگەیاندن و کەناڵەکانی بڵێوکردنەوەی هەواڵدا رەخنەی رووخێنەر و مەسەلە تایبەتییەکان ئاراستەی یەکتری دەکەین و دەیانخەینە بەردەم قەڵەمی بێ بەزەیی و مایکرۆفۆنی حەیابەر! لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە هەرهەموومان بەیەکەوە لە چەندین دەزگای هونەریی و پەروەردەیی (حکومی و حزبی) کار دەکەین و لەبەر کەمی کات و بیرکردنەوەو رامانی هونەریی ناپڕژێینە سەر کارەکان و ناتوانین لە هیچ کام لە کارەکانماندا مافی تەواوی خۆی پێ ببەخشن، دواکارەساتی هەنوکەش ئێستا وشەی پیرۆزی (هونەرمەند)ە کە وەکو شتێکی زۆر ئاسایی بەیەکسانی دابەشکراوەتە سەر ئەو هونەرمەندانەی زیاتر لەچل ساڵە شەو و رۆژ بەیەکەوە گرێدەدەن تا لە کاروانی داهێنان دانەبڕێن و ئەوانەی لە ژیانی رۆژانەشیاندا تەنها چەند کارێکیان پێشکەشکردووە کە لەپەنجەی دەستێکمان تێپەڕ ناکات لەگەڵ ئەو ئارەزوومەندانەی کە بۆ مەبەستێکی تاك و تەریك، بەرهەمێکی کرچ و کاڵ دروستدەکەن، بۆیە پرسیاری هەرە گەورە لێرەوە دەبێت بکرێت : ئایا ئێمە هەر بەو حاڵە پڕ شپرزەییەوە دەمێنینەوە؟ .!

بە زانستکردنی موزیك
هێنانەدی ئامانجە هونەرییەکانی ئێستای تیپە هونەرییەکان ئەرکێکی پیرۆزەو کردنەوەی دەروازەیەکی تری هونەرییە بۆ ئەوەی تیپ و گروپە موزیکییەکانەی کەوا بتوانن رۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو لەبەرەو پێشخستن و بەرەو پێشچوونی موزیکی کوردی ببینن. لەهەزارەی سێیەمدا هەموو هەوڵەکان دەبێ بچنە باوەشی( موزیکی کوردی ). دەبێ گوێگرو بینەری کورد ( چێژی موزیك ) بەمانا فراوانەکەی هەزم بکات و سەرجەم بەرهەمە گۆرانییەکانی کوردی ئەوانەی زیاتر تام و بۆ و قوڕگ و رەسەنایەتی کوردییان پێوە دیارە, لەسەرەتاداو وەك قۆناغی یەکەم بکرێن بە میلۆدییەکی چاك تا بتوانێ هارمۆنیای ئاوازداری لەسەر بنیات بنرێ.. لەهەزارەی سێیەمدا ( موزیکی کوردی ) دەبێ ببێتە بابەتێکی پراکتیکی بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی هونەری، مامەڵەکردنمان با لەسەر بنەڕەتە سەرکییەکانی موزیکی جیهانی بێ، بەڵێم با هەمیشە ناوەرۆك و کاکڵی تام و بۆنی کوردەواری بێ.. بنەما زانستییەکانی هارمۆنیا با لە خزمەت ئەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەدا بن کە تائێستا نەکەوتوونەتە بەر هەناسەی سروشتی ژیان، موزیکی کوردی وەك ئەرکێك وا بەسەر شانی

هەموومانەوە ناز دەكات, چێژ وەرگرتن عیبرەتێكی زۆر گرانبەهایە گەر لێی گەیشتین ئەو بابەتانەی ئەمڕۆ لەنێو تیپ و گروپە موزیكییەكاندا زیندوو دەكرێنەوەو پێویستە پانتایی ژیانەوەیان فراوانتر و فراوانتر بكرێ، بەمانایەكێتر بەدواداچوون و پرسیاركردن لە پسپۆرانی (زانستی فۆلكلۆر) هەمیشە لەو ئامانجە هونەریانە نزیكیان دەكاتەوە كە مەبەستمانە، لە هونەرستانی رۆحی هەر یەكێكیشماندا جیهانێك لە ئەڤین و خۆشەویستی بە ژیلەمۆی داهێنان داپۆشراون، با ئەمڕۆ هەوڵی زانستی لە خزمەت بەها هونەرییەكان بن، نەسرەوتنی دڵە بێ ئارامەكانمان با بەئۆخەی میلۆدییەكی دابەشكراوی هارمۆنیا ئامێز بحەسێتەوە، دەروازە هونەرییەكان با بەرەو ئاسۆی دەرگا لەسەر پشتەكانی ئەفراندن بمانبەن، رۆحی هونەریشمان با هەمیشە دەست لە ملانێی ئەو ئاوازانە بن كە لەسەر پشتی ئەسپ و لەسەر تاشە بەرد و ئەشكەوت و دۆڵ و چیا سەركەشەكانی كوردستان لەدایك بوون، بەخۆدا چوونەوە هەنگاوی یەكەمە بەرەو لوتكە، بەڵێ لوتكە ..

شۆپان

لەنێوان باوەشی پیانۆ و ئامێزی(جۆرج ساند)دا

( 249 )ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی پاریس دڵی گەورەی ( فریدریك شۆپان ) پۆڵۆنی لە لێدان كەوت و بەم كۆچە ئەبەدیەش دنیای موزیكی بەگشتی و ئامێری ( پیانۆ )ی موزیكش بەتایبەت بەرەو دورگەی نامۆیی هەنگاوی نا.. ئەوەی ( شۆپان )ی سەر لێشێواو لە بلیمەتەكانی تری بواری موزیك جیا دەكاتەوە، ئەو پەیوەندییە هونەرییە ئەدەبییە كە ( شۆپان ) هەر لە لە قۆناغی هەرزەكارییەوە مەرامی بوو. كارەكانی ئەم زاتە پاكە هەر لە كارە هونەرییەكانی كە بۆ ئامێری پیانۆی نووسیبووی تا دەگاتە ئەو شاكارانەی كە بۆ ( چەمبەر موزیك ) و (ئۆركسترا) هەموویان رەنگدانەوەیەكی كتومتی ژیانی واقیعانەی خودی خۆی بوو، زۆر راستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دەكرد و هەمیشە ئیلهامی كارەكانی خۆی لە سۆز و خۆشەویستی دایكییەوە سەرچاوەی گرتبوو, لەتەمەنی ( 24 ) ساڵیدا لە كۆڕ و سیمیناری ئەدەبی ئەوسا بەشدارییەكی بەرچاوی هەبوو، ئەم ئامادە بوونە بەردەوامییەش وای كرد كە پەیوەندییەكی ئەدەبی و سۆز ئامێز لەگەڵ كەسایەتی ئەدەبی گەورەی فەرەنسا ( جۆرج ساند ) دروست بكات. لە دواساتەكانی ژیانیدا نەخۆشی دەروونی تەنگی پێ هەڵچنیبوو, وای كرد كە تەنانەت خۆشەویسترین هاوڕێی خۆی نەناسێتەوەو لەبەر ئەم كارە دژوارە خزمان و كەسی دۆستی نزیكی ناچار بوون بیگوازنەوە بۆ یەكێ لەو نەخۆشخانانەی كە چارەسەری ئەو جۆرە نەخۆشیانەیان دەكرد، كەچی (شۆپان )ی عاقلاْ لەگەڵ خودی خۆی لەم قۆناغەی چارەسەری نەخۆشییەكەی كۆمەڵێك شاكاری موزیكی گەورەی بۆ ئامێری ( پیانۆ ) نووسیوە، سەیر لەوەدایە هەندێ لەو پارچە موزیكیانە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ كەس نەیتوانیوە بیانژەنێ لەبەر قورسی تەكنیك و TEMPO) بێ ئاوازەكان، دیاریشە مردنی بلیمەت و هونەرمەندان دەبێ جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەلاْ مردنە سادەكان هەبێ, چونكە هونەرمەند لە خەڵكی ئاسایی گەورەتر نییە بەڵكو جیاوازترە, هەر لەبەر ئەو خۆشەویستییەی بۆ (پاریس و فەرەنسا) بە گشتی وای كرد كە لەوەسیەتەكەیدا بنووسێ ( جەستەم بنێرنەوە پۆڵۆنیا و با دڵیشم لە پاریس بنێژرێ .(

گۆرانی ((نان)) لەنێو موزیکی خۆراکی گیاندا

لە نێو مێژووی گۆرانی کوردیدا هەندێ بابەتی هونەری هەن کە هەڵگری بنەمای فیکر و ئایدۆلۆژیای تایبەتن، لەنێو ئەم هونەرەدا پۆلینکردنی گۆرانی بۆ ئەو بەشانەی کە پەیوەستن بە ژیانی خەڵك و گوزەرانی ئاستەمیان دەبێ و بەوردی شیبکرێنەوە, ( گۆرانی نەتەوەیی ) و ( سروودی نیشتیمان ) و (گۆرانی درامی ) بەشێکن لەو بابەتانەی کە سەلیقە و کارامەیەکی زۆری دەوێ .

گۆرانی ( نان ) کـــەبەدەنگی هونەرمەندی ژانگرتوو(نەجمەی غولێمی) تۆمارکراوە هەڵگری ئەو بنەما تراژیدی و فیکریانەیە کە ژیانی هەزارەها کرێکاری لە ناخدا هەڵگرتووە، دەنگی (نەجمەی غولێمی) لە زانستی موزیکدا دەچێتە خانەی ئەو دەنگانەی کە ( 13 ) دەنگی موزیکی زۆر بە لێهاتوویی ئەزبەر دەکات و لە چینە دەنگی ( باریتۆن ) تا دەگاتە دەنگی ( تینۆر )ی یەکەم میانەی نێوان دەنگ و ئادای هونەری زۆر بە شارەزایی ئادا کردووە, هەر لەگەلاً یەکەمین رستەی (من ئەو کەسەم) دەست پێدەکات و لەمەقامی(کورد)ە, هاوارێکە بۆ تێکەیشتن و پاڕانەوەیەی کە لە خودی ژیان کە نابێ ژیان هەرزانتر بێ لە ( نان )!!، میلۆدی گۆرانی درامی ( نان ) تێکستێکی هونەری بەرزە, موزیك تیایدا رۆڵی هێورکردنەوەی دەروونی پڕ کڵپەی کرێکاری ماندوو نەناس دەکا، لەگەلاً هەر رستەیەکی پڕ مانای دەقی شیعرەکە موزیکی پێشەکی و کۆپلەکانی ناو گۆرانییەکە بە نێو میانە هەڵبەزو دابەزیوەکاندا گوزەر دەکاو هارمۆنیایەکی بە مۆرك کوردی و ئادای تراژیدی پاڵپشتی ئەو بەرهەمەن کە دڵنیام لە هەموو ئان و سات لەگەڵ عەقڵ و هزری کرێکار و بازووی پڕ ئاوات و خۆزگەی دەوێ، وەکو ئەزموون و تەکنیکی هونەری (نەجمەی غولێمی ) لەم گۆرانییەدا بەهەست و ریتم و رەمزێکی تازەوە مامەڵە لەگەلاً دەقی ئەدەبی دەکا. لەڕووی پێکهاتەی تەواوی بابەتی گۆرانییەکەش ئەوا دەکرێ بڵێین (گۆرانی نان) لە گڕوتینێکی تازەیدا بە ئادای گۆرانی ئاوازدا، چونکە هەندێجار ئاوازێك لەدایك دەبێ کەخۆی هەڵگری مانا ئەدەبییەکەشەو دواتر بە دوای دەقێکی شیعریدا دەگەڕێین تا بیکەین بە پۆشاك و بەرگی ئاوازەکە، هەر بابەتێکی هونەریش گەر لە دەستپێکەوە بە ترپەیەکی کاریگەر دەستی پێکرد, دەبێ ( کەدانزە ) کەشی بەهەمان شێوە بێ و ئایدیای تەواوی بابەتەکەی لە کۆلاً بێ. هونەرمەندی ئازیزمان ( نەجمەی غولێمی ) خۆی لەنێو واقیع و ژیانی ئەو کات ژیاوەو دەزانێ حورمەتی ئارەق رشتنی نێو چاوان چەند پیرۆزە, کەواتا گوتن و ئادای گۆرانییە درامیەکە لەنێو ناخ و دەروون و باگراوندی کارکردنی رۆژانی رابردوو لەدایك بووە، بۆیە بەمجۆرە هاتە وجود و هەستی سەر لەبەری مرۆڤایەتی هەژاند، وەکو شاعیری گەورەش (ئەدۆنیس ) وتەنی:( بۆ عەشقی خۆر زۆر دوور رۆیشت بیابان بۆیە بەمجۆرە سووتا .!!(

گۆرانی نان

من ئەوکەسەم هەموو رۆژێ هەی ژین هەی ژین
ژیانی ئەمڕۆم ئەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی
ئەمڕۆش دیسان هاتوومە دەر هەی ژین هەی ژین
ژیانی ئەمڕۆم ئەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی
لێم ناکڕێ خاوەنی نان لێم ناکڕێ
هەنگاوێکم پەنگاوەتە بین و گەروم هەی داد هەی بێداد
لەم بازاڕە بێ رەحمەدا ژیان هەرزانترە لەنان

کورد کاتی ئەوەی نییە گوێ بۆ پارچە موزیکێکش شلکا
)ئامانج غازی ) موزیکژەنێکی لێهاتووی شاری هەولێرەو خاوەن چەندین ئاواز و پارچە موزیکی رەسەنی کوردییە، دەمێکە کزەو سستییەك لە چالاکییەکانیدا دەبیندرێ, وەك جاران بەو گەرمو گوڕییەوە داهێنانە تازەکانی ناکەونە بەرچاو، بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو هونەرمەندە، ئەم چەند پرسیارەشمان لەگەلأ خۆماندا بردبوو؟

*خێرا گەیشتیتە لوتکە، خێراش هاتیە خوارەوە؟
-کێ دەڵێ من کاتی خۆی لەلوتکەدا بووم، ئەوانەی ئەم شتەیان دروست کردبوو، مەرامی پاکیان بەدواوە نەبوو، کەوەکو جارانیش نەماوم, ئەوە لەدەسەلێتی خۆمدا نییە!!

*راستە کورد موزیکژەنی لێهاتووی کەمە؟
-کورد گوێگری لێاتووی کەمە، چاوی پڕ سیحری چێژو روانینی کزە، رەخنەگری بە سەلیقەی نییە، ئەسڵەن کورد کاتی ئەوەی نییە گوێ بۆ پارچە موزیکێکش شل بکا!!

*دەمێکە ئاوازی نوێتان نەبیستراوە؟
-کار بۆ گۆرانیبێژی بە ئەزموون ناکەم، ئەوان لەسەر پشتی ئاوازدانەر دەگەنە ئەو بەری رووبارەکە، ئێستا هەموو هەوڵێکم بۆ خۆمەو چۆن بتوانم لەدەست کۆت و تەنافی هەمووتان رزگارم ببێ .!

) *عود ) و ( چەلۆ )ت، چۆن بەیەکەوە گرێداون؟
) -عود )نیشتمانە، ئەو خاکەیە کەبەمن رەوا بینراوە، (چەلۆ)ش ئەو ولێتەیە کە تائێستاشی لەگەڵدا بێ دەستەمۆ نەبووە لەلامان، هەرچەندە هەوڵی زۆری بۆ دەدەین, وەلێ ئەفسوس نایەتە ژێر باڵمان .

*موزیکی کلاسیك و نوێ، کامیان بەشیاوتر دەزانیت بۆ ئەمڕۆی گۆرانی و موزیکی کوردی؟

-دەمێکە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە بنەماکانی موزیکی جیهانی ناتوانن ئەو شۆڕشە هونەرییە بن و سەربەخۆیی میلۆدییەکان رابگەیەنن، موزیکی کوردی کە بیانووی گۆرانییە کوردییەکانە, بۆیە وا حەی حەی دەکا! .. ..

*بۆچی کەم خۆتان لە موزیکی رۆژئاوایی دەدەن؟
-زۆربەی کارەکانم لەسەر بنەمای ( هارمۆنی ) موزیکی جیهانی بووە، شتێ نییە رۆژهەڵێتی و رۆژئاوایی بێ، ئەم دوو چەمکە جوگرافییە, سنوور بۆ بە جیهانبوونی موزیك دادەنێ، من هەمیشە بڕوام بەوە هەیە کە موزیك دەتوانێ بەشداری لەدانانی دەستووری ولێتێك بکا! .. ..

*لە عود ژەنیندا کێ موونافسی ( ئامانج غازی )یە لە کوردەکان؟
-هەموو موونافسەکانی من لەدەرەوەی بازنەی موزیك و هونەرن، هەیە دەیانەوێ من لە ژەنیندا زۆرباش بم بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر خۆی ماندوو بکە، هەشیانە دەیەوێ لەهەر کەوتنێکمدا دەستی زبری بێڕەحمی ئەوی تێدا بێ!! .. ..

*میللەتانی دەوروبەر سوودیان لە موزیکی کوردی زۆر وەرگرتووە، ئایا کورد سوودی لە کێ وەرگرتووە؟
-هەر لە زەمانی ( زەینەفون )ەوە بگرە کە بە گۆرانی و سروود بەرەنگاری دوژمنەکانمان دەبووینەوە, هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ نەمانتوانی یاخود راستتر بڵێم نەمانویست جەنگەکە ببەینەوە، ناچار دەرگاکانمان والێ کردووەو بە درێژایی ئەو مێژووە باجی بەهەند هەڵنەگرتنی کەلەپووری زیندوومان دەدەینەوە .

*چی بکرێت بۆ ئەوەی موزیکی کوردیمان بەرەو جیهانییەت بەرین؟
-ئەگەر هەر بەقسەش بێ, جارێك بە هونەرمەندان بوترێ ئێوە بۆ خۆتان پرۆگرامێك ئامادە بکەن و پێشکەشمان بکەن .

*جگە لەموزیك بەچییەوە خەریك دەبی؟
-من ئێستا مامۆستام و سەربەرزم کە کاری پیشەیی دەکەم، هەر کاتێك بڕیارمدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان جێبێڵم, ئەوا خەریکی کاری هونەری دەبمەوە .

*دوا وتەت؟
-فیدرالی بۆ کوردستان و سەربەخۆیی بۆ هونەرمەندان!! .. ..

لەگەڵ هونەرمەند ( ئامانج غازی ) دا

*گۆرانی کوردی. .. . ئەنفال دەکرێت!!
*موزیك.. .. . نامەیەك بۆ دڵە بێ نازەکان . .. ..
*بەهونەرمەندەکانی هەندەران دەڵێم.. .. . وەرنەوە!!

*بەدوای سیمای خۆمدا دەگەڕێم! . .. ..

لەکوێوە لەگەڵا ( ئامانج )ی هونەرمەند دەست پێ بکەین, هەر دەچینەوە باوەشی موزیك.. ئەو دنیا بێ دەنگەی ( ئامانج )ی شەکەت لەگەڵیدا دەگاتە رادەی خولیا بوون, بۆیە پرسیارکردن لە (ئامانج) قسەکردنە لەعەشق, هەر بۆیەش کە دەدوێ وەکو هونەرمەندێکی ژانگرتووی قاڵبوو بەخەمی موزیکی کوردی دەدوێت, دوان و ئاخاوتن لەگەڵا ( ئامانج ) بەبێ پەردە پیرۆزە, بۆیە کە ویستمان لە حاڵی حازری موزیکی کوردی قسە بکەین, بەڵێنی لێ وەرگرتم بۆچوونەکان نەبن بە خۆراکی مەقاش و لە سوچێکا من و ئامانج و کۆمەڵێك رازو نیازو گلەیی بوون بە سەرچاوەی ئەم رێپۆرتاژە هونەرییە .

*لەکوێوە دەست پێ بکەین؟ ..
-1لەلا ئینتماوە بۆ هەموو شتەکانی ئەم بستە خاکە .
-2لەسەرەتای کۆتایی .

*موزیك بەلای تۆ چی دەگەیەنێت؟
-موزیك نامەیەکی کراوەیە بە سەرپەرشتی ئاوازەکان دەچێتە نێو دوورگەی دڵە بێ نازەکان و زۆرجار لە بری قسەکردن بەکارهاتووە, بە کورتی موزیك ( رێکخەری یاساکانی سروشتە .(

*ئەی موزیك دەتوانێت ببێتە ناسنامە؟
-ئەو کاتە دەبێتە ناسنامە کە ناسنامەی خەڵك پێوەرێك بێ, واتا مرۆڤی پسپۆر سەرپەرشتی ئەو کارە بکات کە تیایدا نوقمی حاڵەتی کامڵی بووە .

*کەباس دێتە سەر موزیکی کوردی, یەکەم هەنگاو چۆن بتوانین (چێژ)ی موزیك لای خەڵك دروست بکەین؟
-ئەم خاڵە ووردبوونەوەیەکی دەوێت، با جارێ لە رۆشنبیران و هونەرمەندان و شاعیران و موزیکژەنەکان دەست پێبکەین، ئینجا هونەر دۆستان. باخەڵکی بەسەزمان خەریکی شتی تر بن, ئێمە چ وەڵێمێکی خەڵك و جەماوەر بدەینەوە کە تا ئێستا گاڵتەیان بە هونەرمەندانی ولێتەکەی خۆیان دێ, چونکە شەونییە لەبەر چاو و دیدەیان دووجار و دەجار نەمرن و ئارەقەی شەرمەزاری نەڕێژن . .. ..

*دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە موزیکی ( هاوچەرخ )ی کوردی لەدایك بووە؟
-ئێستا لە منداڵدانی ئەم سەدەیەدا پێش کۆتایی هاتنی ئەم چەرخە کۆرپەیەکی سەربەست و رەسەن لەدایك دەبێ کە لەگەڵا خۆیدا پاسپۆرتی چوونە ناو هونەری جیهانی هەڵگرتووە . .. ..

*بۆچی موزسیەنی چاکمان هەیە، بەڵێم ئاوازدانەری چاکمان لەدایك نەبووە؟
-من حاڵەتەکە بە پێچەوانە دەبینم, ئاوازدانەری چاکمان هەن و ئێستا خەریکی دانانی پرۆژەیەکی نوێن بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی نموونەش "چەند ئاوازێکی نوێ لە سلێمانی و هەولێر ئێستا لەسەر رەفەکان و نیو قەدی کتێبە پیرۆزەکان هەڵگیراون چاوەڕوانی گۆرانیبێژێکی خاوەن هەڵوێستێکی هونەری دەکەن بەرامبەر خاوەنی ئاوازەکە وەکو حاڵەتی یەکەم و بەرامبەر هونەرە پیرۆزەکەش وەکو حاڵەتە گشتییەکە .

*ئەگەر بەبێ هیچ سانسۆرێك لە حاڵی حازری موزیکی کوردی بدوێین، دەڵێی چی؟
-حەزدەکەم بۆ وەڵێمی ئەم پرسیارە رووم لە گۆرانیبێژو موزیکژەنە کوردەکان بێ کە ئێستا لە ولێتانی ئەوروپا و هەندەراندا دەژین, ئەوا رووم لەوانە و دەڵێم تا بەجارێ ئێمەش نەکەوتووینە بەر حاڵەتی ئیفلیجی هونەری, تکاتان لێدەکەم وەرنەوە، وەرنەوەو بەبڕوانامە قەدکراوەکانتان وانەی عەشقی هونەریمان پی بڵێنەوە، بابەس بێ لەم ولێت بۆ ئەم ولێت لەو دەرگا بۆ ئەو دیوی دەرگا .
چیتر ئیدیعای گەورە مەکەن و ناز بەسەر هونەرێکدا مەکەن کە پشتتان تێکردووە, لەم دواییەدا زۆربەی هەرە زۆرتان هاتنەوە, بەڵێم وادیار بوو جانتای رۆشنبیری و نۆتەکانتان بیرچووبوو, بەهەر حاڵ ئەگەر ئەمجارە هاتنەوە ولێتە شیرینەکەتان کە خۆتان باستان کردووە لەوێ, هیچ شتێك بەجێ مەهێڵن و تکایە هەر هەمووی بهێننەوە تەنها خۆتان نە

!.

*سەمفۆنیای کوردی خەونە یان؟
-هیچ شتێ نییە لە زانستی موزیك پێی بڵێین خەون، سەمفۆنیای کوردیش زۆر لەوە گەورەترە بچێتە خانەی( خەونە ئاڵۆزەکان ), دەتوانین بڵێین تارماییەك بەدی دەکرێ لەنێو سەرابە ئەبەدییەکان .. ..

*دروستبوونی تیپە ( ڕۆژئاواییەکان ) چ کارێك دەکەنە سەر دنیای موزیکی کوردی؟
-ئەوان لەدەرەوەی سنووری هونەر بەسەقەتی لەدایك بوون و تا ئێستا نەهاتوونەتە نێو ڕەحمی هونەرێکی ڕەسەن، هیوادارم بگەنە ئەو حەقیقەتەی کە ئەوان ڕۆڵەی خۆشەویستی هونەرن، بۆ ئێستا بە شاپازڵە کەوتوونەتە سەر دایکە دڵسۆزەکەیان ؟

*ئاخۆ ڕۆشنبیری موزیکمان لەلادروست بووە؟
-ئاخۆ موزیکێکی ڕەسەن هەیە کە بتوانرێ پەنجەی زانستی و ڕەسەنایەتی بۆ درێژ بکرێ؟
-ئاخۆ ( لاوك و حەیران ) خراونەتە سەر لاپەڕەی نۆتەی موزیك تا پێیان بنازین؟
-ئاخۆ گۆرانیبێژەکانمان بیریان لەوە کردۆتەوە کە شارەزاییان لە میانەی قوڕگی خۆی هەبێت؟
-ئاخۆ ئێمەی موزیکژەن بەخەیاڵماندا هاتووە کە دەبێ فریای خۆمان کەوین, چونکە خەریکە لەنێو تەپ و تۆزی کورتەباڵێکانی هونەردا دەخنکێنین؟
تائێستا موزیکی کوردی و گۆرانی کوردی نامۆن بەیەکتری و نەبوونەتە ( ژن و مێرد ), چۆن دەتوانین بڵێین ئەوە مناڵە هی ئەوانەو(ڕۆشنبیری موزیك)ش ناوەکەیەتی؟

*گۆرانی کوردی توانیویەتی لە( سوان ) و ( جوینەوە ) خۆی ڕزگار بکات؟
-بەڵێ.. بەڵێ ئەی ئەوە نییە نایەڵن گوێمان لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژە نەمرەکان ببێ بە دەنگی خۆیان، ئەوە نییە هەموو ڕۆژ (5 – 6) گۆرانی لە حاڵەتی ( سوان ) ڕزگار دەکەن, جوینەوەکەش هەریەك کەس و (دە)و(پەنجا)ش نین, کەواتا گۆرانی کوردی خەریکە کەژاوەی مەرگی بۆ ڕێکدەخرێ و لەبەرچاوی لێپرسراوانی دەزگا ڕۆشنبیریەکانیش ئەنفال دەکرێ, ئای لەو کارەساتە .

*تیپە چاکەکان بۆ بێدەنگن (لەداهێنان) کێ داهێنەرە؟
-1باری ئابووری ڕەشماڵی ڕەشی بەسەر بارەکەدا کێشاوە, ئەمە هۆیەکی سەرەکییە بەڕای من, بەڵێم چەند حاڵەتێکی تریش لە ئارادان نموونەشمان" لەشارێکی وەکو ڕواندز کە(15) هونەرمەندی ڕاستەقینەی تێدا هەڵکەوتووە, ئێستا ئەم هونەرمەندە نازدارانە بوونەتە(2) گروپ و خەریکن هونەرە پیرۆزەکە بەرەو(خەرەند) هەڵدێرن و ئێستا کەوتوونەتە پروپاگەندە دژی یەکترو شك لە هونەرمەندایەتی خۆیان دەکەن, بڕوابکە گریانم دێ بۆ حاڵیان ..!!
سەبارەت بە(کێ)ش داهێنەرە, بەڕای من دروستکردنی(وجود لە عەدم)ەوە کارێکی ڕۆژانەی ئاسان نییە .

*ئامانج غازی لەنێو موزیکدا لەچ ئاستێك خۆی دەبینێ؟
-وەکو هونەرمەند لە پێشی پێشەوە سیمای خۆم بەدی دەکەم, کەچی کەسەیری ئەو شەمەندەفەرە هونەرییە دەکەم هونەرمەندانی تێدان, ئەوانەی کە ڕێز و حورمەتیان دەگیرێ لەنێو دەزگا ڕۆشنبیری و ڕەسمییەکاندا خۆم لەفارغۆنی هەرە دواوەی شەمەندەفەرەکە دەبینم .. ..

*چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقێکی شیعری دەکەی؟
-شیعر لای من خەمە, جیهانێکی موقەدەسە, زۆر ڕێز لە شیعری پوخت دەگرم و بەپیرۆزیەوەش دەیخوێنمەوە، وەکو هونەرمەندێك زیاتر مامەڵەم لەگەلا شیعری هەرە هاوچەرخی کوردی کردووەو هەردەم ڕێزیشم هەبووە بۆ شاکارە شیعرەکانی کلاسیکی کوردی، زۆر کات شاعیرێك لە شیعرێکیدا نەیتوانیوە حەز و ئارەزووەکانی دامرکێنێ و تێرم بکا, ناچار پەنام بردۆتەبەر چەند شیعرێك و تێکهەڵکێشی یەکترم کردووەو کردوومن بە ئاواز, دەشزانم کارەکەم هەڵەیە, بەڵێم بەدەست خۆم نییە . .. ..

*لەسەدا چەند لەخۆت رازیت؟
-وەکو ئینسان ( 1 , 0 ( %
-وەکو هونەرمەند ( 1 ,0 10 ( %

*لەگەڵ کێ دەتوێیتەوە؟؟
-بۆ کەسێك توامەوە کە دەمزانی پێویستی بە سۆز و شیرینی من نییە .. ..

*ئامانج لە موزیکدا بەدوای چیدا دەگەڕێت؟
-بەدوای سیمای خۆم، بەدوای شتە نەزانراوەکانی دۆزەخی رۆژانی داهاتوو, بەدوای پڕکردنەوەی قۆرتە زەقەکانی موزیکی کوردی، بەرۆژ هەست دەکەم کە خەریکین دەبینە خاوەن موزیکێکی رەسەن, کەچی شەوان دەگەمە ئەو قەناعەتەی کە کورد تا ئێستا بە دەهۆلا و زوڕنای بێگانان هەڵدەپەڕێ و گۆرانی دەڵێ .. ..

*کەی موزیك لای ئێمە دەبێتە شارستانیەت.. ؟
-1لاچوونی هونەرمەندە زیندووەکانی بەهرە مردوو .
-2لەدایك بوونی هاوکێشەیەك کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن, ئەمیش هونەرمەند =(داهێنان + هەڵوێست + ئەخلاق .(
-3دەستبەجێ بڕیاری خوێندنی وانەی موزیك بدرێ هەر لە باخچەی ساوایان تا وەرگرتنی بڕوانامەی پرۆفیسۆری .
-4تەدمیر کردنی بازاڕی (شێخەڵلێ) بە هەموو شتێکەوە .

*مەرگ لای هونەرمەند چۆن دەبینرێ؟
-گەورەیی مەرگ لەلای هونەرمەند لەوەدایە کە مردن هیچ پەیوەندییەکی بە نەهامەتی مرۆڤەوە نییە .. ..!!

*ئەم وشانە .. ..
*عیشق ؟
-نایناسم .

*دایك ؟
-نیشتمانێکە بە سەرپەرشتی شەپۆلەکان بەدوای حەسانەوەدا دەگەڕێ .

*جیابوونەوە ؟
-ئاوێتەی هیچ شتێك نەبوومە تا هەستی پێ بکەم .

*رواندز ؟
-سەردەمێك پایتەختی ئیمارەتی سۆران بوو, بەڵام ئێستا . .. .. .. .

*مردن ؟
-وەرە با بەرلەوەی بمرین، لەباوەشی یەکا بمرین .

*تەلەفزیۆن ؟
-بوومەلەرزەی چاوەڕوانکراوی کۆتاییەکانی سەدەی بیست .

*شیعر ؟
-لە ئەرستووە بگرە تا ئەمڕۆش کەس نەیتوانیوە وەسفی بکات، ببورە .

*چاوەڕوانی ؟

-بەمەرجێك كزەبای ئێوارەیەكی پاییز میوانی جەستەم بێ .

*پرسیارێكی چاوەڕوان نەكراو ؟ كێ هاندەرتە بۆ ئەوەی لە هونەرەكەتدا بەردەوام بیت ؟
-دڵخۆش بووم بەوەی كە ئینسانێك هەیە تێم دەگا و پشتی گرتووم, كەچی كە ئاوڕم دایەوە سێبەری خۆم دەرچوو .. .. ..

*چی تر ؟
-نەمری بۆ یاخیبووەكانی جیهان .

رۆڵی ئافرەت لە هونەری موزیك و گۆرانی كوردیدا
بۆ قسەكردن لەسەر ئەم بابەتە دەبێت هەردوو چەمكی گۆرانی و موزیك لەیەكتر جیابكەینەوە بۆ دەستنیشانكردنی خاڵەكان وكاتێ باس لە موزیك دەكرێ وەك هونەرێكی ئەبستراكت، نابێ باسی رۆڵی ئافرەت بە سەرپێیی بكرێ و رەچاوی ئەوە نەكرێ كەوا بەرچاو و كارا نەبووە، بەڵێم لە بواری گۆرانیدا كە تاچەند ئافرەت توانیویەتی زاخاوی مێشك و بابەتێكی جوان پێشكەش بكات و دەنگی دەنگێكی زولێلاْ بگەیەنێتە خەڵك، بۆیە لە سەرەتاكانی دروستبوونی ئێستگەی كوردی لە بەغداوە دەست پێدەكا و تا ئەمڕۆ و رۆڵێكی كارایان هەبووە .
موزیكژەنەكان كە زۆربەیان لە ئێستگەی كوردی بەغدا كاریان كردووە، نەیانتوانیوە مۆركێكی گۆرانی كوردیمان پێبناسێنن وەك موزیك، بەڵێم دەنگە رەسەنەكان توانیویانە بە دەنگەكانیان میلۆدییە كوردییەكانمان بپارێزن كە خۆی لە خۆیدا ئەمە خۆشبەختییەكە بۆ كورد. ئەو دەنگانەی كە لەوێ كاریان كردووە یاخود لە نێو دێهاتەكانی كوردستان بەو سروشت و میلۆدیانە پەروەردە كراون كە لەوێ هەبوونە، توانیویانە بەڕاستی كارێكمان نیشان بدەن كە بابەتەكانی تری گۆرانیمان پێبناسێنن، ئەوەش بەڕاستی وەك " گوڵبەهار و ژیان خان و مریەم خانم و عەیشەشان و فەتانەی وەلیدی" ئەمانە دەتوانین وەك دەستپێكی بابەتەكانی گۆرانی كوردی باسی لێوە بكەین و لێكۆڵینەوە بكەین كە تاچ رادەیەك توانیویانە زاخاوی مێشكمان پێ رەوا ببینن كە چۆن بتوانین شیتەڵیان بكەین و جوانی ئەو دەنگانە ببینین كە چۆن توانیویانە خۆیان لەقەرەی لاوك بدەن، یاخود گۆرانی هەرچەندە بابەتەكانی مەقام دەبێ بە تایبەت باسی بكرێت، بەڵێم بابەتەكانی وەك حەیران و مەقامەكانی تر لەبواری ژەنینیشدا رۆڵی دیارمان نییە، تاوەكو تیپەكان لە هەولێر و شارەكانی دیكە دروست بوون وەك تیپی دەرسیم و تیپی مەولەوی لە سلێمانی و تیپی رانیەو تیپی پاشای گەورەو ئێستاش كۆمەڵێ گروپی ئافرەتی موزیكژەن هەنە كە توانستی ئەو بابەتەیان تیادا بەدی دەكرێ .
دواتر رۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەكان لە ( 28 )ساڵی رابردوو لە سلێمانی كۆمەڵێ لە ئافرەت لەسەر بنەمایەكی زانستی پێگەیشتن، لەبەر ئەوەی كە دەگەڕێینەوە سەر رۆڵی ئافرەت لە گۆرانی و موزیكی كوردیدا، دەبێ هەمیشە گۆرانی لەپێش بابەتەكانەوە بێت، وەك چۆن گۆرانی لە مێژووشدا پێش موزیك كەوتووە و قورگی مرۆڤیش یەكەم ئامێری موزیكی بووە, بەڵام ئەگەر لەلایەنی زانستییەوە بنوارینە ئەم بابەتە وەك باوەڕێكی پتەو هەندێ شتی گەورەی لەسەر بنیاد بنێین، نكوڵی لەوە ناكرێ كەوا رۆڵی ئافرەت رۆڵێكی زۆر بنەرەتییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێینەوە سەر زانستی دەنگ وەك ئەو دەنگانەی كە لە بەر دەستمانە و شیتەڵی بكەین، دەبینین دەنگی مرۆڤ لەسێ چینە دەنگی پێكهاتووە كە دەنگی پیاوان و ئافرەتان و منالێنن، بۆیە ئەو بابەتانەی كە لە بواری دەنگ و زانستی دەنگ ئاوازی بۆ دادەنرێ وەك ئەوەی لە ئەوروپا هەر لە چاخەكانی كۆنەوە تاكو چاخەكانی رۆمانتیك و چاخی نوێش، رۆڵێكی كارگەری لە بنادنانی دەنگەكانی ئادەمیزادو چۆنیەتی دانانی بابەتەكانی كۆرالأ و گۆرانی سرووده ئایینییەكان بووە و ئەوانە لەسەر ئەوە بنیادنراون كە ئافرەت رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت و وەك دەنگێكی ( سۆپرانۆ و میزۆ سۆپرانۆ و ئاڵتو ) كە ئەمانە سێ چینە دەنگی گرنگن كەوا دەبێ ئافرەت رۆڵی خۆی تیادا ببینێت و بێ ئەمانە ناكرێ تۆ بابەتێكی زانستی كۆرالأ باسی لێوە بكەیت .
هەمیش پێویستمان بەو دەنگانەیە لە بوارەكانی گۆرانیدا, لەبوارەكانی ژەنینیشدا هیچ جیاوازییەك لە ژەنینی ئافرەت لەگەلأ ژەنینی پیاودا نابینین, كەچی لە هەندێ بواردا ژەنینی ئافرەت دەبێتە هۆی ئەوەی كاریگەری بەسەر بونیاد و

بەسەر بوارەکانی تری ژیانەوە هەبێت، چونکە هاندانێکی باشە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە گروپەکەدان بۆ بەردەوام بوون لە کاری هونەری و هەروەها بەشداربوونیشیان وەك بابەتێکی دەرونیش سەیر دەکرێن وەك ئەو لایەنە سۆزدارییە لای ئافرەت زۆرترە بەبەراورد لەگەڵ پیاو، لەبەر ئەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کۆمەڵێ بابەتی زانستی و سۆزداری بڕژێتە نێو ئامێرەکانەوەو لەوێوەش بگاتە جەماوەر و چێژێکی هونەری تر دروست ببێت کە ئەو چێژە هەمیشە ئێمە پێویستمان پێیەتی دواتر ئەو گۆرانیانەی کەوا پیاو بۆ ئافرەتان دەیڵێن و دووبارە لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ پیاوان بوترێتەوە دیارە ئەم بابەتە لای ئێمە تا ئێستا نامۆیە، ئەو گۆرانیانەی کەوا پیاو بۆ ئافرەتی وتوە دووبارە لە لایەن ئافرەت وەك پیاهەڵدانێك بیلێتەوە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە، ئەگەرچی لەڕووی دەروونییەوە شتێکی خراپە، لەوانەیە ئافرەتەکەش دەرکی بەوە نەکردبێت، بەڵێم ئێستا رادەی رۆشنبیری ئەوان گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە بتوانین گۆرانی ئافرەتانە بڵێین و لایەنی سۆز یەکێکە لەلایەنەکانی ژیان، بەڵێم هەموو لایەنەکان نییە، بەڵکو بوارەکانی تری پەروەردەیە لەڕووی چۆنییەتی ژیارکردنەوەی کۆمەڵگە، لەڕووی بابەتەکانی زانستی و هۆشیاری و بابەتەکانی تری پەیوەست بە بواری ئەدەب, ئەگەر بێینە سەر بوارەکانی تری وەك فۆلکلۆری میللەتەکەمان لە بواری قارەمانیەتی ئەمانە، هەموویان بابەتێکمان بۆ دروست دەکەن کەوا دەبێ ئافرەت خۆی لەقەرەی ئەمانە بدات، ئەگەرچی ئێستا لە روانگەی ئەوەی کەوا باس لە ئافرەت دەکرێ، پەیوەست کراوە بەلایەنی خۆشەویستی و ئەڤینەوە، لە رووەکەی تریشەوە دەبێ واسەیر بکرێ کە ئافرەت رۆڵێکی زۆر بنیادنەرانەی لە گشت بوارەکانی تری کۆمەڵێیەتی و سیاسی و هونەری نەتەوە هەیە و ئێستاش هەندێ بابەتم بیستووە لە ئافرەتانەوە کە باسی بوارەکانی تر دەکەن وەك حاڵەتی قارەمانیەتی یان دەربڕینی
خۆشەویستییەك, ئەمانە دەبێ پەرەی پێبدرێت، کۆمەڵێ بابەت هەیە تا ئێستا پەردەی شەرمی لەسەرەو دەبێ بە گۆرانی دەربیبڕدرێت، چونکە پێمانوایە دەتوانێ ئافرەت بۆ گۆرانی زۆر شتی شاراوە پێشکەش بکات, هەروەها بابەتی حەیران وەك یەکێ لە مەقامە هەرە رەسەنەکانی کوردی کە باسی لێوە دەکرێ، من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئافرەت چۆن دەبێ خۆی لەقەرەی حەیران بدات ، بەداخەوە ئەوانەی تا ئێستا ئافرەتن و حەیرانیان وتوە تا ئێستا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی ئەدای بکەن و یان سەربەندیان وتووە لە ناوەڕاستەو ناوبەندیان بەشێوەیەکی تر گوتووە، هەروەها هەردوو بابەتی حەیرانی مەجلیسی و سەرچاییان تێکەڵ بەیەك کردووە کە بە شێوەیەك نە توانراوە بە بابەتێك بیوروژێنن کەوا باسی لێوە بکرێت، خۆی حەیران بابەتێکی دڵداری زۆر ناسکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەبەر ئەوە گوتنی حەیران لای ئافرەتە و دەبێ وابێت کەوا باسی جوانی و پاڵەوانیەتی یاخود شاکاری میرخاسێك بکات کە وەك دڵدار هەڵیبرژاردووە, ئەوانەی کەوا ئێستا وتراون ناگەنە ئەو رادەیەی کە ئێمە بتوانین چێژێکی هونەری لێوەر بگرین، بۆیە ئەو بابەتە دەبێ گرنگییەکی زیاتری پێبدری، دەبێ لە رەگەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتەوەو کە تێکستێکی جوان بۆ ئەو قارەمانیەتی و دڵداری و خۆشەویستییەی ئافرەت بۆ ئەودیوی خۆی کە پیاوە, بەڵام لەڕووی دەسگیرۆیی ئافرەتان و ئەو پیشتگیریانەی کە ئێستا بۆ ئافرەتان هەیە، من بەشتێکی کەمی دەزانم و کۆمەڵگەش رۆڵێکی نێگەتیفی بەسەر بزاڤی ئافرەت لە بواری هونەری هەبووەو هەیە ."
دەزگاکانی راگەیاندنیش بەشمشێرێکی ژەنگاوییەوە رۆڵی کپکردنی دەنگی ئافرەتیان بینیووە یاخود لە روویەك لە رووەکانەوە قۆرخ بکرێن بۆ کۆمەڵێ بابەت کە لەکەسایەتی و بابەتە هونەرییەکانی ئەو ئافرەتە کەم دەکرێتەوە, ئەو بابەتە زۆر گرنگە، بەڵێم دەبێ پشتگیرییەکی تەواو لە ئافرەتان بۆ بواری موزیك بکرێت و ئێستا چەند تیپێکی موزیکمان هەیە وەك " تیپی مریەم خان لە هەولێر یاخود تیپی کیژانی سلێمانی و چەند تیپێکی تریش بەناوی کۆڕاڵی ئافرەتان" هەیە کە هونەرمەندێك لە یابان هاتووە و ناوی (کۆمیکۆ)یە سەرپەرشتیان دەکات، ئەوەش جێگەی شانازییە، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەوەدام دەبێ ئافرەت شان بەشانی پیاو لە تیپە موزیکییەکاندا کار بکات و پێموانییە موزیکی تایبەت بەپیاو و ئافرەت هەبێت, موزیك زمانێکی جیهانی ئەبستراکتە و پێویست بە پاسەپۆرت ناکات، چونکە ناکرێ هونەرێك تەرخان بکرێ بۆ پیاوان و هونەرێکیش بۆ ئافرەتان . "

موزيك وەك پرۆسەيەكی راستەوخۆی ئاوێتەكراوی تەنگ و چەڵەمەكانی نێو كۆمەڵگە رۆڵێكی بەرچاو و كاريگەر دەبينێ لە دياريكردنی ئەو خاڵێنەی كە دەبنە هۆی تێكچوون و تێكدانی شيرازەی هەر خێزانێكی نێو كۆمەڵگەی مەدەنی ..

هونەر بە گشتی و لە موزيكيش بە تايبەتی كۆمەڵێ فاكتەری چارەسەركردنی هەنووكەيی هەن كەنايەڵن هەندێ گرفتی گەورە تەشەنە بكەن و بە دڵنياييەوەش چارەنووسی رەشی مرۆڤيش بەرەو ئەو كەنارانە رادەماڵێ كە بۆنی مەدەنيەت و شارستانيەتی لێوە دووره .!!

موزيك وەك رووتەڵەكترين هونەر راستەوخۆ ئەو هۆكارانە كپ دەكاتەوە كە دەبنە هۆی دروستبوونی تەمومژی نائومێدی و خەمۆكی و دڵەڕاوكێی دەروونی لە نێو كەسانی سنووری خێزان و كۆمەڵگە، ئەم حاڵەتەش لە كاتێكا رۆڵی خۆی دەبێكێ كە جوگرافيای شوێن و زەمەنی مێژوو دەستەمۆی هونەرمەندبوون بۆ خولقاندنی بارێكی دەروونی نزيك لە ئارامی و دوور لە گێژاوی ژينگە .!!

ئەگەر زانستی پزيشكی لەدوا ئەزموون و تاقيكردنەوەكانی خۆيدا دانی بە كاريگەرييەتی موزيك بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی (پەركەم) نابێ، ئەوا بێگومان دەبێ بە هۆشيارييەوە ئەو موزيكە لە دانان و دابەشكردنی سەرپێی جيا بكەينەوە، چونكە هەموو موزيكێك ناچێتە نێو قاڵبی ( موزيكی بەرنامەی پزيشكی)، بەڵكو ئەو موزيكانە زياتر لە ئاكامی (هونەری پزيشكی) نزيك دەبنەوە كە لە ناوەرۆكدا هەڵگری مانا فەلسەفەييەكانی ژيان بن، موزيكێك دەبێتە پێشەنگ ئەو كە تيايدا رەچاوی گشت ئەو (ئەپۆجياتورا)يانە بێت كە مانايەكی ئێستێتيكی دەبەخشێتە كارە هونەرييەكە ئەمە لەلايەك، لەلايەكی ديكەوە دەبێ دانەری موزيك لەسەر ئەو بنەما پەروەردەييە دەروونييە هەنگاو بنێ كە دەرونزانەكان دياريیان كردووە بۆ ئەوەی هێڵی مەنتقی موزيك گۆشەگيری ئەو بارە دەروونييە هيلاكە بێ كە بە ترپەو زرمەو ريتم و ميلۆدی و دەنگە پڕ سۆزەكان تينيەتوويان دەشكێنێ .!!

سەمفۆنياى(6)ى بتهۆڤن رەتدانەوەيەكی هونەری زۆر گەورە بوو بۆ ديكتاتۆريەتی ناپليۆن كاتێ ويستی بە زۆرەملێ خۆی بەسەر گەلی نەمسادا بسەپێنێ، لەم سەمفۆنيا چامەيەدا كە ديالۆگێكی رۆمانسيانەی نێوان هەست و نەست و دەروون و سروشتە، گشت هەوڵەكان لە پێناو رازيكردنی دەروونێكی ماندووە بوو بۆ ئەوەی سروشت وەك دايكێكی دڵسۆز هەمديس رۆحە شەكەتەكان لە باوەش بگرێ،( شتراوس ) لە شاكاری مەزنی ( نيتشە )، ( زەرتوشت بەمجۆرە قسەی كرد ) جيهان نوقمی ئەو پاكييە دەكات كە پاڵەوانی دەقەكە خواستوويەتی، ئامێرە فوييەكان لە نێو ئۆركسترادا جوڵەی ( ستاكاتۆ ) دەربڕی حاڵەتی دڵەڕاوكێی ئامێرە ژێدارەكانە هەميشە كپ دەكەنەوەو چاوەڕوانييەكی ئاسۆ ئامێز دەبەخشنە جوڵە هونەرييەكانی تر, (شتراوس)ی بليمەت لە بەركارهێنان و دانان و ئاوێتەكردنی ئامێرە ئيقاعييەكان و فوييەكان ئەو زەمينە پڕ لە ئاراميیە دەخولقێنێ كە دەروونی پاكيی ( زەرتوشت ) هەڵگری مانايەتی, وەلێ دەوروبەر بە هەموو چەمكێكی بير و لێكدانەوە هەميشە تراژيدياىەك و رەشەبايەكن, شۆڕشێكی خوێناوييە دڵا و دەروون دەهەژێنن، عەقڵا تێك دەشكێنن!!. ئەم نموونانەش حاڵەتی زيندوون كە ئەمڕۆ لەبەر چاومانن, ناكرێ لە نێو كۆمەڵگەی مەدەنيدا دەستبەرداری ئەزمونە پڕ بەهاهونەرييەكان بين لەبەر ناز و حيكمەتی لايەنەكانی تری پەيوەست بە ژيانی پڕ سادەيی مرۆڤی كورد، بە واتايەكی دی هەر كاتێ لە پەراوێزەوە ياخود لە گۆشەنيگايەكەوە سەيری كاريگەريەتی موزيك و هونەرە جوانەكانی ديكە لەسەر بار و ژيان و رەوشی مرۆڤی كورد كرا, ئەوا بێگومان كۆمەڵێك دومەڵ بەسەر رووەمەتی گەشی ژيانی كۆمەڵێيەتی ميللەتی كورد وەك دێوە زمەيەك ديار دەبن و دەبێ هەنگاوە پڕ ئاوات و خۆزگەكانی ئێستا دوای(10)ساڵی پڕ ئازادی بريتيبن لە :

-1لە سەرتاسەری قۆناغەكانی خوێندن چەمكی هونەر وەك پێداويستييەكی گەورەی (نان وئازادی) سەير بكرێ ولێی بكۆڵدرێتەوە .!!

-2لە گشت شوێنەكانی كۆبوونەوەی خەڵك و جەماوەر (لێكۆلەری كۆمەلێيەتی) رۆڵێكی بەرچاو ببينێ لە پيشاندانی رووەكەی تری ژيانی كە ژيانی رۆژانەی ئەو خەڵكەيە .

-3هەوڵێكی زۆر گەورە بدرێ بۆ بنياتنان و دروستكردنی شوێنە ( تەرفيهييەكان) بۆ بەتاڵكردنی ئەو جەختە زۆرەی لەسەر شانی خەڵكانی نێو كۆمەڵگەيە .

-4پێشبڕكێيەكی فراوان بۆ ئەو هونەرمەندانە ساز بكرێ كە دەتوانن پردێكی (هونەری و زانستی) لە نێوان ئەو بابەتانە دروست بكەن كە راستەوخۆ گرێی حاڵەتە دەروونييەكان بەرەو كردنەوە دەبات .

-5لە رێگای كۆمپيوتەر بەگشتی و ئينتەرنێت بە تايبەتی سوود لەو موزيكيانە وەربگيرێ كە ئێستا لە نەخۆشخانە گەورەكانی جيهانی بەكاردێن بۆ چارەسەرو دياريكردنی كێشە كۆمەلێيەتييەكانی نێو كۆمەڵگە, چونكە بە هەموو مەفهومێكەوە ئێمەی كورد دەتوانين بەسەر هەمان ئەو پيەژانە هەنگاوی چوست بنێين بۆ ئەوەی مەدەنيەت و شارستانيەت لە ئامێز و باوەشمان بگرن .

## ئۆركسترای كوردستان

دوای راپەڕینە شكۆدارەكەی گەلی كورد، گەلێ بیروڕا و سەرنج كەوتنە بەردیدو دیالۆگی گەرم و گوڕ لەوەی تاچەند هونەری كوردی توانیویەتی لە خزمەت رەوشی سیاسی میللەتی كورد دابێ، هونەری پێش راپەڕین، هونەر دوای راپەڕین !! دووچەمكی لەیەك چوو لەمانا، دووهێڵی لەیەك دوور لە تێگەشتن. لەم نووسینەماندا نمانەوێ بچینە نێو وردەكاری شیكردنەوەی هەردوو چەمكی سەرەوە بەقەد ئەوەی دەخوازین لەم باسەدا تیشكێكی رووناك بخەینە سەر ئۆركسترای كوردستان (سەرەتاو دروستبوون)بەقەد گەورەیی راپەڕبن لەڕووی لەڕەگەوە راكێشانی كۆمەڵێ دیاردەی زەق كۆمەڵێ تیپی موزیك كەوتنەبەر ئەودیوی ئەنجامەكانی راپەڕین و نموونەی هەردوو تیپی رەسەنی ( هەولێر و تیپی پاشای گەورە ), لەمەوە بۆشاییەك لەنێو دنیای موزیك و گۆرانی دروست بوو كەدەبوایە هونەرمەندانی لەخۆبوردوو بەدەستێكی پڕ بەخششی هونەری كاری بۆ بكەن و زەمینەی بۆ خۆش بكەن, دوای لەدایك بوونی هەردوو پەیمانگەی هونەرە جوانەكان كۆمەڵێ بەهرەی چاك هاتنە نێو دنیای موزیك و بەزانستی بوونی ئەو گەنجانەش لەڕووی پڕاكتیك و تێوەرەكانی موزیكەوە وایكرد كە گروپێك لەدایك بێ بتوانێ قورسایی ئەركی سەرشانی هونەرمەندانی دوای راپەڕین لەئەستۆ بگرێ. لەناوەڕاستی ساڵی(1997)و دوای دیراسەیەكی زۆر وردو یەكخستنی تواناكان و هەوڵەكان و گرێدانی كۆمەڵێ كۆبوونەوەی زۆر زانستییانە كە هەموویان بەكۆبوونەوەیەكی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (فەلەكەدین كاكەیی) وەزیری رۆشنبیری و پاش وەرگرتن( ok )لەلایەن شەهیدی سەركردە ( فرەنسۆ هەریری )و بەئامادەبوونی هەڤاڵی هونەرمەند (كرمانج ) یەكەمین دەروازەی چوونە نێو هونەرێكی باڵا بۆ كورد لەوەوە دەستی پێكرد ئاخۆ هونەرمەندانی بواری موزیك و گۆرانی تا چ رادەیەك دەتوانن لەئاستی بوارەكانی تری ژیانی مرۆڤی كوردبن و تاچەند ئەو كەلێنە پڕدەكرێتەوە كە خواست و هیواو ئاوات و هێڤی و خۆزگەكانی هونەرمەندان لەباوەشی بگرێ. چەندین بیروڕای هونەریانە بوونە هەوێنی كۆبوونەوەی زانستی و بەڕێز مامۆستا (فەلەكەدین كاكەیی) زۆر بەوردی باسی لەوە كرد كە موزیكی ئەكادیمی هەمیشە ئەو دەروازە پڕ داهێنانە یە كە ئاسۆیەكی رۆشنا لەبەردەم هونەرمەندانی دواڕۆژ واڵادەكاو وەزارەتی رۆشنبیریش گشت توانست و كادیرەكانی خۆی بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە لەخزمەت ئەو بوارە دادەنێ، هونەرمەندان (شێرزاد محەمەد حوسێن، زاهیر كۆیی، سیروان سیرینی، چەتۆ نەورۆز، ئەبوبەكر خالد، جیهانبەخش كۆیی، جان تۆماس، جەمال هیدایەت، وریا ئەحمەد، خوالێخۆشبوو سەید ئەحمەد بەرزنجی، فەرهەنگ غەفور، لوقمان جەوهەر)و گەلێكی تر لە هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون بیروڕاو سەرنجمان لەمەڕ پێكهێنانی تیپێك گۆڕییەوە كە بتوانێ پردێك لەنێوان هونەرمەندانی (رواد) و (جیلی نوێ) دروست بكات، كۆمەڵێك ناوی هونەری كەوتنە بەرباس و لێكۆڵینەوەو تادوای ئەوەی زۆربەی راوبۆچوونەكان لەسەر ئەوە كۆك بوون كە ( ئۆركسترای كوردستان ) وەك ناوو ناوەرۆك دەتوانێ ئەو پردە بێت كە هەموو بەهرەو تواناكان لەباوەش بگرێ و خزمەتی بواری ئاوازو گۆرانی كوردی بكات و چێژی موزیكی جیهانیش وەك بابەتێكی زۆر زیندوو لە خزمەت بەرەوپێشڤەچوونی هونەری كوردی دابنێو لە (1997/8/17) ئۆركسترای كوردستان وەك تیپێكی ئۆركسترای گەورە شەرەفی ئەوەی پێدرا كە لەكارەكانی داهاتوویدا نوخبەی موزیكی جیهانی و ئاوازێكی كوردی لەسەر یەك ژێی داهێنان بژەنێ . ..!!

كۆبوونەوەی زیاتر لە(40) هونەرمەندی بەهرەداری بوارەكانی ( ژەنین، مایسترۆ، دانان، دابەشكردنی موزیك، ئاوازدانەر ) لە ئۆركسترای كوردستان هۆیەكی سەرەكی بوو لەلایەن خەمخۆران و هونەردۆستان باوەشی پڕ خۆشەویستیشی بۆ بكرێتەوەو لە سەرووی هەموویانەوە بەپەڕۆشەوە گشت داواكارییەكانی ئۆركسترای خستە سەر ئەستۆی خۆی مامۆستاو رابەرو خۆشەویستی گشت هونەرمەندان شەهید (فرەنسۆ هەریری ) بوو كە هەر لەبینایەوە

بگرێت تا بەرزکردنەوەی داواکاری دانان و دابینکردنی کەل و پەلی ئیداری و هونەری تادەگاتە بچووکترین داواکاری هەمووی وەك دڵسۆزێکی دڵ پڕ ئەڤین و هونەر خستە سەرشان و ئەستۆ و خەمەکانی تری خۆی، ڕۆژانە بەوپەڕی گەورەییەوە لە هەواڵ و چالاکییەکانی دەپرسی و لەنێو بەرپرساندا هەمیشە ڕۆڵی هونەرمەندانی بەبەرز دەنرخاند, هەموو کات وای دەبینی کە هونەر دەتوانێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ڕەوت و دەستکەوتەکانی تری میللەتی کورد بکات .

بەئامادەبوونی ڕێزدار ( د. ڕۆژ نوری شاوەیس ) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لەیادی ڕۆژی جیهانی مۆزیکدا گەورەترین کەرنەڤاڵی موزیك لەهەولێر سازکراو تیایدا ( 40 ) هونەرمەندی خاوەن ئەزموونی گەورەو داهێنان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری خەڵاتکران و دەرگایەکی پڕداهێنان لەبەردەم هونەرمەندە داهێنەرەکان واڵاکرا .

-1ئاهەنگی 1997/10/1لە هۆڵی ڕۆشنبیری ( موزیکی جیهانی , موزیکی کوردی .(

-2ئاهەنگی یادی (100) ساڵەی ڕۆژنامەگەری ( موزیکی جیهانی, موزیکی کوردی ) بۆ (3) جار ئەم ئاهەنگە دووبارەکرایەوە و گشت ڕێکخراوە بیانییەکانی هەر (3) پارێزگای هەرێمی کوردستان بانگهێشت کرابوون .

-3یادی ئاهەنەکانی ڕاپەڕین و ئادارو نەورۆز ( ئاهەنگی گۆرانی و موزیك .(

-4یادی شۆڕشی ولێتانی پێشکەوتووخواز .

-5یادی ڕۆژی جیهانی موزیك لە (1998/10/1) لە هەولێر ( موزیکی جیهانی ، موزیکی کوردی .(

-6یادی ڕۆژی موزیکی جیهانی لە شاری دهۆك لە (1998/10/20) و لە هۆڵی محمەد عارف جەزیری .

-7یادی سەروەرییەکانی بارزانی نەمر وەك پانۆرامەیەك لە (1993/3/14) کە تیایدا زیاتر لە (90) کەس بەشداریان تێدا کردووە, سرودە بەجۆشەکانی شۆڕشی ئەیلول بە بەرگێکی نوێ پێشکەش کران .

-8کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ هەنەرمەند (ماهر محمد ئەمین) لە (2-1999/4/3) لە هەولێر .

-9تۆمارکردنی گۆرانی کلاسیکی کوردی بۆ هونەرمەندان (وەلی دۆسکی, دانا عبدالجبار, عزیز سلام, شێرزاد شێخانی, شوان قەرەداغی, لالۆ ڕەنجدەر .(

-10ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی موزیك بە هاوکاری و بەشداری ڕێکخراوی یونسکۆ لە هەولێر لە (2000/10/1 .(

-11تۆمارکردنی (17) پارچە موزیکی کوردی و جیهانی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان .

-12بلێوکردنەوەی (CD) ی پانۆرامای سەروەرییەکانی بارزانی نەمر لە دەرەوەی ولێت .

-13سازادانی کەرنەڤاڵی پایز کە تیایدا کۆمەڵێك بەرهەمی ڕەسەن لە موزیکی چەرخەکانی ( باڕۆك, کلاسیك, ڕۆمانتیك, چەرخی نوێ ) پێشکەش کران .

-14بەرز ڕاگرتنی یادی هونەرمەندی گەل ( تایەر توفیق .(

-15بەشداریکردن لە چلەی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری بە شاکاری هونەری (بارانی عەتر .(

ئەم چالاکییانە گەواهی ئەو ڕاستییەن کە ئۆرکسترای کوردستان لە ماوەی دروستبوونی تا ئەمڕۆ ئەو ئامانج و هیواو ئاواتانەی کەلە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە تاڕادەیەکی باش توانیویەتی دەستەبەریان بکات و کاروانی پڕ داهێنانیش ئێستا بەردەوامەو دەرگای هونەریی ئۆرکسترای کوردستانیش ئێستا لە بەردەم گشت بەهرەمەندان کرایەوە تابتوانن بەرهەم و شاکاری جیهانی و کوردی تێدا نمایش بکەن و ڕەوتی ڕەسەنی هونەری موزیك و گۆرانی کوردیش پێویستی بە دەستگرتنی گشتمان دەبێت تا بە ئارامی بگاتە کەنارەکانی داهێنان و هەمیشە بتوانین ئەو پردەبین کە نەوەی نوێی میللەتەکەمان بەسەریدا بپەڕنەوە ئەو دیوی جیهانی پڕ زانست و پەروەردە و هونەر و داهێنان .

موزیکی سەمفۆنی و شیکردنەوەی
سەمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن
موزیکی سەمفۆنی (1 (

فەیلەسوفەکان دەربارەی موزیك زۆریان وتوە و نووسیوە، هەریەکێ بەپێی بیروڕای خۆی و بۆچوونی بۆ بابەتەکە کاریگەریی موزیکی لەسەر مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەکانی تر دیاری کردووە .
کەچی ئەم کەڵە مرۆڤانە لە خاڵێکدا هەموویان دەگەنەوە یەك و یەك بیروڕا دەردەبڕن و دەڵێن :- موزیك زمانێکی جیهانییەو هەمیشە خۆشی و بەختەوەری تێدا دەبینرێ و هەموو کاتێ رێگامان بۆ خۆش دەکا کە هەموو ئێش و ئازارو زەحمەتییەك لە ژیانماندا لابەرین. .. (نیتشە) پرسیار دەکاو دەڵێ : "کەی دەنگ دەبێ بە موزیك" ؟ هەر خۆی وەڵێمی پرسیارەکە دەداتەوەو دەڵێ : "لەو پەڕی تەنگانەی مرۆڤ لە خۆشی و کاتی هەڵچووندا، لە هاوارکردن و لە هەموو کاتە شپرزەیەکانی مررۆڤ بتوانێ لەگەڵا رەوڕەوەی خۆشی و شادی و ئازاری ئەم ژیانە هەڵ بکا و خۆی لە نێو بەختەوەری و ئازارەکانی ئەم ژیانەدا بدۆزێتەوە ."
"کلۆد دیبۆسی" گەورە موزیسیەنی فەڕەنسی دەربارەی ئاوازو موزیك دەڵێ:" موزیك و ئاوازی بەجۆش هەست و هۆش دەرنابڕێ، خۆی ( هەست و هۆشە ), ئەم هەست و هۆشەش بە باشترین وێنە لە سەمفۆنیادا دەبینرێ, چونکە هەمیشە موزیك بۆ بەختەوەری مرۆڤ داهێنانی بەسەردا هاتووە و شێوەگەلی سەمفۆنیاش داهێنانێکە کە مرۆڤ ئەو پەڕی چالاکی و بلیمەتی تێدا نواندووە ."
)سەمفۆنیا ) ئەمڕۆ کیانێکی تایبەتی هەیە و ناتوانین بەسەریدا تێ پەڕین و باسێکی دەربارەی نەنووسین, هیچ جارێك نەبووە ئاهەنگی ( ئۆرکسترا ) لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێ سەمفۆنیای لەگەڵدا نەبێ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەمفۆنیا موزیکێکی تایبەت بە ئۆرکسترا دەگرێتە خۆی و سەربەخۆیی لە جوڵەوەکانیدا دەنوێنێ و هەموو ئامێرەکانی موزیك بەیەکسانی بەشداری تێدا دەکەن و ئاوازی میلۆدی سەمفۆنیا وەك بڵێی تایبەتە بە ئامێرە ژێدارەکان و بەتایبەتی کۆمەڵی ( کەمانچەکان )، گەرچی هەندێجار هەست دەکەین کە ئەم ئاوازە هەرجارەی لە ئامێرێکەوە دەبیسترێ و لەکاتی بیستنی ئاوازی میلۆدییەکەدا ئاوازێکی تر یاخود چەند دەنگێکی موزیکی دەبیسترێن، ئەم ئاوازەی دەبیسترێ لە موزیکدا زاراوەی (هاودەنگی هاڕمۆنی (harmony) (بۆ بەکاردێت, ئەم هاودەنگییە کە سۆزو خۆشی دەداتە ئاوازە میلۆدییەکەو وا لە مرۆڤ دەکا کە هەست بە خۆشی و گەورەیی ئەو کارە بکات کە خۆی دایهێناوە . .

-1پەیدابوونی موزیکی سەمفۆنیا لە شێوەی موزیکی ئامێرەکانەوە دروست نەبووە وەکو ( کۆنشێرتو ,(concerto) سۆناتە ,(sonata) بەڵکو لە دایك بوونی سەمفۆنیای لە (ئۆڤەرچووی) ی ئۆپێراکانی ئیتاڵی ئەو کاتە دروست بووە، ئۆڤەرچوور یاخود کە جاران پێیان دەگوت سەمفۆنیا لەسەر دەستی ( ئەلیساندرۆ سکارلاتی )دا لەسێ جوڵەوە پێکهاتبوو (Allegro)،(Allegro ) ، ,(Allegro )کەواتا لە شێوازی کلاسیکدا سەمفۆنیا تەنیا لە سێ جوڵەوە پێکهاتبوو، ئینجا ئۆڤەرچوول لە ئۆپێرا جیابووە و بەتەنیا پێشکەش دەکرا لە ئاهەنگەکاندا، رۆڵێکی گەلێ چاکیشی هەبوو بۆ رووتێکردنی زۆربەی موزیککارەکان لە دانانی موزیکی سەمفۆنی و لەبەر بارودۆخی گەشەکردنی سەمفۆنیا و سەرهەڵدانیدا، ئەوە ناتوانین ناوی تاقە کەسێك بێنین و بڵێین ئەم مرۆڤە سەمفۆنیای داناوە، چونکە زۆربەی موزیککارەکانی ئەو کاتە دەستێکی باڵییان هەبوو لە دانانیدا, لەوانە (جۆزیف هایدن) کە (125) سەمفۆنیای داناوە و لە نێو موزیککارەکاندا بە (باوکی سەمفونیا) ناوبراوەو هەروەها ( ڤۆڵفگانگ امادیۆس مۆزارت ) کە ( 41 ) سەمفۆنیای گەلێ بەرزی داناوە ، ( لۆدڤیگ ڤان بتهۆڤن )ی کەڵە هونەرمەندی ئەڵمانی ( 9 ) سەمفۆنیای داناوەو ئەوانەی ژمارەی تاکیان هەیە تێکڕا هەموویان بەناوبانگن, واتا سەمفۆنییەکانی (3-5-7-9) ئەوەی دواییان واتا سەمفۆنیای نۆیەم لەوپەڕی بەرزی و پوختەیدایە، چونکە ئەو پەڕی بلیمەتی ( بتهۆڤن )ی تێدا دیارخستووە, بۆ یەکەمین جار لە مێژووی موزیکدا ( کۆراڵ ) لەگەڵ سەمفۆنیادا بەکار هێنرا، هەروەها دەبێ رۆڵی ( پیتر ئیلێتش چایکوفسکی ) موزیککاری رووس لەبیر نەکەین کە( 6 ) سەمفۆنیی گەلێ رێکوپێکی نووسیوە, هەروەها موزیککارەکانی تریش وەکو ( ئەنتۆن دڤۆرجاك )ی چیکی و ( بیلا بارتۆکی ) مەجەڕی و ( یۆهان برامز ) و ( فرانز شۆبەرت ) ی ئەڵمانی و گەلێ هونەرمەندی تر و لەو تیپانەی کە ناوبانگی گەلێ چاك و بەرزیان هەبوو لە ژەندنی موزیکی سەمفۆنی لەساڵانی ( 1734-1777 ) تیپی شاری ( مانهایم )بوو لە ئەڵمانیا، هەر لەوکاتەدا گەلێ پێشکەوتن روویدا لەبواری ( دینامیك ) ی موزیك و ئەو تیپانەی کە ناوبانگێکی چاکیان هەیە لە ژەندنی موزیکی سەمفۆنیادا :

-1ئۆرکسترای فلهاڕمۆنێکی ( لەندەن .(
-2ئۆرکسترای نەتەوەیی ( چیکۆسلۆفاکیا .(
-3ئۆرکسترای باڵای ( پاریس .(
-4ئۆرکسترای ( ئەڵمانیای یەکگرتوو ), هەروەها گەلێ ئورکسترای پێشکەوتوو تر .

سەمفۆنیا لەلایەن ئۆرکستراوە دەژەندرێ و و ئۆرکستراش لەلایەن سەرکردەی ئۆرکستراوە بەڕێوە دەبردرێ و پێی

دەگوترێ ( مایسترۆ )، ئەگەر ئۆرکسترا مایسترۆی نەبوو, ئەوا یەکەمین کەس کە لەلای چەپی ئۆرکسترا دادەنیشێ سەرکردەی ئۆرکستراکە دەکات، مەبەستمان لەیەکەم کەس ئەوەیە کە کەمانچەکەی بەدەستەوەیەو هەر موزیکژەنێکیش کە لەلای چەپی ریزی پێشەوە دانشتبێ ئامێرێکی جیاوازی پێ بێ, ئەوا بەئامێر ژەنێك ناودەبرێ .

ئێستا بابزانین ئامێرەکانی ئۆرکسترا چین؟؟

ئامێرەکانی ئۆرکسترا دەکرێن بەچوار بەشەوە:

-1ئامێرە ژێدارەکان (الوتریە) "ڤیۆلین– ڤیۆلا- ڤیۆلینسیل- کۆنتراباس ."
-2ئامێرە فوتێکراوە دارەکان: "فلوت, ئۆبوا, کلارنێت, فاجووت, پیکۆلۆ, کورنۆ ئینگلیزی ."
-3ئامێرە فوتێکراوەکان مسییەکان : "ترمپێت, کورنۆ, توبا, ترەمبۆن ."
-4ئامێرە ترپەدارەکان واتا ئیقاعییەکان: " تمبانی, زەنگ, ئاکسلیفۆن, سیلستا, فبرافون, کاستاینتش, سێگۆشەی کانزا, تەپڵی گەورە .:
هەروەها هەندێ ئامێری تر هەن کە هەندێجار لەگەڵ ئۆرکسترادا دەبینرێت, ئەمە لەکاتی ژەنینی کۆنشرتۆدایە، چونکە ئەم ئامێرانە خۆیان رۆڵی ئۆرکسترا دەبینن و دەتوانرێت میلۆدی و هاودەنگی لەیەك کاتدا تێدا بژەندرێ و ئەم ئامێرانە برییتین لە " ئۆرگۆن, هاربسکورت, پیانۆ ."

سەرکردەی ئۆرکسترا
هەندێ خەڵك وای بۆدەچن کە کاری مایسترۆ لەوە دەچێ کە هەموو کەس بتوانێ بەڕێوەی بباو ئیشی تێدا بکات، بەڵام راستییەکەی وانییە ، کاری مایسترۆ گەلێ گرانە و ماندووبوونێکی زۆری تێدایە, کەس بۆی ناکرێ بەڕێوەی ببا ئەگەر چەند ساڵێك موزیك نەخوێنێ، هەروەها دەبێ ئەو کەسە ئامادەبوونێکی تایبەتی و ورەیەکی بەرزی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکردەی ئۆرکسترا بکات گرنترین ئەدگار کەدەبێ مایسترۆ هەیبێ, بەهرەیەکی هەبێ کە هەرگیز ناتوانرێ نە لەپەیمانگە و ئەکادیمییەکانی موزیك وەدەست بهێنرێ نە بەخوێندنی چەندان ساڵ .
مایسترۆی ئۆرکسترا لەگەڵ خوێندنی موزیك و هاودەنگی و دابەشکردن، دەبێ شارەزاییەکی تەواویشی هەبێ لەهەموو ئامێرەکانی کە لەئۆرکسترادا بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی دەنگی ناساز دیار بخات و راستی بکاتەوە، جگە لەوەش دەبێ مایسترۆ لە ئامێرێك لە ئامێرەکانی ئۆرکسترا پسپۆر بێو زۆر چاك شارەزای بێت، شایانی باسە زۆربەی مایسترۆکان ئامێری کەمانچە دەژەنن، هەروەها شتێکی تر کە گەلێك گرنگەو بەکاری مایسترۆوە بەستراوەتەوە, ئەویش بەکارهێنانی ئەودارەدەستە بچووکەیە کە بەدەستی راستییەوەیەتی، ئەم دارە دەبێ زۆر بەهێمنی و زانستییانە هاتوچۆی پێ بکرێ تاوەکو بتوانرێ هێما موزیکییەکان بەتەواوەتی پێی شی بکرێتەوە بۆ موزیکژەنەکانی ئۆرکسترا .
مایسترۆی سەرکەوتوو لەکارەکەیدا بیر لە جووڵەی دەستی ناکاتەوە، بەڵکو ئەو هێمایانەی دەیەوێ بیان گەیەنێتە موزیکژەنەکان و لەخۆیانەوەو لە مێشکی فراوانیدا دیاری دەکرێن و دەردەچن و پێش ئەوەی هەر نۆتەیەکی موزیك دابەش بکرێ بەسەر ئۆرکسترادا, دەبێ مایسترۆ بینێ و دینامیکی بۆ دابنێ، ئینجا موزیکژەنەکان لەسەر پەیڕەوی مایسترۆ دەڕۆن و هەرگیز لە هێماکانی دەستی دەرناچن .

ژیانی بتهۆڤن
لودڤیگ ڤان بتهۆڤن لەساڵی ( 1770 )ی زایینی لە شاری (بۆن) لە وڵاتی ئەڵمانیا لەدایك بووە، باوکی لەکڵێسای تایبەتی حاکمی ( بۆن )دا گۆرانیبێژی تینۆر بووە, نەوەی موزیککارێکی هۆڵەندی بووە, لەزووێکەوە هاتبووە ( بۆن )و لەوێ

ببوو بەڕێبەری موزیك لەکڵێسادا .
بتهۆڤن هەر لەمنداڵییەوە پێگەیشتنی موزیکی پێوە دیاربوو، ئەم کارە وای لەباوکی کرد بیر لەدوا ڕۆژی کوڕەکەی بکاتەوەو بتوانێ ( مۆتزارت)ێکی نوێی لێ دروست بکا، بەڵام ئامانجی باوکی بتهۆڤن لەم کارەدا تەنیا ئەوە بوو کە بەهۆی کوڕەکەیەوە پارەو سامان وەدەست بهێنی و هەر بەتەنها لەخۆیدا خەرج بکات و خۆی پێ مەست بکات. .. .
بتهۆڤن بۆ یەکەمین جار وانەی موزیکی لە باوکییەوە پێدەدراو ئەمیش زۆر بەخراپی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد، بتهۆڤن ئەم زۆرەملێیەی بەدڵ نەبوو، ئەمە وای لێ کرد هەر لەمناڵییەوە باوکی خۆی خۆش نەوێ و لەدایکی نزیك ببێتەوە .
بتهۆڤن لەتەمەنی ( 6 )ساڵیدا بۆ یەکەمین جار لە ئاهەنگی کونسێرت بەئامێری پیانۆ بەشداری کرد، ئەم ئاهەنگە لەشاری ( کۆڵۆنیا )ی ئەڵمانی بوو، دوای ئەمە شارەزاییەکی تەواوی لەسەر ئامێری ئۆرگن و کەمانچەدا پەیداکرد، ئەو کەسانەی کە ئەو کاتە فێرکاری بتهۆڤن بوون ( فلیباند )ی قەشە و ( ڤان دن ئایدن ) و ( نیڤە )ی ئۆرگن ژەن بوون، ئەوەی دوایی واتا ( نیڤە )،فێری دانان و دابەشکردنی موزیکی کرد .
لەساڵی ( 1872 ) لەدەستەی موزیکی کڵێسادا بە ئەندام وەرگیرا، ئەندامی موزیکی کڵێساش دەبوایە بزانێ پیانۆ یاخود ئۆرگن بژەنێ, لەگەڵ شارەزاییەکی تەواوی لە دانانی موزیك و دابەشکردن و دانانی موزیکی کۆڕاڵ دا هەبێت .
بتهۆڤن لەتەمەنی ( 17 ) ساڵیدا یەکەمجار بوو چووە دەرەوەی ئەڵمانیا و بەرەو ( ڤیەنا )ی پایتەختی بەرزی موزیکژەنەکان بوو کە ڕووی تێبکەن و لەوێوە بخوێنن، لەوکاتەدا بتهۆڤن زۆر بە باشی ئامێری پیانۆی دەژەند، لەسەردانەکەیدا چاوی بە " مۆزارت " کەوت، بەڵام لەم سەردانەیدا هیچی وەدەست نەهێنا و بەپەلە گەڕایەوە بۆ ( بۆن )، چونکە هەواڵی نەخۆش کەوتنی دایکی پێگەیشت و داوای کردبوو کە کوڕەکەی ببینێ و کە گەیشتەوە ماڵ دایکی لەسەرە مەرگ دابوو, پاش چەند ڕۆژێك کۆچی دوای کرد, بەمەش بتهۆڤن خۆشەویسترین کەسی لەدەست چوو، بەمردنی دایکی گەلێ غەمگین بوو، چونکە دایکی خۆی گەلێ خۆشەویست, هەموو شتێك بوو بۆی، هەر لە منداڵییەوەی لەبەر باوکە بێ بەزەییەکەی لەدایکی نزیك ببوەوەو هەمووجارێ کە سەرکەوتنێکی موزیکی وەدەست هێنابا, پێش هەموو شتێك ناوی دایکی دەهێناو دەی گوت:" دایکم منی پێگەیاندو کردمی بەو مرۆڤەی وا لەبەردەمتان دایە ."
پاش مردنی دایکی بەڕێوەبردنی خێزان کەوتە ئەستۆی بتهۆڤن و گەلێ چەرمەسەری کێشا تا بتوانی پێیان بگەیەنێ و ڕێگای ژیانیان بۆ دەستنیشان بکات .
سەردانەکەی جاری یەکەمی بتهۆڤن بۆ ( ڤییەنا ) وای لێ کرد کە هەرگیز ئەم پایتەختە هونەرییە لەبیر و هۆشی دەرنەچێ و بڕیاریدا دیسان بچێتەوە ڤییەنا، بەڵێم ئەم ئارەزووە پێنج ساڵی ڕەبەقی بەسەردا تێپەڕی و تاهاتەدی .
لەساڵی( 1788 ) زایینی حاکمی ( بۆن ) دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی ( دەسەڵاتی موزیکی کڵێسا )و بڕیاریدا شانۆیەکی نەتەوەیی دروست بکات، وەکو ئەو شانۆیەی کە لە ڤییەنادا هەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە تیپێکی ئۆرکسترا پێك بێنت، ژمارەی ئەندامانی ئەم ئۆرکسترایە گەیشتە( 31 ) ژەنیار و (بتهۆڤن)یش ئەندامیك بوو لەم ئۆرکسترایە، پاش دروستکردنی شانۆی نەتەوەیی خێرا پەرەی سەند و گەلێ گۆرانیبێژی ئۆپێراو کڵێسا ڕوویان تێکردوو توانیان لەسەر ئەم شانۆیە ئۆپێراکانی ( دۆن جوان )و ( شووکردنی فیگارۆ )ی مۆتزارت پێشکەش بکەن .
لەساڵی( 1792 ) زایینیدا بتهۆڤن بۆ جاری دووەم سەری لە ڤییەنا داو ئەم جارە ویستی ببێ بە پیانۆ ژەن و لەو جێگەیەی کە مۆزارت کاری تێدا دەکرد، بەڵێم پێش ئەم ئارەزووەو هیوایە دەیویست زیاتر دەربارەی موزیك و دابەشکردنی ئۆرکسترا بزانێ، جارێکیان کاتێك کە بتۆڤن پیانۆی دەژەند ( هایدن ) گوێی لێ بوو و زۆری بەدڵا بوو, چونکە زانی لە ئەڵمانیاوە بۆ سوود وەرگرتن و فێربوونی موزیك هاتووە، ( بتهۆڤن ) کە زانی ( هایدن ) وانەی موزیکی دەداتێ, گەلێ دڵخۆش بوو لە سەردەستی ( هایدن ) فێری ( کۆنترا پوانت ) بوو لە دابەشکردندا .
دوای ( هایدن )، ( ئەلبرخستبرجر ) وانەی ( تەکنیکی پۆلیفۆنی )دا و بەم جۆرە بەردەوامی سوود وەرگرتن و فێربوون وای لە ( بتهۆڤن ) کرد کە زۆر ماندوو ببێو سوودێکی گەورە وەربگرێ بۆ پێشخستنی خۆی، لە نێوان ساڵێنی ( 1795 – 1802 ) بەڕای هەموو هونەرمەندان بە باشترین پیانۆ ژەن دانرا، بتهۆڤن خاسیەتێکی گەلێ بەرزی هەبوو لە بابەتی موزیکەوە، ئەم خاسیەتەش ژەنینی (الارتجالی ) بوو، پسپۆڕەکانی موزیك دەیانگوت " ژەنینی (الارتجالی ) ئەو بەس بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکات و وەکو موزیکزانێکی بلیمەت بناسرێ .
هەروەکو لە پێشدا باسمانکرد کە یەکەم کارەسات لە ژیانی ( بتهۆڤن )دا مردنی دایکی بوو, دووەم کارەساتی ناهەموارو کاریگەر لە ژیانی ( بتهۆڤن ) دا گران بوونی گوێچکەکانی بوو، ئەم کارەساتەش لەساڵی ( 1798 ) تووشی هات کە تازە تەمەنی( 28 ) ساڵێن بوو, چ کارەساتێکە کە موزیککارێك گوێچە موزیکناسەکانی تووشی کەم بیستن ببێ؟. ئەم ئازارەی گوێچکەکانی بەرەبەرە لێی پتر دەبوو تا وای لێ دەکرد لەهەموو مافەکانی ژیانی کە لەگەڵا خەڵکدایە دوور بکەوێتەوەو تێکەڵ خەڵك نەبێو هەموو کاتێ بە تووڕەییە ببینرێ، یەکەم باس و خواسی ئازاری گوێشی لە نامەیەکدا بۆ ( ئەمیندا ) ناوێکی نووسیوە لە یەکی حوزەیرانی ساڵی( 1851 ) بەدیار دەکەوێ، ( ئەمیندا ) ( بتهۆڤن ی گەورەت بەردەوام لەگەڵا سروشت و ئاسمان لە بەربەرەکانی دایە ), بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ( زۆرجار دەبینین گوڵەکان پێش

ئەوەی ببن بە گوڵی جوان و ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەوەرێن و نامێنن, دەبێ منیش وام لێ بێ ؟ .(
)ئەمیندا ! موزیك بۆ من هەموو شتێكە، ئێستا تەنیا بیر لەوە بكەرەوە كە هەستی بیستنم وا بەرەبەرە كزدەبێ و لە دەستم دەچێ, بەڵێم لەگەڵا ئەم هەموو دەردەسەری و ئازارەدا هیوای پێەوم ناڕووخێ، دەڵێن ئازاری گوێیەكانم بەستراوە بە ئازاری ریخۆڵەكانمەوە، ئێستا ئازاری ریخۆڵەكانم نەماوەو لەشم ساغە, بەڵێم وا بەرەبەرە گوێیەكانم تەپ دەبن، ئای چەند ئازار دەكێشم, چونكە ئەم نەخۆشیانە زۆر درەنگ و بەزەحمەت چاك دەبنەوە )، هەروەها لە نامەیەكی تردا بۆ ( فیگر ) پزیشكەكەی نووسیوەو دەڵێ:- ( هەستی بیستنم كزبووەو وا زیاتریش بەرەو كزی دەچێت, بۆ ئەوەی ئاگاداری گران بوونی گوێیەكانم بیت, ئەوا پێت دەڵێم ( دەبێ بۆ راهێنانی موزیك زۆر نزیك بم لە شانۆوە، ئەگەر كەمێك دووركەوتمەوە ئەوا گوێم لە دەنگتێژەكان نابێ، خۆ ئەگەر دوو سێ هەنگاوی تر دوور بكەومەوە, ئەوا گوێم لە هیچ شتێ نابێ ), شتێكی سەیرە كە خەڵك نازانن و هەستی پێناكەن كەمن تووشی ئەم دەردەسەرییە هاتووم! ئای تەنیا ئاسمان دەزانێ من تووشی چی هاتووم! ), ئەوە بوو ئەم كارەساتە گەورەیە وازی لێ نەهێناو بەتەواوی تووشی ( كەڕی) بوو و لەم كاتەدا تەمەنی( 49 )ساڵا بوو, واتا لە ساڵی( 1819 )داو هەر لەم ساڵەدا دەفتەری لەگەڵا خۆیدا هەڵگرت و ئەو كەسەی بیویستایە قسەی لەگەڵدا بكات, ئەوا دەبوایە لەسەر دەفتەرەكە بۆی بنووسێ یاخود بە هێما پێی بڵێ، هەر لەبەر ئەم كارەساتەش بوو كە ( بتهۆڤن ) بە درێژایی ( 29 ) ساڵی دوایی تەمەنی بەتەنیایی دەبینراو هەر بەتەنیاش لە باخچەكانی ( بۆن )و لادێیەكانی دەوروبەری ( میونخ ) دەسوڕایەوەو چاوی لە ئاسمان دەبڕی و موزیكی دادەنا, هەروەها لایەنێكی گرنگی ژیان رۆڵێكی كاریگەری هەبوو لە ژیانی ( بتهۆڤن )دا ئەم لایەنەش ( خۆشەویستی ) بوو، بەڵێ خۆشەویستی پایەیەكی گەلێ بەرزی هەبوو لای ( بتهۆڤن .(
)بتهۆڤن) ی مەزن بە درێژایی( 57 )ساڵی تەمەنی ژنی نەهێنا, بەڵێم خۆشەویستییەكی گەلێ بەسۆزی هەبوو بۆ ( كۆنتستای ئامۆزای ), كەچی بەردەوامی بۆ ئەم خۆشەویستییە نەنووسراو بە كتوپڕی كۆتایی پێهات، هەروەها لە تەمەنی ( 35 ) ساڵیدا كە وانەی فێربوونی پیانۆی دەگوتەوە, كچێك بەناوی ( تریزا براندویج )ەوە زۆر ( بتهۆڤن) ی لا خۆشەویست بوو، بەڵێم لەم خۆشەویستییەش بێبەش بوو. لە كاتژمێری( 5 )ی ئێوارەی رۆژی ( 26 )ی ئاداری ساڵی( 1827 ) زاییندا ( بتهۆڤن ) ی مەزن كۆچی دوایی كرد .
بەڵێ كە ( بتهۆڤن ) كۆچی دوایی كرد هێشتا سەدەی نۆزدەهەم هەر لە منداڵیدا بوو, واتا تازە چارەكە سەدەیەكی تەواو كردبوو. ساڵ لەدوای ساڵ تێپەڕین و سەدەی نوزدەهەم بیری دۆشت و واخەریكە سەدەی پیری پەكی بیەخێ, كەچی موزیكی ( بتهۆڤن ) لە هەموو كاتێكدا هەروەكو خۆیەتی، شەپیوورێكە بۆ ئەو جەنگاوەرانەی لە پێناوی سەربەستیدا دەجەنگن و دەنگی هەر لەبەرز بوونەوەدایەو هانی خەڵك دەدا بۆ هەنگاونان بەرەو ئامانجەكانیان، بۆ فەیلەسوفەكانیش رووناكییەو پەردە لەسەر راستییەكانی وجود لادەدات، لای موزیككارانیش هەڵبەتە مەسەلەی تەكنیكی ژەندنی تێدایە كە دەبێ پسپۆری تێدا بەدی بهێنرێ تاوەكو ئەوەی ( بتهۆڤن ) دەیەوێ وا دەربچێ .

گرنترین بەرهەمەكانی بتهۆڤن:-

-1ئۆپێرایەك بەناوی ( ڤیدیلۆ .(

( 9 ) -2سەمفۆنیا لەمانە ( ئێرویكا, داخوازییەك بۆ شادی .(

-3كۆنشۆتویەك بۆ ئامێری كەمانچە لە پەیژەی ( رێ )ی گەورە ( ئەم كۆنشۆرتویە بەناوبانگترین كۆنشۆرتۆیە لە هەر ( 5 ) كۆنشۆرتۆیەكانی جیهان و بە ( شای كۆنشۆرتۆییەكان )ش ناوبراوە .

( 32 ) -4سۆناتە بۆ ئامێری پیانۆ لەمانە ( سناتای ئیمپراتۆر، سۆناتەی مانگە شەو .(

( 5 ) -5كۆنشۆرتۆ بۆ ئامێری پیانۆ .

-6قەداسێك لە پەیژەی ( رێ )ی بچووك .

( 2 ) -7رۆمانس بۆ ئامێری كەمانچە, یەكەمیان لە پەیژەی ( سۆڵ )ی گەورەو دووەمیان لە پەیژەی (فا)ی گەورە . )لە موزیكی ساڵۆن(

-8سۆناتەیەك بۆ ئامێری كەمانچەو پیانۆ لە پەیژەی ( لا ) ی گەورە .

( 14 ) -9چوارینەی ژێدارەكان ( الرباعی الوتری ) كە بۆ ئامێرەكانی ( كەمان 1-2 ، ڤیۆلا ، چەلۆ ) دەنووسرێ .

-10سۆناتەیەك بۆ چەلۆ و پیانۆ لە پەیژەی ( لا )ی گەورە .

-11دوو سیانی ( Trio) كە بۆ ( كەمان ، چەلۆ ، پیانۆ ) نووسراوە لە پەیژەی ( رێ )ی گەورە .

( 4 ) -12ئۆڤەرچوور كە ئەمانەن ( كوریۆلان، ئیكمونت، پرۆمیسیوس، پاشماوەی ئەسینا .(

* * *

سەمفۆنیای نۆیەم -
داخوازییەك بۆ شادی

ئەوکاتەی ( بتهۆڤن ) دەستی بە دانانی سەمفۆنیای نۆیەم کرد لە ساڵی ( 1715 ) بەربەرەکانییەکی توندوتیژ لە نێوان سەرمایەدارەکان و رەنجبەرەکاندا هەبوو، سەرمایەدارەکان فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆیان دەکرد بەسەر بارودۆخەکەدا، لەلایەکی ترەوە هەموو هونەرمەند و ئەدیب و شاعیرەکان دژی کاری توندوتیژی و فەرمانڕەوایی کۆنەپەرستی هەستان کە رژێمی بۆگەنی ئەو کاتە سەپاندبووی بەسەریاندا, هەر لەساڵی ( 1715 )ی زایینی شاعیری گەورەی ئەڵمانیا ( فریدریك شیللر ) لە قەسیدەیەکیدا بەناوی ( بۆ سەربەستی ) نووسیبوو، ئەم کەڵە شاعیرە کارگەریەتی شۆڕشی فەرەنسی بە قەسیدەکەیەوە دیاربوو کە چەند ساڵێك پێش ساڵی( 1715 ) هەڵگیرسابوو لەبەر ناتەواوی بارودۆخی ئەو کاتە ( شیللر ) ناونیشانی شیعرەکەی گۆڕی و ( بۆ سەربەستی ) بوو بە ( داخوازییەك بۆ شادی ).
ئەم سەمفۆنیایە هەر بەناوی قەسیدەکەوە ناو نراو ( داخوازییەك بۆ شادی ), دوایی ئەوەی ئەم سەمفۆنیایەی تەواو بوو ئامادەبوو کە پێشکەش بکرێ, بڕیاریدا لە( 7 ) ی مایسی ساڵی( 1824 )دا لەسەر هۆڵی( الکارنیته ( Alcarentih لە شاری ڤییەنا پێشکەش بکرێ و وا بەباش زانرا کە دەوری مایسترۆی ئۆرکسترا بدرێ بە ( ئارمیلۆف ) ی موزیکزان .
رۆژی پێشکەشکردنەکە هات و ( بتهۆڤن ) لەگەڵا هاوڕێیەکی لەنزیکەوە دانشتن، هۆڵەکە جێگای دانیشتنی تێدا نەمابوو، هەموو جەماوەر تێکڕا بەچاوی رێزەوە سەیری ( بتهۆڤن ) یان دەکرد، مێژوو‌ناسەکانی ئەو کات ئەم هەڵوێستە وا باس دەکەن :- ( دوای ئەوەی ئەم سەمفۆنیایە پێشکەش کراو تەواو بوو کە نزیکەی کاتژمێرێك و نیوی خایاند, ماوەی چەند چرکەیەك بێدەنگییەکی کپ باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشاو یقاکە وا سەرنجی جەماوەری راکێشابوو هەموویان کەوتووبوونە داوی بیرکردنەوەیەکی زۆر قوڵەوە, ئەوجا دەستکرا بە چەپڵە لێدانێکی زۆر بەهێز وەکو هاژەی ئاوێکی ساف لە بەرزاییەکی بڵندەوە بێتە خوارەوە وابوو، شەبقەکانی جەماوەر بەگشتی بڵندکران و لەم کاتەدا پەردەی شانۆ دادرایەوەو ( بتهۆڤن ) هیچ ئاگایەکی لەم چەپڵە لێدان و رێزلێنانە نەبوو، چونکە پشتی لە جەماوەرەکە بوو، دیسان پەردەی شانۆ کرایەوەو هێشتا خەڵکەکە لە چەپڵە لێدان نەکەوتبوون و تێکڕا هەموویان چاویان بڕیبووە ( بتهۆڤن ), بەڵێم لە جێگای خۆی نەجولێیەوەو بۆ جاری سێیەم پەردەی شانۆکە هەڵدرایەوەو ( ئارملۆف )ی مایسترۆی ئۆرکستراکە ( بتهۆڤن )ی بە هێما ئاگادار کردەوەو دەیگوت:- ( خەڵکەکە رێز و ستایشی خۆیان دەدەبڕن بۆت, ئینجا ( بتهۆڤن ) رووی لە جەماوەرەکە کرد و هەڵسایە سەرپێ و وەڵێمی رێز و خۆشەویستی جەماوەری دایەوە کە خەڵکەکە زانیبیان هەردوو جاری پێشوو ( بتهۆڤن ) ئاگای لە هیچ نەبووە و گوێشی لە هیچ شتێك نەبووە، هەڵوێستێکی کاریگەر باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشاو هەموویان بەزەییان پێدا هاتەوە، چونکە گوێی لە سەمفۆنیاکەی خۆی نەبوو .(
بەڵێ ئەیدیت کە پێشکەش دەکرێ، بەڵێم هەرگیز گوێی لێ نەبوو، گوێی لە سەرسامی گەلەکەی نەبوو، لەم هەڵوێستەدا ( بتهۆڤن ) خۆی پێڕانەگیراو چووە سەر شانۆکەو گەلێ گریا، گریانەکەی خۆشی و شادی خۆی دەردەبڕی بەرامبەر گەلەکەی .
ئەم سەمفۆنیا بەرزە لە پەیژەی ( رێ )ی بچووکەو لەچوار جولەوە پێکهاتووە، جولەوەی چوارەمی سەمفۆنیاکە قەسیدەی شاعیری گەورەی ئەڵمانی ( فریدریك شیللر )ە کە بەدەنگی (سۆلیست) دەچڕدرێت .

)بتهۆڤن ) لەم سەمفۆنیایەدا ئەم ئامێرانەی خوارەوەی بەکارهێناوە .
(12)کەمانی یەکەم
(12)کەمانی دووەم
(8)ڤیۆلا
(6)چەلۆ
(4)کۆنترباس
(2)فلوت
(1)پیکلۆ
(2)کلارنێت
(4)کۆرنۆ
(2)ترەمپێت
(3)ترەمبۆن
تمبانی, تەپڵێکی گەورە, سێگۆشەی کانزا, کاسات, باسۆن .

جوڵەی یەکەم ( Allegro ) واتا بە خێرایی دەژەندرێ .
گوزارشت لە جیهان و سیستەمی دنیا دەکات و هەڵوێستی مرۆڤی سەرسام لەڕووی ئەم جیهانە بەدیار دەخات کە ( بتهۆڤن )ی شۆڕشگێڕ لە سەرووی هەموویانەوەیە، واتا لە سەرووی هەموو سەرسامەکانەوە بووە کەوا موزیك دەکەوێتە بەر گوێ وەکو ئەوەیە کە بانگەوازی ( گەل )ێ بکات لە ژێر زوڵم و قورسایی ئازارەکانیدا بناڵێنێ، بە ئاوازێکی وا بانگیان دەکات کە پڕە لە خۆشی و هیواو ئاسۆی روون. شێوەی ئەم ئاوازەش لە زۆربەی موزیککانی ئەم کەڵە هونەرمەندەدا باوە، ئەم ئاوازەش بریتییە لە ( ترپەکانی رۆژگار ), ئینجا هێمنی و لەسەر خۆیی موزیکەکە بەرەبەرە بزر دەبێو دەچێتە چوار چێوەی موزیکێکی توندی پڕ لەسۆز و دەربڕین، ئەم موزیکە ئاوازی سەرەکی جوڵەوەیەکە واتا میلۆدییەکەیە، ئەم میلۆدیەش ئامێرەکانی ( کەمان، ڤیۆلا، چەلۆ ) بەدەری دەخەن و لەدەست پێکردنیدا بە نەرمی دەڕاوو بەرەبەرە بەرز دەبێتەوە, واتا ( piano to forte) تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئامێرە فووتێکراوەکان ئاوازەکە وەردەگرن و هەر بەم ئامێرانەش ئەم جوڵەیە کۆتایی پێدێت ..
ئاوازی سەرەکی ئەم جوڵەیە بووە سەرچاوەی داهێنان بۆ گەلێ لە موزیککارەکان، بەدڵی زۆریشیان بوو، کەچی کەسیان نەیانتوانی ئاوازێکی وا دابهێنن .

(2)جوولەی دووەم ( Allegro vivace ) :زۆر خێرایە
لێرەدا هەست دەکەین کە ( بتهۆڤن ) لە جێگای جوولەی لەسەرخۆ واتا Andante یاخود Adagio کە لە هەموو سەمفۆنیایەك لە دوای جوولەی یەکەمەوە دەبیسترێ (سکرتسو)دەکەوێتە جوولەی سێیەم, کەچی ( بتهۆڤن ) لەجوولەی دووەمی ئەم سەمفۆنیایەی داناوە، وادیارە ( بتهۆڤن) ویستوویەتی وا لە گوێگر بکات کە بکەوێتە هەڵوێستی بیرکردنەوەو بەخۆداچوونەوەك بۆیە جوولەی (لەسەرخۆ)ی Adagio خستۆتە جوولەی سێیەمەوە, ئەو بیرکردنەوەو بەخۆدا چوونەوەیە بەتەسەوفەوەیە .
ئەم جوولەیە بە ئامێرە ترپەییەکان (ئیقاعییەکان) دەست پێدەکات، هەر لەسەرەتاوە ئاوازی بەجۆشی ئەم پارچەیە بە دیاردەکەوێت، ئامێرەکان هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ژیانێکی گێژاو لە بەربەرەکانییەکی توندوتیژ لەگەڵا دەوروبەردا، ئەم توندوتیژییەش هیوای لەدواوەیە، ئەم هیوایەش لە ئاوازی سەرەکی جوڵەوەکەدا بەدیار دەکەوێت کە لە ئامێرە ژێدارەکانەوە دەبیسترێ, ئەم ئاوازەش خۆشترین و بەجۆشترین ئاوازە کە ( بتهۆڤن ) بەجێی هێشتووە بۆمان, هەر ئەم ئاوازەش دووبارە لە ئامێرە فووتێکراوەکانەوە دەبیسترێتەوەو تا ئەو شوێنەی هەموو ئۆرکسترا پێکەوە دەیژەنن و دوای ئەوەی ئاوازی یەکەم بە ئۆرکسترا کۆتایی پێدێت, کەمانچەکان بە دەنگی باریك ئاوازێکی زۆر جۆش دەژەنن و ئەم ئاوازەش بەدوای ئاوازی سەرەکی یەکەم کەوتووەو رێگا بۆ ئاوازێکی تر ساز دەکات و لێرە دەکەونە ناو هارمۆنیایەکی بەخوڕو پڕ لە سۆزەوە، لەهەمان کاتدا ( ترپەکانی رۆژگار ) بە بەردەوامی لە تەپڵەوە دەبیسترێ، ئەم لێدانی تەپڵە وەکو ئەوەی بانگەوازی هێزی شەڕ بکات بۆ ئەوەی بە تاریکی و رەشی خۆی هەموو رۆشناییەکی راستی بشارێتەوە, بەڵێم ئەم تاریکییە بە زوویی لەناو دەچێ و رووناکییەکی بە تیشك بەدی دەکەین کە ئەویش بە بیستنی ئاوازێکە وەکو ( نافورە ) لەبەرزی و نزمی دایە، ئەم ئاوازە گەلێ بەجۆش و سۆزەو وا لە مرۆڤ دەکات کە هەموو ناخۆشی و ئازارەکانی لەبیر بچێتەوەو هەمیشە دەست لە ملی هیواو خۆشی بکات، ئەم ئاوازەش وەکو ئاوازێکە کە بۆ هەڵپەڕکێیەك بژەندرێ و ئینجا ئاوازێکی لەسەرخۆ لە ئامێری ( باسۆن )ەوە دەبیسترێ تا کۆتایی ئەم جوولەیە بە شێوەی ( فۆجە ) دەمان گەیەنێتە( کۆدا( Coda کەو جوولێنەوەکە بەم شێیوەیە کۆتایی پێدێت .

(3)جوولەی سێیەم ( Adagio ): واتا لەسەرخۆ
ئەم جوولەیە لەسەر دوو ئاوازی بەرهەڵستییەك دانراوەو پەیژەکەی جیاوازە لەگەڵ پەیژەکانی جوولەی یەکەم و دووەم، پەیژەی ئەم جوولەیە ( سی بیمول )ی گەورەیە. دەست پێکردنی ئەم جوولەیە بە ئامێرەکانی ( باسۆن, کلاڕنێت, ئۆبوا )یە لەگەڵ بەشداربوونی ئامێرە ژێدارەکان، ئاوازی یەکەم یەکێکە لە قووڵترین ئاوازەکانی ( بتهۆڤن ) لەبارەی هەست و سۆزەوە, ئەم ئاوازە وا لە گوێگر دەکات کە بەندی نیگەرانییەکی قوولأ بێت، ئاوازەکە زۆر بە هێمنی دەڕوا وەکو شنەبای ئێوارانی پاییز کە لە گەلێ زەردەکان دەداو یەکە یەکە دەیانخاتە خوارەوەو وا دەردەکەوێ و دەکەوێتە بەر گوێ ئینجا هەست بە درامایەکی موزیك دەکەین کە هەموو گەنجینەی مرۆڤایەتی لە گریان و هەستی بەسۆزی تێدا خڕبۆتەوەو هێمنی دەروونی مرۆڤ چاك دەکاتەوە لە هەموو ئێش و ئازارەکانی، ئەم دراما موزیکییە لە هەموو ئامێرەکانی ئۆرکستراوە دەبیسترێ, ئینجا کۆمەڵی کەمانچەکان بە گشتی لەگەلأ ( ترەمبۆن ) و (ترەمپێت ) بەرەبەرە هێمن دەبنەوەو تا بە تەواوەتی بزر دەبن لە نێوان هاژەی ( کۆنتراباسەکانەوە ), ئینجا ئاوازی سەرەکی یەکەم لەچەند شێوەیەکی

هەمەڕەنگدا دەبیستریَ, واتا هەرجارێك بە شێوەیەکی گۆرانی لە چوارچێوەی ئاوازە سەرەکییەکە دەرناچیَ، کۆتایی ئەم جووڵەیە بە ئامێری ( ترەمپێت )ەوە دێت، وەکو بڵێی ( بتهۆڤن ) ئاگادارمان دەکاتەوەو پێمان دەڵێ وریا ببنەوە وا گەیشتینە رووداوە گەورەکە .

(4)جووڵەی چوارەم Allegro assiai presto ) زۆر زۆر خێرایە (

)بتهۆڤن ) لە کاتی دەست پێکردنی نووسینی ئەم جووڵەیە نزیکەی (200) لاپەڕەی نۆتەی موزیکی نووسی تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە موزیکێکی تەواوی داناوە بۆ قەسیدەکەی ( شیللر ), هەروەها (بتهۆڤن ) هەواڵێکی گەلێ گرنگی لە مێشکدابوو بۆ ئەو ئیشەی بە کڵۆڵەکانی رابگەیەنێ تاوەکو شۆڕشە دامرکاوەکان هەمیسان بەرپا بکەنەوە, بەڵێ ئەم هەواڵەی ( بتهۆڤن ) شۆڕشێکی ناوخۆییە و هەموو گیان دەلەرزەینێ و دەیخاتە باوەشی خۆشییەکی پاکەوە، لێرەدا هەمان دەنگی ( ترپەکانی رۆژگار ) کە لە جووڵەی یەکەم و دووەم وسێیەمدا بیستمان دووبارە دەبێتەوە, ( بتهۆڤن ) لە سەرووی ئەم جووڵەی یەکەمی ئەم سەمفۆنیایەوە نووسیویەتی و دەڵێ:- ( نەخێر ئەم جووڵەیە یادگارمان دەگەڕێنێتەوە سەرباری شپرزەیی و ناخۆشیمان, هەروەها لە دوای تەواوبوونی ئەو جوولێنەوەیش وەکو گاڵتەجاڕی وایەو هەندێ خۆشی لێوە بەدی دەکریَ، هەمدیسان لە دوای تەواوبوونی جووڵەی سێیەمیش وتویەتی:- ( ئەمەشیان نەْ ، ئەمەیان زۆر باری بەزەیی پێهاتنی تێدایە و پێویستە بەدوای شتێکی تردا بگەڕێین و چالاکی و خۆبەخت کردنی تێدابێت ), نەخێر ئەوەی گیان و هەست دەیەوێ شتێکی نوێیە، پاکە، ئاوات و هیوای لێ چاوەڕێ دەکریَ، دەبێ خۆشی پیشانی خەڵك بدات و رێگایان بۆ رووناك بکاتەوە تا بە شادی بژین .

)بتهۆڤن ) لە راسپاردەکەیدا کە بەناوی (هیلیجستاد)ە وەیە نووسیویەتی و دەڵێ :- ( لە زویەکەوە دەنگدانەوەی خۆشی و شادی لە گیانمدا بزرەو پێم نازانیَ، ئاخ کەی دەتوانم ئەی خوای خۆشی و شادی دەست لەملی ئەم بەختەوەرییە بکەم؟ نەخێر هەستی پێناکەم .(

ئەم خۆشییە زۆر ئازار و ئەشکەنجەی پێگەیاندم, بەڵێم ئەو ئازارو ئەشکەنجەی بتهۆڤن، لەگەڵا تەواوبوونی جووڵەی چوارەمی سەمفۆنیای نۆیەم کۆتایی پێهات و گیانی ئەم کەڵە هونەرمەندە بە یەکجاری حەسایەوە, ئەو خۆشی و شادییەی ( بتهۆڤن ) داوای دەکرد لە ئاوازی قەسیدەکەی ( شیللر )دا بوو، ئەو قەسیدەیەی کە هەموو کاتێ ( داخوازییەك بۆ شادی ) خۆشی بۆ خەڵك دەکات، هەموو کاتێ کە گوێمان لە دەنگی ئەم کۆڕاڵە دەبێ هەست بە خۆشییەکی گەلێ گەورە دەکەین و زەردەخەنەیەکی بەردەوام لەسەر رووی جەماوەر دەبینرێ .

)بتهۆڤن )ی مەزن دیسان بۆ ئەوەی گوێگر ئاگادار بکاتەوە دەست پێکردنی ئەم جووڵەیەی داوە بە ئامێرە فووتێکراوەکان، ئەم پێشەکییە ( 7 )( مازۆرە )ی موزیکە زۆر بە خێرا دەژەندریَ، دوای ئەم ژەندنە (چەلۆ، کۆنتراباس) ئەم دەنگانە دانامرکێننەوەو چەند گۆڕانکارییەك لە پەیژەکان روو دەدەن و دیسان ( کۆنتراباس )ەکان ئەم دەنگانەش دادەمرکێننەوە بە ژەنینێکی گەلێ نەرم و پڕ لە هەست و سۆز.. دوای ئەمە گوێمان لەچەند بڕگەیەك دەبێ کە لەشێوەی پەیژەیەکی موزیکییە، ئەم پەیژانەش بە ئامێرە فووتێکراوەکان دەست پێ دەکەن و بەردەوام دەبن تا ئامێرە ژێدارەکان لێیان وەردەگرنەوە, ئینجا ئاوازی سەرەکی ( کۆڕالاَ ) لە پەیژەی ( رێ )ی گەورەدا دەبیستریَ بە بەشداریبوونی ( ڤیۆلا و چەلۆ و کۆنتراباس) ئەم ئاوازەش میلۆدی دەنگی کۆڕاڵەکە دەخاتە بەر گوێ و ئینجا بەرەبەرە ئامێرەکانی تری ئۆرکسترا بەشداری تێدا دەکەن و تا بە تەواوەتی لە هەموو ئۆرکستراوە دەبیستریَ، بەم جۆرە پێشەکییە موزیکە بە ئۆرکسترا کۆتایی پێ دێت و ئەو ئاوازەی کە لە سەرەتای جوولێنەوەکە گوێمان لێی دەبێ دووبارە دەبێتەوە .

ئاوازی کۆڕالاَ دەنگی ( باریتۆنی )ی سۆلۆی لەگەڵەو دەڵێت-:

برادەرینە.. .. برادەرینە .  
ئەم دەنگانە چیتر بەردەوام نابن .  
کەواتا با گۆرانی برایەتی. .. . گۆرانی شادی ببێژین .  
ئەی شادی هەر شکۆدار بیت ..

ئەم چوار دێڕە شیعرە زۆر بەخێرایی دەگوتریَ لەگەڵا ئۆرکسترا, دوای ئەوە لە بەشداربوونی کۆڕالاَ بەگشتی سێ دێری شیعری تر دەبیستریَ لەلایەن چوار دەنگی ( سۆلیست )ەوە لەناو کۆڕاڵەکەداو هەموویان تێکڕا بە دەنگی باریتۆن دەڵێن:

ئەی شادمانی.. ئەی چاووگی و رووناکی نەمر

ئەی نەوەی بەهەشت
بۆ ئەوەی بگەینە بەر دەرگات, خۆمان بەئاگر شوشت
بۆ بارەگای پیرۆزت هاتووین
بەتیشکی روونی دڵفڕێنت خەڵك زنجیری سەختیان دەپچڕێنن
هەرکە شەقەی باڵت بێ
خەڵك وەکو برا دەژین
تۆ ئەی سەرفراز و دڵشاد ئەی ئەو کەسەی
برادەری وەفادارت هەیە
تۆ کە دڵی ئافرەتێکت داگیرکردووە
لێ گەڕێ با بە یەکەوە گۆرانی شکۆداری بڵێین
هەر کەسێکیش دڵی خۆی نەخاتە سەردەستی
با لە ئەشکەوتەکەیدا.. بەتەنیایی شین بکا
شادومانی باڵی بەسەر خەڵکا کێشاوە
لەهەموو لایەکی زەمینەوە دەنگی داوەتەوە
بۆ چاك وخراپ.. بۆ هەموو شتێ لەم سروشتە
با بەشادییەکی پاك هەڵپەڕین
چونکە ئەم شادییە.. چەش و دڵا خۆشی خۆشەویستیمان دەداتێ .
لەم پەپولەیەی کە شەیدای بەهارە

تادەگاتە ئەو فریشتەیەی کە لەتەنیشت عەرشی خواوە دانیشتووە, ئەم کۆپلەیە زۆر بە هێمنی و سەردانەنواندنەوە بۆ گەورەیی قەسیدەکە و ئاوازەکەی دەگوترێ دوای تەواوبوونی ئەم کۆپلەیە لەلایەن چوار دەنگە سۆلیستەکان دەنگی ( تینۆر ) لەگەڵا کۆڕاڵا بەگشتی بەشدار دەبن و هەموویان پێکەوە دەڵێن-:
با دڵاخۆش بین.. تا خۆری پڕشنگدار لە کەشکەڵانی فەلەك بسوڕێتەوە برایان.. وەرن باچاوتان بە پاڵەوانێتی و دڵا خۆشی و سەرکەوتن بگەشێتەوە .
)پارچەی دووەم لێرە دووبارە دەبێتەوە (
بە شوێنی دابگەڕێن.. وا لەبەرزاییە
جێگای وا لە نێوان ئەستێرەکانە !
هەمدیسان کۆرس بەشەکەی پێشوو دووبارە دەکەنەوە .. ..
بەم جۆرە ئەم سەمفۆنیا گەورەیە بە دەنگی بەسۆزی مرۆڤ کۆتایی پێدێت کە هەموو کاتێ ئەم دەنگانە وا دەزرنگێتەوە لە گوێماندا و وامان لێدەکەن هەردەم شادی ببەخشینە کڵۆڵەکان بۆ ئەوەی ئەوانیش چێژ لەم ژیانە خۆشە وەرگرن، چونکە ئەوانیش ئادەمیزادن، مافی ژیانیان هەیە .. ..

ئینجا کۆرس بە دەنگێگی پڕ لە سۆزەوە بە تێکڕایی بانگەوازی ( شادی ) دەکەن و دەڵێن -:

خەڵکینە ئەی ئەوانەی لە ژماردن نایەن
هەستنە سەر پێ و کۆببنەوە
بەدڵشادی ماچی برایەتی بگۆڕنەوە
خوای گەورە.. خۆشەویستی
بۆ جیهان دەبەشێتەوە
بۆ ملیۆنەها بەندەی خۆی
کە بەڕێگای خۆشەویستیدا دەچن و دەیدۆزنەوە

پەراوێزەکان
-1مۆزیکی سەمفۆنی:- زاراوەی سەمفۆنی لە دوو بەش پێکهاتووە( SYN ) ی ئەغریقی واتا ( لەگەڵا ) و ( phone ) واتا (دەنگ) مۆزیکی سەمفۆنی واتا ئەو سەمفۆنیایەی ئۆرکسترای تێدا بەکار بهێنرێ: (ئامێرە ژێدارەکان, ئامێرە

فووتێکراوەکان (چ دار چ مس)(ترپەییەکان .(

-2کلۆد دیبۆسی:- موزیکزانێکی فەرەنسییە لە ساڵی( 1862 ) لە ( سان جرمان ) لە دایك بووەو لە( 26) ئاداری ساڵی( 1918) لە پاریس مردووە، بە هەڵگری ئالێی بزووتنەوەی کاریگەرخوازی دادەنرێ لە هونەری موزیکدا .

-3ئۆرکسترا:- ئۆرکسترا لەچەند موزیکژەنێکی لێهاتوو پێکدێت کە ژمارەی موزیکژەنەکان لە( 10 ) کەس کەمتر نەبێ و بەپێی پێویست دەتوانرێ ژمارەیان زیاد بکرێ جا گرنگ نییە( 50 ) کەس بن، یان (100 .(

-4میلۆدی:- ئەو بیرە موزیکەیە لەکاتی زنجیرە ئاوازی ئەوتودا هەستی پێدەکەین کە لەیەك سەرچاوەی دەنگییەوە دەردەچێ بە گوێرە یاسای زنجیرەی ئاواز و کێشی ترپە .

-5کۆنشێرتۆ:- کۆنشێرتۆ لە ناوی لاتینی (کۆنشێرتاری) وەرگیراوە بە مانای پێش بڕکێکردن دێت. موزیکی کۆنشێرتۆ بۆ ئامێرێك یاخود دووان دەنووسرێ لەگەڵ بەشداربوونی ئۆرکستراو رۆڵی ئامێرەکە نووسراوەو ئۆرکسترا شان بە شانی ئامێرەکە یاوەری دەکات .

-6سۆناتە:- سۆناتە چوارچێوەیەکی موزیکی سەربەخۆیەو لەسێ جوولێنەوە پێکدێت و بۆ ئامێرەکانی ئۆرکسترا دەنووسرێ و تەنیای ئامێری ( پیانۆ )ی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێ لەکاتی ژەندنیدا .

-7ئۆڤەرچوور واتا ( پێشەکی ):- وشەیەکی ئیتاڵییە بەمانای پێشەکی دێت و چوار چێوەیەکی موزیکی سەربەست دەگرێتە خۆی، واتا کە ئەم موزیکە لەلایەن دانەرەکانی موزیکەوە دادەنرێ تەنیا بۆ ئەوە دادەنرێ کە بۆ پێشەکی بژەندرێ لە ئاهەنگە ئۆرکسترالییەکاندا .

.8ساندرۆ سکالاتی:- موزیکزانێکی ئیتاڵییەو لە شاری ( سەقەڵیە ) لە ساڵی ( 1658 )دا لە دایك بووە و بەبەرهەمترین دانەری موزیك دەژمێررێ, نزیکەی (150) ئۆپێرای داناوەو لەساڵی (1725) لە (ناپۆلی) کۆچی دوایی کردووە .

-9ئۆپێرا -: Opera شانۆگەرییەکە بە گۆرانییەوە دەگوترێ و لەسەر شانۆ شان بەشانی موزیکی ئۆرکسترالی باسی سەرگورشتەیەکی دڵداری یاخود کۆمەڵییەتی دەگێڕێتەوە .

-10جۆزیف هایدن:- لەساڵی( 1725 ) لە بنەماڵەیەکی هەژار لە شارێکی بچووکی نەمسا لەدایك بووە, لەناو دانەرەکانی موزیکدا بە ( باوکی سەمفۆنیا ) ناوبراوە، چونکە نزیکەی ( 125 ) سەمفۆنیای داناوە, لە ( 31 )ی مایۆی ( 1809 )دا کۆچی دوایی کردووە .

-11مۆزارت:- لەساڵی( 1756 ) لە سالزبۆرگ لەدایك بووە، هەر لە منداڵییەوە لەلایەن (لیوپولد موزارت)ی باوکییەوە وانەی موزیکی خوێندووەو باوکی کەمانچەی دەژەند، بەناوبانگترین بەرهەمەکانی موزیکی ( سریناد )و سەمفۆنیای ( 40 )ە ساڵی ( 1791 ) لە تەمەنی ( 35 ) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە .

-12کۆڕاڵ -: coral لەچەند گۆرانیبێژێکی لێهاتوو پێکدێت کە ژمارەیان لە( 30 ) کەس تا ( 80 ) کەس بێت، بەڵکو زیاتریش لە( 80 ) کەس، دەکرێن بەسێ بەش یاخود چوار بەشەوە، لەکاتی گوتندا هەر بەشێکی گۆرانییەکە دابەش دەکرێتە سەر چەند بەشێك لە کۆڕاڵەکەدا .

-13چایکۆڤسکی:- لەساڵی( 1840 )دا لە رووسیا لەدایك بووەو تا تەمەنی ( 23 ) ساڵی لە کۆلێژی (یاسا )ی خوێندووەو ئینجا جێی هێشتووەو رووی کردۆتە موزیك, بەناوبانگترین بەرهەمی موزیکی (بالێی دەریاچەی لید )و ( سەمفۆنیای شەش )ەمە لە ساڵی ( 1894 )دا بە رشانەوە ( کۆلێرا ) کۆچی دوای کردووە .

-14ئەنتۆن دڤۆرجاك:- لەساڵی ( 1841 )دا لە چیکۆسلۆفاکیا لەدایك بووە، بەناوبانگترین بەرهەمی (ئۆپێرای رۆزالکا

) و ( سەمفۆنیای جیهانی نوێ )یە, لە ساڵی( 1904 )دا کۆچی دوای کردووە .

-15بیلابارتوك:- لە( 25 ) ئاداری ساڵی( 1881 )دا لە هەنگاریا لە دایك بووە. لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا یەکەم پارچە موزیکی خۆی داناوەو پێشکەشی جەماوەری کردووە. بەناوبانگترین بەرهەمی بریتیە لە توێژینەوەیەکی شیکردنەوەی فۆلکلۆری هەنگاری و کۆکردنەوەو لە چاپ دانی .
لە ساڵی( 1945 )دا تووشی نەخۆشی ( لۆکیمیا ) بوو, هەر لەو ساڵەشدا لە نەخۆشخانەیەکی نیۆریۆرك کۆچی دوای کردووە .

-16یۆهان برامز:- لە شاری هامبۆرگ لە ئەڵەمانیا لەدایك بووە. باوکی کونترباسی دەژەند, لەتەمەنی (8)ساڵێندا وانەی پیانۆی وەرگرتووە، بە ناوبانگترین بەرهەمی (کۆنشێرتۆی کەمانچەو ئۆرکسترا )یە لە ساڵی( 1897 )دا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوای کردووە .

-17فرانز شۆبەرت:- لەساڵی( 1797 )دا لە ( ڤییەنا ) لەدایك بووە, بە یەکەمین و گەورەترین موزیکزانی رۆمانتیکی ناودەبرێ. بەناوبانگترین بەرهەمە گۆرانییەکانی و هەروەها سەمفۆنیای ناتەواو (السمفونیە الناقصە) ژمارە (8) ناوبانگی دەرکردووە, لە ساڵی( 1828 )دا کۆچی دوای کردووە, لەسەر راسپاردەی خۆی لە نزیکی ( بتهۆڤن )ەوە نێژراوە. تەنیا ( 31 ) ساڵ ژیاوە .

-18دینامیتیا:- هەموو جۆرە شتێك دەگرێتە خۆی کە بۆ موزیك دادەنرێت بۆ نموونە (گریشاندۆ، دیمنیاندۆ، فۆرتیە، پیانۆ، دۆڵسی، کانتابل، تادوایی( .. ..

-19کۆنسێر:- کۆنسێر بە واتای ئەو ئاهەنگانە دێت کە موزیکی تایبەت دەگرێتە خۆی و لەسەر شانۆنی گشتی یاخود جێگای تایبەت پێشکەش بەخەڵك دەکرێ و هەندێجار دەکەوێتە بەرگوێ کە ئاهەنگێکی کۆنسێر هەیە، لەم جۆرە ئاهەنگانەشدا گشت ئامێرەکانی ئۆرکسترا بەشداری تێدا دەکەن .

-20دۆن جوان:- ئۆپێرایەکی ( مۆزارت )ی موزیکزانی گەورەیە .

-21شووکردنی ڤیگارۆ:- ئۆپێرایەکە مۆزارت موزیکی بۆ داناوەو لە شانۆگەرییەکی (بومارشێیە) وەرگیراوەو بەسەرکەوتووترین ئۆپیرای مۆزارت دادەنرێ .

-22کۆنترِاپۆینت:- کرداری موزیکی کۆنترِاپۆینت ئەو کردارەیە کە میلۆدییەکان هەندێکیان لەسەر هەندێکیان ئاوێتە دەبن و بە هەموویان کەسێتییەکی (بەڵگە نەویست) دروست دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەم میلۆدیانە دەگوترێن یاخود دەژەندرێن لە هەمان کاتدا هەموویان رێکدەخرێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵێك پەیوەندی هاودەنگیی ( هارِمۆنی .(

-23پۆلیفۆنی:- موزیکی پۆلیفۆنی بۆ یەکەمین جار لە سەدەی نۆیەم دا لە ژێر ناوی ( ئۆرجانم ) دابوو، سەرەرای دەنگە سەرەکییەکەی خۆی دەنگێکی دووەمیش لەژێرەوەی زێدە دەکرا لە میانەیەکی موزیکی دیاری کراودا ( میانەی چوارەم .(

.24کۆنشێرتویەکانی جیهانی:- مەبەست لە کۆنشێرتۆیە جیهانییەکان ئەو پێنج کۆنشێرتۆیەن کە ناوبانگێکی گەلێ بەرزیان هەیە لە جیهاندا ئەم کۆنشێرتۆیانەش ئەمانەن -:

-1کۆنشێرتۆی کەمان و ئۆرکسترا ( بتهۆڤن (
-2کۆنشێرتۆی کەمان و ئۆرکسترا ( چایکۆفسکی(
-3کۆنشێرتۆی کەمان و ئۆرکسترا ( برامس(
-4کۆنشێرتۆی کەمان و ئۆرکسترا (مەندلسۆن(
-5کۆنشێرتۆی کەمان و ئۆرکسترا ( سیبیلیۆس(

25-موزيكی سالۆن :- ئەو موزيكەيە كە لە جێگايەكی تايبەتی دەژەندرێ, بۆ يەكەمين جار لە ئيتاڵيا دەست پێ كراو پێيان وت ( سۆناتەی حوجرە )و دەكرا بە دوو بەشەوە : بەشی يەكەم بە بەشی سۆناتەيەك بۆ ئامێرێك لەگەلأ ژەندنی ئامێرێكی تر, دەنگی قەرار بە بەردەوامی. بەشی دووەم – لە (سۆناتەی حوجرە ) بريتی بوو لە سۆناتەی چەند ئامێرێك پێكەوە وەكو ( دوو ئامێر، سێ ئامێر .( . ..

26-سۆلیست :- واتا موزيكژەنێكی گەلێ چاك و لێهاتوو ياخود بە گۆرانيبێژێكی گەلێ چاك دەوترێ كە بەتەنيا لەگەڵ ئۆركسترا بژەنێت ياخود دەوری لە گوتنی ئۆپێرادا هەبێت .

27-فۆگە :- دانروێكی ( پۆليفۆنی ) يە بۆ گۆرانی و ژەنينی ئامێرەكان و ناوەرۆكەكەی بۆ تاكە ميلۆدييەكە .

28-كۆدا -:coda لەكاتی ژەندنی موزيك ئەم نيشانەيە لەسەر يەكێك لە پێنج هێڵەكەی موزيكدا دەبينرێ، هەر موزيكژەنێك ئەم نيشانەيە ببينێ, ئەوا يەكسەر ئەوەی دوای ئەم نيشانەيە بەجێ دێڵێ، واتا ناژەندرێ تا دەگاتە نيشانەيەكی تر وەكو هی پێشوو و كۆتايی بە پارچە موزيككە دێنێ . .

29-مازۆرە:- لەكاتی نووسينەوەی موزيكدا بە گوێرەی كاتی ئيقاع چەند نۆتەيەك دەگرنە خۆيان وەكو: ( رۆند، بلانش، نەوار، كرۆش) جا بە دابەش كردنەكە دەڵێن ( مازۆرە .(

30-تێۆر :- بەرزترين دەنگی پياوانە، ئەو كەسەی ئەم دەنگەی هەبێ هەردەم داواكراوە بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە دەنگە لە ئۆپێراكان و قەداسەكاندا .

تێبينی//
قەسيدەی ( فريدريك شيللر ) مامۆستا ( عەبدوللێ ئەحمەد داود ) كردويەتی بە كوردی سوپاسی دەكەم .

کۆڵەگە هونەرییەکانی لێکۆڵینەوە
لە موزیك و گۆرانی و فۆلکلۆریدا
زانستی موزیکی بەراوردکاری (ethnomusicology) بەدوای ئەو بابەتە موزیکییە (خام)انە هەنگاو دەنێ کە کەوتوونەتە ژێر ئەو خاکەی کە بێ بەزەییانە پەردەی رەشی بەسەردا داون و تەپ و تۆزی زەمانەی بێ رەحمیشی لەسەر نیشتوون. ئەم زانستە قووڵە دەگەڕێ و دەسووڕێ تا ئەو بابەتە هونەریانە کۆبکاتەوەو لە دوو توێی کتێبێك یاخود لێکۆڵینەوەیەك بکرێن بە نۆتەی موزیك و ئینجا لێکۆڵینەوەی زانستی موزیکی لەسەر ئەنجام بدرێ، هەروەها دەستنیشانی ئەو پەیوەندیەش بکرێ کە لەگەڵ کلتوورێکی زیندووی ولێتانی دراوسێ یاخود نزیك لە ئێمە دییەستێتەوە. گەڕان بەدوای ناسنامەی موزیکی فۆلکلۆری شارەزاییەکی بێ هەژماری تیۆری و تەکنیکی و پراکتیکی، ( کۆرت زاکس Kort ( Zakی مێژووناس و موزیکناس پراکتیکی گەڕان بە دوای کۆکردنەوەی موزیك و گۆرانی فۆلکلۆری بۆ دوو قۆناغ دەستنیشان دەکات .

قۆناغی یەکەم:- ( مەسحی مەیدانی ) کە لەنێو شارۆچکەو گوندو لادێ و دێهاتەکان ئەنجام دەدرێ, واتا ئەو شوێنانەی کە ددانی هاری تەکنەلۆژیای نەگەیشتوویەتێ و بە (Field Work) ناو دەبرێ .

قۆناغی دووەم:- تەواوکەری قۆناغی یەکەمەو بە ئەنجام گەیاندنی کاری پراکتیکی و بەدواداچوونی دراوەو ئەو کردارەیە کە لە قۆناغی یەکەم ئەنجام دراوەو نووسینەوەی ئەو بابەتە هونەریانەیە بە زمانی موزیك واتا ( نۆتە ), ئینجا بنیاتنانی کارە هونەرییە زانست ئامێرەکانی ترە لە هارمۆنیاو شیکردنەوەو ناسینەوەی جۆری پەیژەو مازۆرەو فرێس و بابەتەکانی تری هونەری پەیوەست بە بابەتە هونەرییەکەو بە (desk work) ناو دەبردرێ .
لەگەڵ بە ئاکام گەیشتنی هەردوو قۆناغی سەرەوە دەبێ کۆمەڵێك مەرجی سەرەتایی پراکتیکی و تیۆری لە خودی لێکۆڵینەوەدا هەبن تا بتوانێ مەرامە هونەرییەکان بخاتە باوەشی زانستی موزیکی بەراوردکاری .
پێویستە ( لێکۆڵەر ) مێژوو و ژیان و ژینگەی ئەو کەسانە دیاری بکات و شارەزاییەکی تەواویشی لەمەڕ ژیانی رۆژانەیاندا هەبێت, هەروەها دەبێ ئەو بابەتە رۆشنبیری و ئەدەبیانەی بەتەواوەتی هەزم کردبێ کە باس لە چیرۆك و داستان و ئەفسانەی فۆلکلۆری ئەو میللەتە یاخود ئەو کۆمەڵەیە دەکات تابتوانێ بابەتە ئەدەبییەکە بکاتە پاڵپشتێکی بەرجەستەکراو بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکەی .
ئەم شارەزایی بوونەش لەڕووی توێژینەوەی باری کۆمەڵێیەتی ئەو کۆمەڵەیە هۆکار و فاکتەرێکی زۆر گرنگە تابتوانرێ حاڵەتە هونەرییەکانی پێ لغاو بکرێن و هەموو کات لە ژێر دەسەڵاتی عەقڵ و هەستی مرۆڤدابن .
لەقۆناغی دووەمی لێکۆڵینەوەدا دەست دەکرێ بە نووسینەوەی ئەو ئاوازو میلۆدییە سەرەکیانەی کە لەقۆناغی یەکەمدا تۆمارکراون, یاخود بەکامێرایەکی (Vidio) تۆمارکراون. ئەگەر بەووردی لە ئەنجامدانی ئەم کارە ورد ببینەوە وەکو نەشتەرگەرییەکی قورسی میکانیزمی جەستەی مرۆڤە، روودانی هەر هەڵەیەك بە کارەساتێك کۆتایی دێت و دەبێتە هۆی لە دەستدانی رۆحی پڕ میهری ئاوازێکی بێکەسی ئەو میللەتە بێ نیشتمانە .
گەڕان بەدوای کۆکردنەوەی خەرمانی گۆرانییە پەرت و بڵێوەکانی کورد پەیوەندییەکی گرنگ و نەپساوەی بە فاکتەری ( زەمەن ) واتا کات هەیە، چونکە گەڕانی یەك بەدوای یەکی گوند و لادێ و دێهاتەکان دەبێتە هۆی لەدەست نەدانی ئەو گۆرانیانەی کە لە سەرزاری خەڵکی ماونەتەوەو هەروەها پراکتیکی گەڕانی زۆر دەبێتە مایەی کۆکردنەوەی زۆرترین بەرهەمی ( خام ) بۆ دەستەبەرکردنی دەوڵەمەنترین ئەرشیفی زانست ئامێز لە نێو ئەو ( 4 500 ) گوندە دڵرفێنەی کوردستان و بە دەیان هەزار گۆرانی و بەدەستەو ( باڵۆرەو لاوك و حەیران و قەتار و سیاچەمانەو هۆرەو بەیات و خاوکەر و نیوەشەو و سەفەر ) لە نێو دڵ و دەروون و رۆحە نەحەساوەکانی رۆڵەکانیدا پەنگی خواردۆتەوەو شەوانە ئەو رۆڵە بە ئەمەکانە بە شەماڵ و شنەبای بێگەرد و تۆزی جەستەی ئەو خاکە لەبیر کراوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ئەمانەتەوە لە دۆڵ و گرد و شیو و چیاو خەرەندو گەلی و چەم و رووبار بپەڕێننەوە ئەو شوێنانەی کە هەرگیز دانیان بە سنووری دەستکرد نەهێناوە، هەمیشە ئەو گۆرانیانە کەوتوونەتە سرووتی زیکر و پاڕانەوە بۆ ئەوەی وەچەی نوێ لە بیریان نەکەن و بە چاوێکی پڕ شکۆ سەیر بکرێن و لە مردنێکی حەتمیش رزگاریان ببێت .
بۆ ئەنجامدانی ئەرکی کۆکردنەوەو نووسینەوەی نۆتەی موزیکی هەر گۆرانییەکی فۆلکلۆری پێویستە ئاماژە بۆ کۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی بکەین کە هەمیشە دەبنە رێنیشاندەری ( گەڕۆك )ی ئەم بوارە قورسەی کە مێژووی رەسەنایەتی زۆر

به پەرۆشەوە دەیانخاتە نێو باخەڵی گەرمی کەلەپوورەوە .

-1کۆکردنەوەی بابەتە هونەرییەکان ,(Collection) یەکەمین هەنگاو بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ پێویستی بە جورئەت و لە خۆبردووی مرۆڤ هەیە بەرامبەر بە رابردوویەکی دوورو پڕ لە ژان و ئازارو کۆکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان و بە هەمان شێوەش پێویستی بە مرۆڤێك هەیە کە بتوانێ دەست لە کارە پیشەییەکانی خۆی هەڵبگرێ و دەست لەملی چیاو دۆڵەکان بکات و قەدپاڵی چیاکان بکات بە سەرین و دەشت و هەردیش بەسەر خۆیەوەو رووباریش بکا بە قیبلەنما .. ..!
دیاریکردنی شوێن و کات, فاکتەری سەرەکی وەدەست هێنانی ئامانجی یەکەمە لەکارە هونەرییەکاندا بەپێی نەخشە دانانی پرۆگرامی کۆکردنەوە، شوێنەکان دابەش دەکرێنە سەر چوارلا ( باکوور و باشوور، خۆرئاوا و خۆرهەڵێت), هەریەکێ لەم شوێنانە خاسیەتی هونەری تایبەت بەخۆی لە هەگبەدایە, هەر یەکێکیش لەم شوێنانەدا گۆرانی جۆراوجۆری خۆی هەیە وەك ( گۆرانی جوتیاران، گۆرانی کارکردن، گۆرانی مندالێن، گۆرانی سۆز و خۆشەویستی، گۆرانی بۆنە ئایینییەکان ), هەنگاوێکی تر کە بەرەو ئاسۆی تۆمارکردن دەیهاوێژرێ دەبێ لەو کەسانە نزیك ببێتەوە کە خاوەن تەمەنێکی پڕ لە سەروەری و رابردوویەکی پڕ لە ژان و ئەشك و برسێتی و نەبوونی و ناهەمواری و ئازار و خەمن، ئەو جۆرە کەسانە هەرکە زانیان خەم دەبێتە میوانێکی رەزا قورس بەسەریانەوە, ئیتر دەکەونە گۆرانی چڕین و ئەو هونەرە گەورەیە لە ئامێز دەگرن کە راستەوخۆ حاڵەتەکانی نێو ناخ و دەروون و هەست و نەست دەجوڵێنێ و لەگەڵا عەقڵدا یاری بە چارەنووسی نادیاری دوا رۆژگاردا نەکا .
گرنگیدان بەمەسەلەی دەستنیشان کردنی بەساڵێچووەکان لەو ئامانجە نزیکمان دەکاتەوە کە مەبەست و مەرامەنە بەتایبەتی ئافرەتەکان, چونکە ئەم ئافرەتە بەساڵێچوانە کۆمەڵێك نموونەی زیندووی چاکیان لە گۆرانی و بەیت و یاری مندالێنەو قۆناغی هەرزەکاری و ژیانی خۆیان هەڵگرتووەو لەبیر و هەست و خەیاڵیان دەرنەچووە, چونکە ئەم ئافرەتانە کەمتر لە پیاوان تێکەڵی خەڵك و کۆمەڵگەی شارستانی بوونەو شتە دەماودەم و سەرزارەکییەکانیان دەقاودەق هەڵگرتووەو وەك فلاش باکێك هەرکاتێ بیانەوێ, ئەوا دەگەڕێنەوە نێو ناخ و کۆنارایی و بە ئەنجامی دەگەیەنن .

-2تۆمارکردنی گۆرانییەکان (Songs recording ) لەم بوارەدا دەبێ لێکۆڵەر خاوەن عەقڵێکی پراکتیکی بێ لە بواری ناسینەوەی ئاواز و میلۆدییە فۆلکلۆرییەکان بۆ ئەوەی بتوانێ دەستنیشانی ئەو ئاوازانە بکات کە خاسیەتی هونەریی فۆلکلۆریان بەخۆوە هەڵگرتووەو هەروەها جیاشیان بکاتەوە لەو ئاوازانەی کە بە میللی دەناسرێن یاخود هەڵنەگری خاسیەتەکانی ئەو بابەتانەن کە پێشتر باسمان لێوەکردن, ئەو کەل و پەلە هونەرییانەی کە دەبێ لەو کردارە پراکتیکییە بوونیان هەبێ، ئامێری ریکۆردەرە، فۆرمێك تیایدا ئەم زانیارییە پێویستانەی تێدا بێت بۆ هەر گۆرانیبێژێك یاخود موزیکژەنێك کە بەشداری کردووە لە کارە هونەرییەکەدا .
)تەمەن , رەگەز ) هەندێ زانیاری گرنگ دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەو کەسە, چ جۆرە گۆرانییەك دەیجوڵێنی کامە جۆری گۆرانی زیاتر لە ناخیەوە نزیکە؟ ئایا دەتوانێ هیچ ئامێرێکی موزیك بژەنێ؟ ئەو گۆرانیانەی کە فێری بووە لە نێو ژینگەی خۆیدا گوێی لێ بووە یان لە شوێنێکی تر؟ دوای تۆمارکردنی ئەو هەموو زانیارییانە، لەگەڵا ئەمەشدا کۆمەڵێ زانیاری پێویستتر دەخرێتە سەر فۆرمەکە کە بریتین لە: رۆژ و شوێنی تۆمارکردن و ناونیشانی گۆرانییەکە، ئینجا کردارێکی تری زۆر گرنگ ئەنجام دەدەین ئەمیش : ( دوای ئەوەی کە گۆرانییەکەمان تۆمارکرد دەنگی ( لا ( La -بە ئامێرێکی دەنگ چەسپاو وەك (Milodica) تۆمار دەکەین ئەم تۆمارکردنەش بۆ ئەوەیە کە دەنگی (بنەڕەت)ی (tonality)گۆرانیبێژ هەموو جارێك بناسینەوەو بەراوردی بکەین لەگەڵ دەنگی ( لا )ی تۆمارکراو, هەروەها کە ویستمان گوێ لەو گۆرانیانە بگرینەوە کە تۆمارمان کردوون بە ریکۆردەری دووەم تا چ رادەیەك لەرینەوەی دەنگی شیاوەو دەگونجێ لەگەڵا گوێگرتنمان لە گۆرانییەکە وەك ئەوەی کە لە ریکۆردەری یەکەم گوێمان لێی بوو ئەمیش بە گوێگرتنمان و لێدانەوەی دەنگی ( لا ) بۆ ئەوەی ئەو لەرینەوانەی بزانین و بەرواوردی بکەین لەگەڵا لەرینەوەکانی ریکۆردەری یەکەم بەمە لێکۆڵەر دەگاتە قەناعەتێکی هونەری چەسپاو کە کارەکەی بە ئەنجامێکی باش کۆتایی دێ، کەچی لە هەندێ حاڵەتی تردا لێکۆڵەر دەنگێکی شیاو و لەباردەبا بە گۆرانیبێژ تا بیکاتە سەرەتای دەستپێکردنی بۆ ئەوەی توانستی هونەری گۆرانیبێژەکە بخاتە بەر رۆشنایی ئەو میانە دەنگیانەی کە لە نێوان ئەو دەنگانەدا هەن، بە واتایەکی تر دەبێ لێکۆڵەر دەرك بەو حاڵەتە هونەرییە بکات و مەودای نێوان میانە دەنگییەکانی گۆرانیبێژ بناسێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە نێو گێژاوی ئەو دەنگانەی کە دەبنە دەنگی خوازراو (الصوت المستعمار), لەم حاڵەتەش بەدەر وابوو کە هەندێجار گۆرانیبێژێك گۆرانییەك لەو گۆرانییە فۆلکلۆریانە بەچەند شێوەیەکی جیاواز لە گوتن و وێك چوونی ( ئادا ) بڵێت و لەو حاڵتەدا لێکۆڵەر هەموو بەشەکانی کە وێك دەچن لە گۆرانییەکە تۆماریان دەکات و لەئەنجامی شیکردنەوەی میانە دەنگییەکان و جۆری ( ئادا ) کە دەتوانێ ئەو گۆرانییە رەسەنە بناسێتەوە کە دایکی هەموو ئەو کۆرپانەی تر بووە کە پێش ئەنجامدانی ئەو کارە نامۆ بوو پێیان. دوا حاڵەتی هونەری لەم بوارەدا کە دەکەوێتە بەر رۆشنایی زانستی موزیك،

تۆمارکردنی موزیکی ئامێرەکانە (Instrmental Music), ئەم کردارەش وا ئەنجام دەدرێ کە ژەنیاری ئامێرەکە ( کۆك )ی ( نصب ) ئامێرەکەی لەسەر ئەو نۆتە بکات کە هەمووجار بەکاری دەهێنێ وە ژێی (رێ) لە ئامێری کەمانچە (Violine)
قۆناغی دووەم ئەم کردارە پراکتیکیانە لە خۆدەگرێ :
-1نووسینەوەی نۆتەی موزیك و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان ,(transcription) نووسینەوەی دەقی موزیك بە ( نۆتە ) زمانی یەکگرتووی موزیك ئەنجام دەدرێت و کارەکەش لە شوێنێك دەگاتە ئاکامی خۆی کە شوێنەکە بۆ حاڵەتی پێویست کە ئامێرێکی پیانۆی لێبێت بەراوردکردن و ناسینەوەی گۆرانییەکە لەلایەن گۆرانیبێژەکەوە وتراوەو واش بەچاك دەزانرێ کە گشت گۆرانکارییە هونەرییەکانی پەنجەی دەستی ژەنیاری ئامێری موزیك (transcription) لەدەنگ و ئاواز بخرێتە سەر چینە دەنگی موزیك (Pitch) و ئاوازەکان بە نۆتەیەکی هاوبەش کۆتاییان پێ بێت Final) ,(Noteئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی سەرەکییە کە بریتین لە :
-1موزیك و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە بە نووسینەوەیەکی خێراو ئاسان ئەنجام دەدرێت .
-2ئاسانکردنی بواری بیرکردنەوە لەوەی کە کامە ئاواز لەوەی تر لەڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە جیاوازیان هەیە، لەم بوارەدا دەتوانین ( بیلا بارتوك )ی[Bila Bartok] ی مەجەڕی بکەینە باشترین نموونەی زیندووی ئەم بابەتە کاتێ ئەم بلیمەتە نۆتەی سۆل (1) زۆر بە پەسەند دەزانی و کارامانە بەکاری دەهێنا بۆ بەرهەم هێنانی زمانی موزیك لە گۆرانی و ئاوازە فۆلکلۆرییەکان کە دەماودەم و سەرزارەکی دەوتران. بۆ مەبەستی پێداچوونەوەو دیاریکردنی هەڵە زەقەکانیش بەپەسەندی دەزانین کە خێرایی ریکۆردەر خاو بکرێتەوە, بۆ نموونە لە (5 و 7) بکرێ بە (5 و 3) بۆ ئەوەی بتوانرێ دەستنیشانی هەڵەکان بکرێ و ئینجا زانستییانە چارەسەر بکرێن .
بۆ وەدەست هێنانی کۆمەڵێك ئاواز و گۆرانی چاك و نووسینەوەیان بە شێوەیەکی زانستی (ئەتنۆ میزۆکۆ کۆلۆژی) هەندێ نیشانەی هونەریی هەن لە کاتی نوویسنەوەی نۆتەی موزیك بەکاردێن و تایبەتمەندی و سوودمەندی لەوەوەیە کە زانیارییەکی چاك و پڕ دەخەنە سەر کرداری نووسینەوەی دەقە موزیکییەکان و ئەم نیشانانەش لە زۆربەی ئەو سەرچاوە هونەرییە موزیکیانە بەکارهاتووە کە گرنکییەکی تەواو بە موزیکی فۆلکلۆری دەدەن .
گرنترین نیشانەو هێما هونەرییەکانیش بریتین لە :

( ) -1ئەم نیشانەیە لەسەر ئەو نۆتەیە دەنووسرێ کە گۆرانیبێژ یاخود ئامێری موزیك لێیەوە دەستی پێکردووەو ماناکەشی ئەو حاڵە هونەریانە نیشان دەدات کە دەنگی گۆرانیبێژەکە یاخود ئامێرەکە نیو دەنگ لەو نۆتەیەی کە نووسراوە بەرزتر بووە, بۆ نموونە ئەگەر نۆتەکە سۆڵ بێت, ئەوا دەنگی گۆرانیبێژ ( سۆلاً دیێز # ) بووە .

( ) -2ئەم نیشانەیە بە پێچەوانەی نیشانەی سەرەوەیە و دەنگی گۆرانیبێژ نیو دەنگ لەو نۆتەیەی کە نووسراوە نزمتر بووە، بۆ نموونە گەر نۆتە سەرەکییەکەی کە گۆرانیبێژ لێیەوە دەستی پێکردووە ( سۆڵ) بێت, ئەوا دەنگی گۆرانیبێژ ( سۆڵ بیمۆڵ(b ە .

تێبینی: ئەگەر گۆرانییەکە هەر لەسەرەتاوە تا ( کەدانزا ) بەو دوو جۆرەی سەرەوە بوو, ئەوا هەردوو هێمای ( یان )لەتەك کلیلی سۆڵ دادەنرێ و دەخرێتە نێو دوو کەوانەوە () یان ( ), بەڵێم ئەگەر دەنگەکە بەرزی و نزمییەکەی لاوەکی بوو, ئەوا بەتەنیا لەسەر ئەو نۆتەیە دەنووسرێ کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە .

1-1 ) -3؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟) ئەو نۆتەیە کە دەکاتە چارەکی زەمەنی رۆند ,( Rond ) گەر ئاوا خرایە نێو دوو کەوانەوە ئەوا مانای ئەوە دەبەخشێ کە ئەو نۆتەیە نووسینەوەکەی دروست و تەواو نییە .

4-4 ) -4؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟ ) ئەم هێمایە بە ( ئەپۆجیاتورا)ی موزیك ناو دەبرێ و زەمەنەکەی زۆر کورتە و بۆ جوانکاری نۆتەی موزیك بە کاردێت لە کاتی ژەندندا .( grasenotte )

( -5؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟5-5) واتا ئەم دوو نۆتەیە بە یەکەوە دەژەنرێن و دەبنە نیو کاتی تەواو Rond Legato ) ).

3-3 ) -6؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟) واتا درێژکردنەوەی ئەو دەنگە بێ ئەوەی هیچ برینێکی تێبکەوێ لە کاتی ژەندندا تا

ئاماژەی (کۆندێکتر) رای دەکرێت .

-2-2 ) -7؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟) واتا زەمەنی نۆتەکە درێژتر دەبێ لەو کاتەی کە نۆتە بە خۆیەوە هەڵیگرتووە .

6-6) -8؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟) بە پێچەوانەی نیشانەی سەرووتری دەبێت .

.2شیکردنەوەی گۆرانی یان پارچە موزیك (Songnaly sison Musik nalysis), ئەوەی کە جێگەی گومان نییە لەو بابەتە هونەرییانە ئەوەیە کە گشت ئاوازەکان کۆمەڵێك بنەمای زانستییان بەخۆوە گرتووەو لێکۆڵینەوەن, دەتوانین یەکێك لەو رێگایانەی شیکردنەوەی زانستی بگرینە بەرو گۆرانییەکە لەرووی پێکهاتەی ئەو توخمانەوە شیبکەینەوە .

أ/ کۆتایی و بەشە جیاجیاکانی گۆرانی یاخود پارچە موزیك .(Cadanes )
ب/ بنەما بنەڕەتییەکانی ئاوازەکان .( Structore )
ت/ میانەی نێوان دەنگەکان .(Range )
پ/ شێوازی بابەتەکە .( Style )
ج/ کۆپلە دەنگییەکان .(Syllablees )
ح/ ئیقاع و رەزم .( Rhythm )
خ/ پەیژەی موزیك .( Scale )

بۆ زیاتر چوونە نێو دنیای هونەری و بەش و پێکهاتە سەرەکییەکانی هەر گۆرانییەك یاخود پارچە موزیکێك بە پێویستی دەزانین کە چەند زانیارییەکی تر بخەینە سەر ئەو ( 7 ) خاڵەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن .
ا/ کۆتایی و بەشە جیاجیاکانی موزیك و گۆرانییەکان : ئەو پەیوەندییە سروشتییەی کە لەنێوان پارچە موزیکێك و ناوەرۆکی بابەتەکەدا هەیە کە بە زمانی موزیك پێی دەڵێن (line ) لەگەڵ دەقی شیعری( text ) ە کە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کۆتاییە تەبایانە کە دەبنە کەدانزای گۆرانی یاخود پارچە موزیککەو لەمەوە دەتوانرێ چەندین کەدانزا لە نێو پارچە موزیکێك یاخود گۆرانییەك بدۆزرێتەوە, بۆ نموونە ئەم ژمارانە (1، 5، 4، 1) دەستنیشانی ئەو ئاوازە دەکەن کە لەچوار کەدانزا پێکهاتووە، کەدانزای یەکەم لەسەر دەنگی بنەڕەت (tonic ) – کۆتایی دێت و کەدانزای دووەم لەسەر دەنگی چوارەم ( Sobdominant ) جێگر بووەو سێیەمیان لەسەر دەنگی پێنجەم )
dominant ( کەچی دوو کەدانزاکە گەڕاوەتەوە بۆ حاڵەتی یەکەم, واتا هاتۆتەوە سەر دەنگی بنەڕەت .( tonic )

ب/ بنەما بنەڕەتییەکانی ئاوازەکان: بۆ ناسینی بنەما بنەڕەتییەکانی هەر گۆرانییەك یاخود پارچە موزیکێك دەبێ دەسنیشانی ئەو رستە موزیکیانە بکرێ کە ئاوازەکەی لێوەی پێکهاتووە تا بتوانێ هەر هێڵێکی موزیك لەو چەندین هێڵە میلۆدیانە بە شێوەیەکی هونەری بنەمای موزیکی بۆ دابڕێژرێ وەك لەم نموونانەدا دیاری کراون .
( AA) -1واتا ئاوازەکە لە ( 2 ) رستەی موزیکی وەك ئاوازەکە پێکهاتووە .
( AA + ) -2واتا ئاوازەکە یاخود گۆرانییەکە لە ( 2 ) رستەی موزیکی پێکهاتووە, ئەوەی دووەمیان گۆڕانکارییەکی سادەی بەسەردا هاتووە .
(ABA ) -3واتا ئاوازەکە لە ( 3 ) رستەی موزیکی پێکهاتووەو یەکەم و سێیەمیان وەك یەك دەژەنرێن, بەڵێم دووەمیان کە بەپیتی ( B ) ئاماژەی بۆ کراوە لەڕووی ناوەرۆکەوەو لەکاتی ژەنیندندا جیاوازە لەگەڵ هەردوو بەشی یەکەم و سێیەم .

ت/ میانەی نێوان دەنگەکان -:
ئەم کردارەش بە هێمای نووسینی ژمارە دەستنیشان دەکرێت, بۆ نموونە گەر هەردوو ژمارەی ( 6-1 ) بنووسرێن ئەوا یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ئەو دەنگەی کە بنەڕەتە واتا( tonic ) ە دەڕوا تا دەنگی شەشەم و میانەی نێوان دەنگەکانی کۆتایی پی دێت, واتا گەر گۆرانییەکە لە دەنگی ( دۆ، Do) دەست پێ بکات, ئەوا لە دەنگی ( لا، La( ی ناوەند کۆتایی پێ دێت و بەمە میانەی نێوان دەنگەکانی ئەو گۆرانییە یاخود پارچە موزیکەکە ( 6 ) دەنگە .

پ/ شێوازی هونەری ئاواز و گۆرانییەکان-:
دیاریکردنی شێوازی هەر گۆرانییەك لەو مەبەستە خوازراوەمان نزیك دەکاتەوە کە مەراممانە، گەر گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە یاخود پاچە موزیکەکە نۆتەی دەستپێکی لە دەنگێکی نزمی وەك ( دۆ )ی گڕ دەست پێکردوو بەرەو میانەی پێنجەم و شەشەم سەرکەوت و ئینجا گەڕایەوە بۆ نۆتەی بنەڕەت ,(Tonic) ئەوا شێوازەکە لەسەر شێوازی بنەڕەتی یەکەمی ئەو دابەشکردنە هونەرییەیە کە (زولتان کۆدای و بیلاباڕتوك zoltan koday Billa Bartok) لە سەر گۆرانی هەنگاری تاقیان کردۆتەوە، بەڵێم گەر گۆرانییەکە لە دەنگێکی نیمچە بەرزی وەك دەنگی ( سی ( Si دەستی پێکرد و بەرە بەرە بەرەو نزمی دابەزی تا گەیشتە دەنگی ( بنەڕەت )ی ( دۆ ), ئەوا ئەم دابەشکردنە هونەرییە دەکەوێتە خانەی دووەمی ئەو ئەزموونە پڕ بە بەهایەو دەستنیشانی ئەو چینە دەنگیانەش دەکات کە گۆرانییەکە یاخود پارچە موزیککەی لێهاتووە, هەروەها گەر هاتوو دابەشکردنی موزیکی ئاوێتەکراو توانرا ئەو شێوازە(Hanmony) یە بگونجێنی, ئەوا شێوازە هونەرییەکانی دابەشکردنی هاڕمۆنیایی کە بریتین لە ( فۆگەو کانون و پۆلیفۆنی و هۆمۆفۆنی و کۆنترا پۆینت )یش دەست بکرێن, ئەوا بەمجۆرە دەتوانین شێوازی هونەری بابەتەکە چ ( گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە بێ یاخود پارچە موزیکەکە ) بخەینە بەر رۆشنایی دیدە و چاوە ئەفسوناوییەکانی زمانی موزیك و جەستەی گۆرانییە بێ نازەکان .

ج/ کۆپلە دەنگییەکان -:
ئەم کۆپلە موزیکیانە هەندێجار بەبەشە دەنگییەکانیش ناو دەبرێن، کۆمەڵێك رستەی موزیکی دەکرێ کۆپلەیەکی گۆرانی لێوە دروست بکرێ, بەمەرجی ئەو کۆپلە کەدانزا( Cadanza ) یان هەبێ و رستەی موزیکەکانیش سەرەتاو ناوەرۆك و بابەتی هونەریی بگرنەخۆ، بۆ نموونە ژمارەکانی (4، 8، 4) ئەو حاڵەتە دەخەنەڕوو کە هێڵی یەکەمی رستە موزیکەکە لە ( 4 ) بەش پێکهاتووەو ژمارە ( 8 )یش ئاماژەیە بۆ هێڵی دووەمی رستە موزیکەکە کە لە ( 8 ) بەشی هونەری پێکهاتووە و ئینجا پەیتا پەیتا دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی یەکەمی دەستپێکردنی کۆپلە دەنگییەکان یاخود موزیکییەکان .

ح/ ئیقاع و رەزم -:
گەرهاتوو رەزمی گۆرانییەکە لەیەك جۆر ئیقاع پێکهاتووە, واتا هەر لەسەرەتای نووسینەوەی ئیقاعەکە لەتەك رابەری گۆرانییەکە واتا لەلای کلیلی ( سۆڵ ) ئەوا لەسەر یەکەم نۆتە دەنووسرێ ,(lsorng thmic) واتا ترپەو لێدانی ئیقاع بەم جۆرە بەردەوام دەبێ و تادانانی زاراوەیەکی تری هونەری کە ماناکەی زاراوەی پێشوو دەسڕێتەوە, بەڵێم ئەگەر دوای کۆپلەیەك گۆرانی یان موزیك گۆڕانکاری بەسەر ئیقاعەکە داهات وەك ئەوەی کە ئیقاعەکە لە خاوییەوە بگۆڕدرێ بۆ خێرا, یاخود بۆ خێرییەکی مامناوەندی, ئەوا ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتە هونەرییە دەکرێ بە دانانی زاراوەی ( he trorthy thmic ).

خ/ پەیژەی موزیك-:
پەیژەی موزیك یەکێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی گۆرانی و ئاواز و گشت ئەو نۆتانەی بۆنی ئاوازیان لێدێت و هەموو گۆرانییەکی فۆلکلۆری هەڵگری پەیژەیەك یاخود چەندین پەیژەی موزیکییە، هەندێجار پەیژەی دیاتونی ( Diatonic )واتا ئەو پەیژەی کە دەنگ و نیوە دەنگی موزیکی تێدایەو بە خۆیەوە هەڵگرێ و لە زۆربەی گۆرانییەکانی تریشدا پەیژەی رۆژهەڵێتی رۆڵی کاریگەر دەبینێ لە ناساندنی رۆحی نەتەوایەتی گۆرانی فۆلکلۆری, چونکە پەیژەی رۆژهەڵاتی چارەگە دەنگی تێدایە و ئەم تۆنە لە کاتی ژەنیدندا تامو چێژێکی نەتەوایەتی دەبەخشێتە ئەو گۆرانیانە وایان لێدەکات کە هەردەم لەبەر دڵا و چاو و رۆژگاردا دەبن .
ئەم پەیژە رۆژهەڵێتیانە کۆمەڵێك ناویان بەخۆوە هەڵگرتووەو بە (کورد و عەرەب و فارس و تورك و هیند) ژمارەیەك مەقاماتی رۆژهەڵێتی هاتنە وجود وەك پەیژەی (راست, ماهوور, قارچغار, کورد, نەهاوەند, سەبا), دیراسەی بەراووردکاری (Comparativ study ) ئەم دیراسە زانستییە بەراووردکارییە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت کە بریتین لە :
-1بەراووردکاری ستوونی ,( Verticalcom parison ) ئەم کردارە بە بەراووردکردنێکی ئەو بابەتە موزیکیانە یاخود ئەو گۆرانییە فۆلکلۆریانە دێت کە لەگەڵ یەك لە ولێتێك و شوێنێك کۆکراونەتەوەو تۆمارکراون و مەبەستیش لەوەدا گەیشتنە بەئاکام و ئامانجی ئەو دەنگانە و چۆنییەتی ژەندن و دیاریکردنی گرنگترین خاسیەتە هونەرییەکانیشی, ئەم بەراورد کردنەدەش ئەو گۆرانیانەش دەگرێتەوە کەلەخانەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان نین وەك :

أ/ گۆرانییە میللییەکان کە شێوازی گۆرانی فۆلکلۆریان هەیە .
ب/ گۆرانییە دانراوەکان .
ج/ گۆرانییەکانی چینی بۆرژوازی .

-2بەراوردکاری ئاسۆیی ,( Horisontal Comparison ) ئەم کردارە پراکتیکییەش گشت خاسیەت و توخمەکانی مۆزیك و گۆرانی دیاریکراو لە ولێتێك دەگرێتەخۆ و ئینجا دەست دەکرێ بە بەراوردکردنی ئەوخاسیەت و توخمە مۆزیکییانەی لەگەلأ گۆرانی و موزیکی ولێتێکی تری ( دراوسێ یاخود هەر ولێتێکی تر کە ئەم بوارە هونەرییەی تێدا چەکەرەی کردووە) لەم خاڵەدا لێکۆڵەر هەوڵ دەدات کە بەلانی کەمەوە زمانی ئاخاوتنی ئەو ولێتە بزانێ یاخود فێری ببێ تابتوانێ ئەو خاسیەتە گرنگانەی کە بوونەتە هەوێنی بابەتە فۆلکلۆرییەکان دیراسە بکات و بگاتە ئەو ئەنجامەی کە هونەری کۆکردنەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری لەو هەنگاوە گەورەیە سەرچاوە دەگرێ کە مێژوویەکی پڕ لەسەروەری پاڵپشتی بێ. کۆکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان تائێستا و ئەو ساتەی کە لە خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەبێتەوە. ئامانجێك بووە دەستمان نەیگەشتویەتێ, چونکە ( ئێمەی هونەر دۆست لەو خەڵکە بێ فرمێسکانە بووینە کە گریانیشمان لەدەست نەهاتووە .(

پەراوێزەکان :

) -1زولتان کودای- بیلا بارتوك ) دوو گەورە موزیککاری هەنگاری بوون, توانیان لەماوەی ژیانی هونەرییان نزیکەی (7000) گۆرانی فۆلکلۆری لەگشت لادێ و ناوچەکانی هەنگاریا کۆبکەنەوە .
-2کەدانزا : واتا قەفڵەکانی موزیك و بریتین لە کەدانزای تەبا- ئایینی - کەدانزای کت و پڕ .

درێغا نیشتمانەکەم درێغا

دەق : قوبادی جەلی زادە
کۆلاج و سیناریۆی موزیکیی : ئامانج غازی

کۆڕاڵێك لە هەر ( 6 ) چینە دەنگی موزیك (سۆپرانۆ, میزو سۆپرانۆ, ئاڵتۆ, تینۆر, بارتیۆن, باس) ژمارەی بەشداربووانیش بە پێی شوێنی پێشکەشکردنی ئەم ( سەمفۆنیا چامە )یە کەم یان زیاد دەکرێن . ّ.!
پاڵەوانی سەرەکی ( هەرمان )ە, مرۆڤێکی تەمەن ( 35 ) ساڵییە, جل و بەرگێکی رەنگا رەنگی پۆشیوەو جانتایەکی شڕی دڕاوی لە کۆڵە و لە کتێبی کۆن زیاتر هیچی تری تێدا نییەو دەموچاوی بە ساماناکی (تراژیدی- کۆمێدی ) داپۆشراوە, واتا دەکرێ بە هەردوو رووەوە بپۆشێ بە پێی خواستی دەرهێنەر .
تێبینی ( 1 ) هەرجارێك کۆمەڵی (کۆڕاڵ) دەستی راستیان بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، ئەوا ئەم بەرزکردنەوەیە ئاماژەیە بۆ جەماوەری نێو هۆڵە کە بە ( ئاهات ) لەگەڵیاندا هەمان ئەو بەشە میلۆدییە دووبارە بکەنەوە کە وەك ( کۆڕاڵ ) ئەدای دەکەن .
تێبینی : ( هەرمان ) پاڵەوانی ئەم دەقەیە و دەکرێ دەرهێنەر لە هەندێ لە دیمەنەکاندا نێوی بخاتە ئەو دێڕە شیعرانەی کە بە پێویستی دەزانێ ناوی بێ و ناو هاتنەکەش لەلایەن چینە دەنگی ( باس و ئاڵتۆ ) وە دەبێ .
)شانۆ تاریکە ) لە نێو هۆڵەکەدا دەنگی ( هەرمان ) دێت و بە مۆمێکەوە کە درێژییەکەی مەترێ دەبێ :
*موحتاجی شۆڕشێکم
شۆڕشێك
تیایدا
خۆم رابەرو پێشمەرگەو خۆم شەهید و دیسان دەیڵێمەوە
*دنیا پێڵاوێکی رەش و سپییە
کەچی لای ئێوە شەبقەیەکی رەنگاو رەنگە !! ؟ ..

)شانۆ تاریکە (
دەنگەکانی ( سۆپڕانۆ- میزو سۆپڕانۆ- ئاڵتۆ) بەیەکەوە و لە چینە دەنگێکی هارمۆنی ئامێزدا
*کێ نیشتمانەکەمی لەبەرچاوی نەتەوەکەم رەش کرد ؟
دەنگەکانی ( تینۆر- بارتیۆن- باس ) بەیەکەوە زۆر بە فۆرتی ( Forte )
*کێ نەتەوەکەمی لەبەر چاوی نیشتمانەکەم رەش کرد ؟
شانۆ رووناك دەبێتەوە
)سۆپرانۆ یەك و تینۆرێك ) بەیەکەوە بە میلۆدییەکی خەماوی
*خەتای خۆمان بوو ( یا ) لێرە ( هەرمان ) لەسەر شانۆوە نیوەی دێرە شیعرەکە تەواو دەکات
*خەتای دوژمنەکانمان، پەنجە بۆ جەماوەری نێو هۆڵەکە درێژ دەکات و دەنگێکی تر لە ( میزو سۆپڕانۆ و باریتۆن ) بەیەکەوە .
*من تو ( چەند جارێك دووبارە دەبێتەوەو لە چەند چینە دەنگێکی هارمۆنیشدا دەبیسترێ بۆ ئەوەی گوزارشت لەگشت چین و توێژو شەریحەکانی نێو کۆمەڵگە بکات .(
*من تۆ .
*لە هێڵی پێشەوەی شەڕەکەدا عەوداڵی خوێنی یەکتر بن .
)هەرمان بە دەنگێکی ئاواز ئامێز (
*عەوداڵی شەرەفی یەکتر بن .!!
)ئامێری فلووت ) موزیکێکی هێمن دەژەنێ، موزیکەکە نزاو تکاو پاڕانەوەی لێوە بەدی دەکرێ و (هەرمان ) بە هێمنی بەدوای دەنگەکە دەڕوات و بەدەم کپ بوونی دەنگی ( فلووت ) هەڵدەداتێ و دەڵێ :
*دەستی کێ ماچ بکەم ؟
گشت کۆڕاڵ و بە هەر ( 6 ) چینە دەنگەوە
*دەستی کێ ماچ بکەین
ئەو رستەیە ( 3 ) جار دەوترێـەوە، هەرجارەی لە جاری پێشووتری خێراتر دەبێ تا دەگاتە رستەی هەڵچوون .
*کە تفەنگ هەموو دەستەکانی دەستگیر کردبێ .
)دەنگی چەند زرمەیەکی تەبڵ (Timpany ) ئاوێتـەکراوی زرمەی قاچەکان لەسەر شانۆ دەبیسترێ ( solo) (
دەنگێکی ( باس ) بە میلۆدییەکی هێمن Andante
گوتیان : فەرموو بۆ گەشتی شەڕەکان وەگەڵمان کەوە
دەنگێکی تر لە چینە دەنگی ( تینۆر ) هەمان رستەی سەرەوە بە ئەدایەکی زۆر تەعبیریانە دەڵێتەوە، بۆ جاری سێیەم هەر ( 3 ) چینی دەنگی ( تینۆر- بارتیۆن- باس ) بەیەکەوە رستەی ئاماژە پێکراوی (solo) دەڵێنەوەو یەکسەر ( هەرمان ) رستەکەیان لێوەردەگرێتەوە بێ ئەوەی هیچ وەستانێك هەبێ
*گوتم، گوتم، گوتم ( کەس گوێی لێ ناگرێ و کۆڕاڵ بەردەوامە (
گوتیان : فەرموو بۆ گەشتی شەڕەکان وەگەڵمان کەوە
هەموومان بەتەنیا لە بێدەنگییەکی ترسناکدا
*ئاخر تفەنگم نییە تا بیکەمە شانم و رەدووتان کەوم
)کۆڕاڵ ) یەکسەر ( 6 ) چینە دەنگ بەیەکەوە(
*کتێبەکانیان فرۆشت و تفەنگێکیان کردە شانی
)رووناکییەکی کپ لەسەر شانۆ وەك حاڵەتی چاوەڕوانی روودانی کارەساتێك(
دەنگی زرمەی رەزم بە قاچ دێت لەسەر شانۆوە بە ( ئم- ئم ) یێکی نەشاز ( 4 ) جار لەگەڵ زرمەکاندا (دم- دم) دەبیسترێ شەڕ ئەم وشەیە ( 4 ) جار زۆر بەزەقی تەعبیری لێوە دەکرێ و ( هەرمان ) بە ئاوازێکی زۆر هێمن و بە پاڵپشتی ( فلووت (
*شەڕ پێش ئێمە گەیشتبووە مەنزڵ
لەشکرە شکاوەکان بەسەر گەڕەکی شارەکاندا
دابەش بوون
موزیك لەگەڵ وشەی شەڕو شەڕ بەردەوامە ( دەبڵ کرۆشات (
کۆڕاڵ گشتیان بەیەکەوە
*جەنگ ئەمری کرد لە هەموو ماڵێکدا گۆڕستانێك و لە هەموو جەستەیەکدا

خەستەخانەیەك بكەینەوە
جاری دووەم هەمان ئەو كۆپلەیەی سەرەوە بە هارمۆنی هەر ( 6 ) چینە دەنگی بۆ گوزارشت لە جەماوەر بە گشتی بە ئیقاعێكی مارشی جەنائیزی دووبارە دەبێتەوە, ( هەرمان ) بە هەڵەداوان یەكسەر هەڵدەداتێ !
*قەسیدەكان
كۆراڵ وەڵامی دەدەنەوە
*خوداتان لەگەڵ
هەرمان : تابلۆكان
كۆراڵ : خوداتان لەگەڵ
(Solo)یەكی سۆپرانۆ بە تەنیا
*هەورەكان، گۆرانییەكان
كۆراڵ : خوداتان لەگەڵ
ئەم كۆپلەیە ( 3 ) جار دووبارە دەبێتەوە تا دەنگەكە لەبەرزییەوە بۆ نزمی نامێنێ (Solo) ی ئامێری كەمانچە بەتەنیا میلۆدییەكی رۆمانسی ئامێز دەژەنێ .
دەنگێكی ( باریتۆن ) زۆر بە هێمنی
*كەتۆ لە ئامێز دەگرم ئەی بزریدیار دەنگێكی ( میزو سۆپرانۆ ) زۆر بە موعاناتەوە
*خیانەت لەگەڵ ئەودا دەكەم
دەنگێكی تر لە( باس ) ەوە زۆر بە ( جدی (
*كە ئەو لە ئامێز دەگرم ئەی بزریدیار
دەنگێكی تر لە ( تینۆر ) ەوە زۆر بە توندی
*خیانەت لەگەڵ تۆدا دەكەم
یەكسەر ( هەرمان : (
*كە لە نێوان هەردووكیشیان دەترسم
خیانەت لەگەڵ خۆمدا دەكەم
موزیكێكی ڤاڵس لەلایەن ئۆركستراوە دەبیسترێ و سۆپرانۆیەك و باسێك بەیەكەوە
لەسەر هەمان رەزمی ڤاڵس :
*كە پێكدەكەین
شەو نم. . نم گریان زمانمان
زیندانی دەكات
*كە داش دەبڕیین
*جەنازەی چەند وشەیەكمان دەداتەوەو لە ناكاو ئاوازی ئەم كۆپلەیەی سەرەوە دەگۆڕدرێ بۆ مارشێكی جانائیزی ئامێزو لەلایەن هەمان ( 2 ) دەنگەوە دەوترێتەوە, ( بێدەنگییەكی زۆر كپ ) ( 5- چركەیەك ) (هەرمان ) لە نێو هۆڵەكەوە بە دەنگێكی زۆر گەورە :
*هەر زوو زانیم
)هەردوو چینە دەنگی ( سۆپرانۆ و باس ) بەئاوازی میلۆدییەكی رەزمی گەریان 7/8
*دووگۆرانی دەربەدەرین
دووباڵندەی باڵشكاوی
بەرنووكی چەقۆو خەنجەرین
*گێڕایانەوە
ئەم وشەیە ( 2 )جار لەلایەن تێكڕای ( كۆراڵ )ەوە دووبارە دەبێتەوەو لێرە كۆراڵ دەستی راستیان بەرز دەكەنەوەو جەماوەری نێو هۆڵیش تێكڕا لەگەڵ ئاوازی كۆراڵدا .
*گێڕایانەوە
شانۆ بەرە بەرە تاریك دەبێ
ئەم جارەیان جەنگ هەموو پیاوەكانی
لەپیاوەتی خست و
رەحمی هەموو ژنەكانی پووكاندەوە
)هەرمان زۆر بەپەرۆشەوە(

*تفەنگ، تفەنگ، تفەنگ
کۆڕاڵ بەدەنگی ئاسایی و بێ ئاوازو میلۆدی و هەر
یەکێکیان بەپێی توانست و تەعبیری خۆی:
*چ غەزەبێ یەخەی ئەم شارەی گرتووە
بەئاوازێکی ئیقاع ئامێزو بەزرمەو ( دەست و قاچ )ی گشت ئەندامانی کۆڕاڵ:
*تفەنگ ( 4 ) جار دووبارە دەبێتەوەو لە جاری پێشوو تادەگاتە رستەی:
*گەلاکانی ئاشتی هەڵوەرین و تۆ هەر بەسەوزی مایتەوە
یەکسەر ( هەرمان ) بۆ چەند جارێك
*نازانم، نازانم، نازانم نا
)سەری خۆی ناوەتە نێوان هەردوو قاچییەوە:(
*نازانم ئەم شەقامی مەرگ و شەهوەت و غوربەتە
کێوەم دەبات
)ئاماژە بۆ ئەو توولە رێیەی نێوان کورسییەکانی نێو هۆڵەکە دەکات (
دەنگێکی باس بەتەنیا:
*لەدەستم داوە
من خۆشەویستی نشتیمانەکەم لە دەست داوە
ئۆرکسترا بەیەکەوە موزیکێك هەمان ئاوازی کۆڕاڵە دووبارە دەکەنەوە .
گشت کۆڕاڵ بەیەکەوە
*لە دەستمان داوە
خۆشەویستی نشتیمانەکەمان لە دەست داوە .
)هەرمان(
بەقوڕگێکی گریاناوییەوە
*لە دەستم داوە
من خۆشەویستی گەلەکەمم لە دەست داوە
موزیکێکی گومان لێکراو لەسەر نەزمی ئیقاعی ( گەڕیان(
کۆڕاڵ تێکڕا:
*کێ گوڵە سوورەکانی فەساد کرد و ئابووری پەپولانی هەڵوەراند ؟
نەفرەت لە تەمەنی پڕ عیشق و خیانەت
)ئەم رستەیە یەکێك لە دەنگەکانی پیاوان ( باس ) دەڵێن وشەی ( خیانەت ) لە ( ئافرەتان )ەوە بە گشتی دەبیسترێ ، ( فلووت ) یەکسەر بە ئاوازێکی سۆزدار دێتە نێو نمایش و لەسەر شانۆ بەرەو (هەرمان ) دەڕوات
)هەرمان ): تفەنگ
کۆڕاڵ : تفەنگ بەرەبەرە خاو دەبێتەوە تا بەتەنیا وشەی ( تف ) دەبیسترێ ، ئینجا دواجار بەیەکەوە (تفەنگ ( ئافرەتان ( سۆپرانۆ , میزۆ سۆپرانۆ, ئاڵتۆ (
*سەدان جار پەپولە لە پەنجەرەی بارودۆخەکانی دایین دەرگامان لێ نەکردەوە
)باروود, باروود, باروود) ( هەرمان ) بەتەنیا جاری دووەم و سێیەم بە دەنگی ئاسایی
بەشداربووان ، ( هەرمان ) بە درێژبوونەوە لەسەر گازی پشت و رووی لە جەماوەرە :
*درێغا نیشتمانە گێلەکەم درێغا
جاری دووەم ئاماژە بۆ جەماوەر دەکا لەگەڵیدا بڵێنەوە
جاری سێیەم کۆڕاڵ وەك رەشەبایەك دەست پێدەکەن :
*درێغا نیشتمانە گێلەکەم درێغا
لەم دیمەنە ( چەلۆیەك و کەمانچەیەك لە دەستە چەپی شانۆدا هەڵواسراون و تەنیا دەنگی ئەو ئامێرانە دێن و گشت کۆڕاڵ و ئامادەبووانی سەر شانۆ ، دەنکە شقارتەیەك دادەگیرسێنن بە ئاگر هێمای ئیقاعی 4/2 دەکەن بە خێرایی Moderato هەموویان بەیەکەوە : (
*شەڕ کۆچی دوایی کرد
چەند ئاوەدانییەکی چۆڵ و چەند گۆڕستانێکی ئاوەدان و چەند مردووییەکی زیندوویی بەجێهێشت ( ئەم بەشە تەنیا بە

رووناکی دەنکە شقارتەکانی نێو دەستی کۆڕاڵ (
لەگەلأ تەواو بوونی ئەم بەشەدا ، رووناکییەکی زۆر سارد سەر شانۆ داگیر دەکات
*نەفرەت لەتەمەنی پڕ عەشق و خیانەت ( دەفێك بەتەنیا ئینجا ئیقاعی گوڵشەینی (
کۆڕاڵ بە گشتی :
*خودایە
چەند جارێك ئەم وشەیە دووبارە دەبێتەوە تا دەگاتە لای ( هەرمان: (
*خودایە هیدایەتم بدە وەك جاران
باخەلأ و بەر پشت و دەم و هەرتك چاوەکان پڕ بکەمەوە لە :
مێوژی خاك و سورمەی خاك
)کۆڕالأ دەگەڕێنەوە بۆ بەشی(
خودا هیدایەتمان بدە
)هەرمان ) بۆ ناو هۆڵی شانۆ بە ( 2 ) کەس بن باڵەکانی گیراون هەردوو قاچەکانیشی بەدوایی خۆیدا رادەکێشێت :
*خودایە کارێك بکە وەك جاران
داربەڕووم لە
بەژنی ژن و
کانیلەم لە دەمی ژن و
ئەستێرەم لە چاوی ژن و
لوتکەی چیا لە مەمکی ژن خۆشتر بوێ
بۆ دواجار هەرموویان بەیەکەوە
*خودایە هیدایەتمان بدە ،خودایە
وابکە بتوانین بەعیشقەوە
قەڵەم و تفەنگ و مەرەکەب و مەتارە
هەڵبگرینەوە
( Solo )ی دەف لەگەلأ زرمەی قاچەکان
عیشقێك وەك عیشقی ( محمد ) بۆ تۆ
عیشقێك وەك عشقی تۆ بۆ جوانی
خودا یەهیدایەتمان بدە
خودایە هیدایەت
هیدایەت
هیدایەت

موزیك و تابلۆ

هاڕمۆنیای دەنگ و رەنگ

ئەو هێماو لەیەك چوونانەی کە لە نێوان هونەری موزیك و هونەری شێوەکاریدا دەکەونە بەر رووناکی شیکردنەوە زیاتر لەیەك چوونی بابەتیانەن, واتا ئەم دوو هونەرە دوو کۆڵەکەی سەرەکین و لەو سێ کۆڵەکە هونەرییەی کە هونەرە جوانەکان پێکدێنن .

لە کوێوە دەست پێبکەم ؟ لە رەنگ یاخود لە دەنگ، ئەگەر لە رەنگ بێ, دەبێ دەنگم بگاتە هەموو ئەو رەنگانەی کە تابلۆیەکی هونەری دەیانگرێتە باوەش، بەڵێم گەر لە دەنگ دەستم پێکرد, ئەوا بێگومان دەبێ هەموو رەنگەکانی مەقام و پەیژەکانیش بخەینە بەر رۆشنایی باس و لێکۆڵینەوەو ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە هونەرییەی لە نێوان رەنگە زیندووەکانی تابلۆیەکدا هەیە بە هاڕمۆنیایەکی ئەوتۆ دانراون کە هەست دەکەیت رەنگەکان دەنگی سازو شازن, هەمیشە لە گۆێچکەو دەیدەدا خەریکی هەلەکەسەمان, ئەوەی لەم بوارەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ و مەبەستمانە پەردە لادانە لەسەر ئەو ئاوێنە بێ گەردەی کە لەنێو تەپ و تۆزی زەمانە ون بووە و خەریکە ئەو بابەتە هونەرییە هەیبەتی هونەری خۆی لە دەست بدات گەر بێتو مشورێکی زانستی هونەری لێ نەخورێ و قەڵەمی رەخنەگرانەی بەهاناوە نەگات .

موزیك وەك حاڵەت و بابەتێکی هونەری رەحمی ئەو دایکە میهرەبانەیە کە تابلۆ و رەنگ و سەماو بالێ و سۆناتەی خۆشەویستی بۆ پەروەردە کردووین .

هەرکە سەرنجی هونەری دەبێتە میوانی تابلۆیەکی هەست بزوێن, ئەوا عەقڵی دەرك پێکردوو دەکەوێتە نێو دنیای شیکردنەوەی بابەتە هونەرییەکانی تابلۆکە بە پانتایی تابلۆ و داگیرکردنی ئەو پانتاییە لەلایەن داهێنان و ئەفراندن خۆی لە خۆیدا بەستنەوەیەکی پتەوی هونەرییە لەگەڵ زەمەنی لەیەك دانەبڕاوی پارچە موزیکییەکدا کە دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا چەمکێکی دابڕاو لە گومانمان پێشکەش بکات .

ئەو هێماو لەیەك چوونانەی کە لەنێوان هونەری موزیك و هونەری شێوەکاریدا دەکەونە بەر رووناکی شیکردنەوەی زیاتر لەیەك چوونی بابەتیانەن, واتا ئەم دوو هونەرە دوو کۆڵەگەی سەرەکین لەو سێ کۆڵەگە هونەرییەی کە هونەرە جوانەکان پێکدێنن .

رەوتی هونەری موزیك و هونەری شێوەکاری دیارە لەو ئامانجە نزیکە تاچ رادەیەك دەتوانرێ چەمکی داهێنان لەباوەشی گەرمی کلتووری رەسەن سەرخەوێك بشکێنێ, پێکهاتە سەرەکییەکانی هەردوو هونەرەکە ( موزیك و شێوەکاری ) لەڕووی دروستبوونی سەرەتاکانییەوە پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەری هونەری هەیە, یەکێك لەو فاکتەرە هەرە گرنگانە زامن کردنی ئەو بابەتەیە کە دەبێتە هەڵگری بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی قاڵبی هونەری ئەکادیمی داهێنان ئامێز .

لەنێو هونەری شێوەکاریدا موزیك هەرگیز ئەو میوانە رەزا قورسە نییە کە ببێتە پاشکۆیەك یاخود باگراوەندێکی تیهەڵکێش لەگەڵ پێشەنگایەك کە لە گەلەرییەکی هونەری یاخود لەگەڵ نمایشێکی سەرپێیدا ئەنجام دەدەرێ, موزیك لە هونەری شێوەکاریدا ئەو رۆڵە گرنگە دەبینێ کە هەمیشە رووداوە هونەرییەکانی کە عەقڵ بەخۆیانەوە دەگرێ, دەیانخاتە باوەشی خەیاڵی پڕ هزرو فیکرو تەعبیریەت, ئەم کارەش دیارە دەرگای گفتوگۆ و دیالۆگە لە نێوان هونەرمەند و بینەر دەیان خاتە سەر پشت و دیمەنە شاراوەکانی تابلۆیەك دەکاتە رێژنەیەك لە رەنگی هاڕمۆنیا ئامێزدا و دایدەبارێنێتە سەر فیکرو هزرو خەیاڵی نووستوو, ئەو بنەما هونەرییانەی کە تابلۆیەکی ریالیزمی رەنگ دەداتەوە لە موزیکیشدا کۆمەڵێك لە میلۆدی هاڕمۆنیا کراو لەسەر شێوازی پۆلیفۆنی (polphony) ئەو ئامانجە بەدەستەوە دەدەن و ژەندنی ئەو میلۆدییانە لەیەك کات و ساتدا هەمان ئەو داڕشتنی رەنگانەیە کە لە تابلۆکەدا دانراون .

بۆ نموونە کە رەنگە ساردەکان ئاوێنەی یەکتر دەبن و دیمەنێك لە ئێستێتیکا دەخوڵقێنن لە موزیکدا بەهەمان شێوە گەرانێکی هونەری لە نێو پەیژەکانی مێجەر ( major ) بەتەنیا یاخود لە پەیژەکانی ماینەر ( minor ) ئەنجام دەدرێ, دیارە لە نێو ئەو پەیژانەشدا کۆمەڵێك گۆڕانی لاوەکی روودەدات وەك ئەوەی لە ( ماینەری میلۆی ) ( melodic minor ) دەنگی شەشەم و حەوتەم لەکاتی سەرکەوتن (سەرچووندا ) نیو تۆن سەردەکەوێ و لە خوارچوونیشدا هەمدیسان دەگەڕێتەوە حاڵەتی سروشتی خۆی ,( Natoral ) ئەوەی خەیاڵ هەستی پێ دەکاو مێشك دەیجوڵێنێ, دیارە لە نێو منداڵدانی دەنگەکاندا هاڕمۆنیایەکی ئاوێتەکراو لە دایك دەبێ و دەبێتە چەمکێکی زۆر لەبار بۆ

دەستەبەرکردنی گیانی ڕەنگەکان و ئەم ڕەنگدانەوەیە کتومت ئەو بوارە داهێنەرانەیە کە لە عەقڵی هەموو داهێنەرەکاندا دەخرێتە سەر لاپەڕەی نۆتەو تابلۆیەکی زیندوو. دیارە ئەو گۆڕانکارییەی کەلە شێوازەکانی هەردوو هونەریشدا بەدرێژایی ( پێنج سەدە ) واتا هەر لەچەرخی بوژانەوەو باڕۆك و کلاسیك و ڕۆمانتیك و چەرخی نوێ دا ڕوویداوە و گۆڕانکارییەکی وابوو کە لە هەرچەرخێکدا کۆمەڵێك بنەمای تەقلیدی تێشکێنراون و لە بری ئەو تێکشکانەش شێوازی نوێکارو نوێخوازو ئەزمونی پڕ بەهای هونەری لەدایك بوون و هەرگیز هونەرمەندان بەوە رازی نەبوون کە بەرهەمی پێش خۆیان کاوێژ بکەنەوە, بەڵکو لەسەر بنەمای کۆن بنەماو بناغەیەکی نوێ ی بیناسازی هونەری بنیات نراوە, ئەم کارەش هەرگیز لەکاری ئەکادیمی داهێنان ئامێز دانەبڕاوە ئەگەر لە چاخەکانی پێش ئەمڕۆش بنەما داڕێژراوەکانی هاڕمۆنیا لە شێوازێکی تازە بابەتیان بەخشیبێتە کارە هونەرییەکانی گەورە دانەرەکانی موزیك, ئەوا بێگومان شێوازەکانی ( ڕیالیزمی و سوریالی و ئیکسپرێشن و ئیمپرێشن و ئەبستراکت ) لە هونەری شێوەکاریدا توانیان ململانێیەکی هونەری گەورە لەگەڵ چاوی کامێرادا بکەن و بەسەدەها تابلۆ بخەنە بەر زانستی لێکۆڵینەوە و دیدو بۆچوونی نوێ و سەرلەنوێ کارەکان داڕێژێتەوەو هەمیشە قەناعەتی هونەریان بەکارەکانیان لەسەر ڕووی هەموو ئەو کارپێکردنە کاریگەریانەدا بوو کە هونەرمەندان لە ژیانی سەختی ڕۆژانەیاندا بەرەنگاری دەبوونەوە .

بەرنامە هاوبەشەکانی موزیك

موزیك ئەو زمانە جیهانییە گەورەیەیە کە هەمیشە پاسپۆرتی گشت و وڵاتان ڕەت دەکاتەوە و وەك کرداری پراکتیکیش سەلماندوویەتی کە دەوڵەمەندیی ئەو زمانە لەوە هاتووە کە لە سەرتاسەری جیهاندا زمانی ( نۆتە ( note و کۆمەڵێ زاراوەی موزیك هەن لەکاتی ( ژەنین ) دا بەکاردێن و نۆتەی موزیکی گەلان وەك موزیکێکی بیسراو لەبەر دەم گشت هونەرمەندانی تامەزرۆ دادەنێ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێ پەرەگراف و بەرنامەی تری هاوبەش هەن کە تایبەتن بە موزیکی سەر لەبەری مرۆڤایەتی و هەر لە چاخەکانی پازدەهەمەوە بگرە تا دەگاتە چەرخی ڕێنیسانس و باڕۆك و کلاسیك و کلاسیکی نوێ و ڕۆمانتیك و چەرخی نوێ بەکارهاتوون و ئەم بەرنامە هاوبەشانە زۆربەی کات هەڵگری ناونیشانی ئەو پارچە موزیکییەن کە ئێستا لەبەردەستی لێکۆلەرو توێژەرو مامۆستاو قوتابیانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان و ئامۆژگای هونەرە جوانەکانن، بۆیە بە پێویستی دەزانین وەك کردنەوەی دەروازەیەکی هونەری، کۆمەڵێ زاراوەو بەرنامەو پەرەگرافی هونەری بخەینە نێو فەرهەنگی موزیکی خۆمان، بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوانەی کە ئێستا بە دەگمەن لە نێو موزیکی کوردی دەژمێردرێن، ڕۆژێ لەڕۆژان وەك بابەتێکی دەستەمۆ لە خزمەت بە جیهانی بوونی موزیکی کوردی دابن .

*ئەلیماند ( allemande ) : یەکەم سەمایە لەو چوار سەمایەی کە (یۆهان سباستیان باخ ) لە (سویت)ەکانی، واتا ئاوازی یەك بە دوای یەك بەکاری هێناوە .

*ئەنگلاس ( anglase ) : سەمایەکی ئینگلیزییەو چەمکی بەکارهێنانی سنووردار نییە، ( باخ ) لە وەسفی یەکێ لە سەماکانی ( سویت )ی فەرەنسی پلەو پایەی داوەتێ .

*تەرتیلی کڵێسای ئەنجلی .glican chant an -:

ئەمەش جۆرێکی تایبەتە لە تەرتیلی گریگۆریانی کە لە میلۆدییەکی کورت پێکهاتووە و چینە دەنگێکی هاڕمۆنی دەوڵەمەند دەبێ و دەقێکی ئەدەبیش لە شعری جۆراو جۆر هاوشانیەتی .

*سروود ( anthem ) : ئەم زاراوەیە لە کڵێسای ( ئەنجلی مۆتیت )ی بەرامبەرە ، سروودەکانی (anthm )

لەسەرەتادا بریتی بوون لە پارچە موزیکێکی ( مۆتێت ) و کە بەزمانی ئینگلیزی دەوتران وەلێ بەکارهێنان و فراوانی مانای ئەم وشەیە ئێستا هەموو ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە کە گۆرانی ئایینی کلێسایی لەگەڵدابێ .

*ئەریەتا ( ( arietta بە واتای : ( ئاریا( aria ی بچووك دێ و دوایی بەو پارچە موزیکە سادانەش دەگوترا کە بۆ ئامێرەکانی ئۆرکسترا دادەنران و ناوبانگترین شێوەش پارچەی کۆتایی ( سۆناتە )ی پیانۆی ژمارە سەدو یازدەی ( بتهۆڤن ) ە .
ئادای ریستاتیڤی ( ( arioso : ئەمەشیان ئاوێتەیەکی جوانی ( ریستاتیف )، واتا تیلاوەو گوتنی بێگەردی ( ئاریا )یە کە تێیدایە لە ئۆپێراو کانتاتە یان لە ئۆراتریۆ بەشێوازێکی ئاواز ئامێز دەگوترێن و ئەمەشیان دیاریترن خاسیەتی ئۆپێرای فەرەنسی بوو کە لە چەرخی حەڤدەیەم پێشکەشکرا .

*باگاتل ( ( bagatelle : پارچە موزیکێکی کورتە بۆ ئامێرەکانی موزیك دەنوسرێ و بە ناوبانگترینیان ئەوەیە کە بتهۆڤن بۆ ئامێری ( piano ) ی نووسیوەو تێیدا کۆمەڵێ ئاوازی نایابی بەکارهێناوە کە شێوازی پێگەیشتنی ئایدیای موزیکیی پێوە دیارە .

*چامەی بالاد ( ( ballade : پارچە موزیکێکە بۆ ئامێرەکانی ئۆرکسترا دەنووسرێ و دەبێ لە ناوەرۆکدا هەڵگری ئایدیایەکی ئەدەبی شیعری بێ .

*ئۆپێرای بالاد ( ballade opera) : جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆی پێ حەوانەوەو خۆشنوود ( تەرفیهی) ئینگلیزی تێیدا دیالۆگ رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ و لە ناواخنشیدا گۆرانی میللی(popolar) ی بە خۆوە هەڵگرتووەو یەکەمین بابەتیش لەم جۆرە ( ئۆپێرای دەرۆزەکەرەکان )ە کە ساڵی ( 1729 ) پێشکەش کراوە ,

*گۆرانی بالێت ( ballet ) : گۆرانییەکی ( پۆلیفۆنی ) ئینگلیزییە بۆ چەرخی شازهەیەم دەگەرێتەوەو لە ناوەرۆکی دابەشکردنی موزیکەکە لە شێوازی ( کۆنتراپۆینت و مادریگال ) ساکار ترەو ریتم و رەزمەکانیشی جۆرێك لە سادەیی پێوە دیارەو بە گشتیش لە کۆتاییەکانیدا بە نۆتەی ( fa la la ) کۆتایی پێ دێ .

*بالێ Balli
شاکارێکی شانۆیی موزیك ئامێزە و سەماو موزیك شان بەشانی یەکتر رۆڵی سەرەکی سەرکەوتنی دەگێرن و ئەو موزیکەی بۆ بالێ دەنووسرێ بە شێوازێکی زۆر بەرز دەکەوێتە بەرچاو و گوێچکە کە بەرادەیەك دەتوانرێ موزیکەکە بەتەنیا مەرام و ئاکامی هونەری خۆی ببەخشێ .

*گۆرانی کەشتیوانەکان Bar caroli - :
لەبنەرەتدا گۆرانییەکی سەربەخۆیە, بەڵام بەو پارچە موزیکانەش دەگوترێ کە بۆ ئامێرەکانی ئۆرکسترا دادەنرێن و موزیکی ئەو ئامێرانە لە گۆرانی کەشتیوانەکانی (جەندولی ڤینیسیا) وەرگیراون .

ئۆپێرای دەرۆزەکەرەکانBeggar,s opera :
کۆنترین و مەزنترین شێوەی ئۆپێرای بالادی ئینگلیزییە کە ( جۆن جای ) لە ساڵی ( 1729 ) ئەرکی نووسینەوە لە ئەستۆ گرتووە .

*سروودی لانکەزاBerceuse :
بەو هەموو پارچە موزیکانە دەوترێ کە مۆرك و ناوەرۆکەکانیان لەسەرخۆیەو یەك ئاستی پێشکەشکردنی هونەری بەخۆوە دەگرن .

*سەمای بۆریە Boorree :
سەمایەکی چوست و چالاکەو بە بەربڵێوی لەو ( سویت )انەی کە لە هەردوو چەرخی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا بڵاو بووەتەوە .

*برێد پاسێجBride Passage :
ناوێکی هونەرییە بۆ گەیشتن لە بابەتێك بۆ بابەتێکی تر بەکاردێت, بە تایبەت لەقاڵبی سۆناتە و لە زمانی ئینگلیزیش وشەی ( Transition ) ی بەرامبەرە .

*بورلسکەBurlesca :
پارچە موزیکێکی چوست و چالاك .

*کانتاتەCantat
ئەم زاوەیە کاتی خۆی بۆ ئەو پارچە موزیکانە بەکاردەهات کە تەنیا گۆرانیبێژێك میلۆدییەکی دەوت، دواتر پێشکەوتنی چاکی لە هەردوو بواری ( ئایینی و دنیایی ) بە خۆوە بینی و( Solo ) ی گۆرانی و ئۆرکسترا و کۆمەڵێ کۆراڵ رۆڵێکی بەرزیان هەبوو بۆ بەدیارخستنی هونەرییەتی ئەم بابەتە و ( باخ )یش مەزنترین دانەری کانتاتەی ئایینییە .

*کانتیکل Canticle
تەراتیلێکە لە خزمەت ئایینی مەسیح دایە .

*سرودە پیرۆزەکان Sacrae Cantiones :
زاراوەیەکی لاتینییە و لە چارخی شازدەهەم بەو پارچە موزیکانە دەوترا لە شێوازی ( مۆتێت ) دابوون .

*ئاوازی چەسپاو Canto Fenmo
ئاوازێکە هەمیشە بە نۆتەی درێژ ( Corona ) دەوترێ و بە هارمۆنیایەکی جۆری ( کۆنتراپۆینت ) دەوڵەمەند کراوە و زۆربەی هارمۆنیاکەش هەمان میلۆدی ئاوازەکەن کە بەچەند شێوازێکی هونەریی جۆراو جۆر دووبارە دەبنەوە و ئەم خاسیەتەش بەرزی کارە هونەرییەکانی چەرخی زێرینی پۆلیفۆنی بە بەربڵێوی هەبووە .

*کانزۆنیت Canzonet :
مادریگاڵێکی سوکە ، مۆرکێکی هونەری تایبەتی هەیە .

*کاپرتشیو :Capriccio
پارچە موزیکێکی کورتیلەی ئامێرەکانی موزیکەو بە هیچ رووپێوێکی هونەری پابەند نییەو دانەری موزیکی بە سەربەستییەکی رەها پشت بە خەیاڵی هونەری خۆی دەبەستێت .

*کارول:Carol
گۆرانییەکی ئایینی میللییە لە وەرزی تایبەتی سەری ساڵی مەسیحی ( زایینی ) و چەژنی لە دایك بوون دەوترێ و مۆرکێکی ئاهەنگسازی هەیە .

*کاساسیۆن :Cassation
واتە دیڤەر تمنتۆ .

*کاڤاتیناCavatina :
گۆرانییەکی کورتی نێو پەرەگرافەکانی ( ئۆپێرا )یەو دواتر بەو پارچە موزیکە کورتانەش دەواترا بۆ ئامێرەکانی ئۆرکسترا دادەنران .

*چەمبەر موزیكchamber music :
موزیکێکە تێیدا رۆڵی ژەنیاری (Solo ) بەتەواوی زاڵە بەسەر چێژی گشتی و ئەم زاراوەیە بۆ موزیکی ئامێرە تاکە کەسییەکان بەکاردێ و دەشێ زاراوەکە بۆ موزیکی ( دوێت )تا دەگاتە ( g ) ئامێری موزیکش بەکاربهێنین و ناوی

پارچە موزیکەکەش زۆربەی کات و لە ژمارەی گروپەکانەوە وەردەگیرێت، بۆ نموونە (piano Trio) واتا سیانی پیانۆ یان چوارینی ژێیی و پارچە موزیکەکانی چەمبەر موزیك زیاتر لە شێوازی سۆناتەوە نزیکن .

شانسۆن: Chanson
جۆرێکی کۆنی مادریگالی فەرەنسییە کە بۆ دەنگەکانی کۆراڵ دەنووسرێن یان بۆ تاکە دەنگێك کە ئامێرێکی موزیکی هاوشان بێ .

فەلسەفەی دیالۆگی هونەری
ماوەیەك بەر لە ئێستا کەناڵی ( ئەبو زەبی) دیمانەیەکی لەگەڵ (دکتۆرە نەوال سەعداوی) ساز کرد, لە پەرەگرافێکی وتە بەنرخەکانیدا باسی لە ژیانی ئەدیب و هونەرمەند و مرۆڤی رۆشنبیرکرد کە دەبێ ژیان لای ئەوان جۆرە سادەیی و ساکارییەکی پێوە دیار بێ، بۆ ئەوەی هەموو کات ئەو رۆحە خەباتگێڕییەیان تێدابێ تا بەرەنگاری ژیانی پڕ مەینەت و سەخت و ئاڵۆزی دەوروبەریان ببنەوە، رەنگدانەوەی واقیعی ژیانی رۆژانەی ئێرە بە هیچ شێوەیەك لای ئێمە نەبۆتە هەوێنی بابەتە هونەرییەکانمان، زۆرجار وابووە کاریگەری هەڵوێستێکی رۆمانتیك چیرۆکنووسێکی هەژاندووە و کە واقیعێك دروست بکات دوور لە تێڕوانین و هەڵسوکەوتەکانی خۆی، بەهەمان شێوە لە هونەری ئەمڕۆماندا هونەرمەندی کورد بۆ دابینکردنی کەرەستە هونەرییەکانی خۆی جۆرە نزیك بوونەوەیەك لەگەڵ رۆحە هاوشانەکانی خۆی بۆ پێکەوەنانی خودێکی دروست پەنا دەباتە بەر ئەو هەڵوێستە کاتیانەی کە لە (خوێندنەوەی دەقێك یان ژەنینی پارچە موزیکێك ) ( نمایشکردنی دیمەنێك ) درووست دەبن .. ..
نەخوێندنەوەی یەکتری لە دیالۆگ و گفتوگۆ راشکاوەکان جۆرە نامۆییەکی کپی بەسەر کارە هونەرییەکانماندا کێشاوە، بۆیە کە هونەرمەندێك تووشی هەڵوێستێکی دوور لە بابەتیانەی هونەر دەبێت قاچ و ئەژنۆی دەشکێ و وەکو منداڵێکی ساوا بەدەم ئەم ژیانەوە لە گریانی ناوەوەیدا دەخنکێ .!!
بۆئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ژیان بەمانا فراوانییەکەی خۆی ئاوێتەی کارەکانمان بێ, پێویستە لەو دەیان بابەتە پڕ فیکر و عەقڵەدا دەست پێ بکەین کە لە خودی خۆمانەوەن، بە واتایەکی تر ئاواتە شەرعییەکانمان لە خەیاڵی بەربلێوەوە بێتە نێو واقیعی رۆژانەمان، هەموو کات ئەدیب و هونەرمەند دەرگای بەندیخانەی رەزا قورس وەك دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو ژیانێکی تری پڕ ئەزموون و فیکر فێربکات، چەمکی فەنابوونی هونەرمەندی کورد هەرگیز لە ئاوابوونی شاکارەکانیدا نییە، بەڵکو دوورە پەرێزی خۆی و لەنێو ئەو واقیعە جەنجاڵەدا وای لێدەکات بە جۆرێ بیر بکاتەوە کە هیچ شتێ بە مانا فەلسەفی و ئێستێتیکییەکەی خۆی نەبینێ و لێردا شیزۆفرینای رۆح و جەستە هونەرمەند هەڵدەلوشێ و بواری تێرامانی لێ زەوت دەکات .

)دەنگی دێ (
گۆرانی کوردی لەبەردەم کارگەی ڕەسەنایەتیدا :
دیاریکردنی لایەنە هونەرییە شاراوەکانی دەنگی گۆرانی بێژەکانمان ئەرکێکی مێژوویيە و لادانی پەردەیەکی رەشیشە لەسەر ئەو هونەرە گرنگەی کە دەتوانێ دەستنیشانی حاڵەتە گرنگەکانی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخێتی دەنگە هونەرییەکانمان بۆ بکات
ئەوەی جێگەی گومان نییە لە هونەری گۆرانی کوردیدا ئەوەیە کە ئەم لایەنە ڕەسەنە تەنیا و تەنیا توانیویەتی تەرازووی ڕەسەنایەتی هاوسەنگ بکات بەرامبەر گشت ئەو تەوژمە هونەرییە فکرییانەی کە ویستویانە داخی رەش و شاراوەیان بەم هونەرە بەسەرزمانە بڕێژن و لەبەر نەبوونی قوتابخانەیەکی تایبەت بە موزیکی کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئامێرە ڕەسەنەکانمان بە هەتیوی ئەو مالأ و ئەومالٚ دەکەن . واتا لە حاڵەتی یەکەمدا دەبێ دان بەوەدا بنێن کە گۆرانی کوردی ئەو سەرچاوە سەرەکییەیە کە بۆتە هۆی گەشەی موزیکی کوردی و ئەو حەقیقەتەش ئاشکرایە کە دەنگی ڕەسەن هەمیشە(Milody) یەکە ڕاستگۆ بووە و بۆتە هەوێنی لەدایك بوونی ئاوازی کوردی, سریناد‌ی خەماوی ,(Srinade) کەواتا بە پێی ئەم میتۆدە هونەرییەیە دەنگی ئادەمیزاد سەرچاوەی سەرەکی سەرهەڵدانی ئامێرەکانی موزیکە هەر لەچاخی بەردینەوە بیگرە تا دەگەیتە چاخی کۆمپیوتەرو ئنتەرنێت ,(Anternet) ئەو خاڵە گرنگەی کە هەموو پسپۆران لەسەری ڕێککەوتوون ئەوەیە کە ئادەمیزاد دابەش کراوەتە سەر دوو گروپ
1.گروپی پیاوان Tinor –Bariton- Bass –
2.گروپی منالان و ئافرەتانSuprano – Mizzo – soprano – Conter
ئینجا ئەم دوو گروپەش هەریەکەو ( 3 ) لقیان لێ جیا دەبێتەوە, یەکەمیان واتا دەنگی پیاوان بۆ ( تینۆر, بارتیۆن, باس ) دابەش دەبێ و دووەمیشیان بۆ هەر ( 3 ) سێ بەشی (سۆپرانۆ, میزۆسۆپرانۆ, کۆنترا ئاڵتو ) جا کاکڵی باسەکە لێرەوەیە کە تاچەند گۆرانیبێژەکانمان توانای ئەوەیان هەیە لە نێو ئەم دابەشکردنە زانستییەدا دەنگی خۆیان بدۆزنەوە ؟ !
کەی گۆرانیبێژ دەتوانێ ئاوازێك هەڵبژێرێ کەمیانەی دەنگییەکەی تێیدا بەسەرکەوتوویی لە گوێچکەدا بزرنگێتەوە ؟ ئەو خاڵە گرنگانە چین کە دەبنە پاڵپشتی دەنگی ڕەسەن بۆ ئەوەی لە دەنگە سواو و ڕەچاوکەرەوەکان جودا بکرێنەوە ؟ کام گۆرانیبێژ توانیویەتی چینە دەنگی خۆی دیاری بکات و بیکاتە بنکەی دەستپێکردنی گەڕان بەدوای ناسنامەی هونەری خۆی !
کۆمەڵێك پرسیاری ڕەوا و بەجێ بەرامبەر رووبارێك وەڵێمی نادیار و سەرلێشێواو .
بۆ ئەوەی لەم ڕوانگەیەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ بە دەنگ و لەرینەوە و شەپۆلی ژێیەکانی قوڕگ بڵێین دەنگی شیاو و لەبار, پێویستە رەچاوی ئەو خاڵانە بکەین وەگ هەنگاوی یەکەم .
-1هەموو زاتێك کە دەنگەکەی شیاو بێت, ئەوە توانای وتن و ئەدای ( 13 ) دەنگ و نیو دەنگی هەیە, بۆ نموونە گەر لە دەنگی ( دۆ ) دەستی پێکرد, ئەوا دەتوانێ تا ( لا )ی تیژ بڕوات, واتا توانای گوتنی ( ئۆکتافێك و نیو ) ی ( Octaveزیاتر هەیە, گەر زانیمان ( ئۆکتاف ) لە هەشت دەنگ و نیو دەنگی موزیك پێکدێت, ئەوا قوڕگی لەبار دەتوانێ لەرینەوەی ژێیەکانی بەپێی پێویستی زانستی و هونەری ئەو میانانە بێت کە پەیژەکانی( Scale ) ی موزیك بۆی دەستنیشان دەکات, ( وەك لە نموونەی ژمارە 1 ) ئەو (13) دەنگەلە زمانی موزیکدا و گوزارشتی لێوە دەکرێ کە خاوەنەکەی دەنگێکی ( خام ) ی هەیە و هەڵگری ئەو بەهرە شاراوەیە کە پێویستی بەدینامێکی زانستی و ئەکادیمی هەیە بۆ ئەوەی لە رەگەوە هەڵیتەکێنێ و بیخاتە بەردەم ئەزموونی قورسی ڕەسەنەیاتی .
-2دەنگی شیاو و لەبار دەتوانێ لەهەر ئەو ( 3 ) چینە دەنگانە کارە هونەرییەکەی ئەنجام بدات کە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد, واتا لەچینە دەنگی ( Tinor ) گۆرانییەکە ئەدا دەکات, کەچی هەمان گۆرانی بۆ پێداویستی کاتی و هونەری هەندێجار دەخرێتە سەر چینە دەنگی ,(Barriton) ئەو دەنگە پڕ زانستە هونەرییە گۆرانییەکە بەهەمان توانستی چینی دەنگی (Tinor) لەسەر چینە دەنگی ( Bariton ) ئەدا دەکات ، بەهەمان شێوەش چینە دەنگی (باس), دەنگی باس ( Bass ) دەکەوێتە بەر تاقیگەی ئەو دەنگەو بەسەرکەوتوویی هەنگاوەکان بەرەو لوتکەی ئەفراندن دەچن .
ئەم کارە هونەرییە پڕ داهێنانەش هەمیشە لەدەنگی خوازراو ( مستعار ) دوور دەکەوێتەوەو هەموو کات دەیەوێ توانا خۆرسکییەکەی خۆی لەخزمەت ( Solvege ) پەروەردەی گوێچکە دابنێ و لەو حاڵەتە هونەرییە نزیك ببێتەوە کە دەبێتـە مایەی خوڵقاندنی ( 3 ) جۆرە دەنگ لە نێو بازنەی یەك دەنگی ڕەسەندا .
-3بڕینی دەنگ ( Cat ) یاخود لەت لەتکردنی دەنگ لە نێو گۆرانیدا بۆ ئەوەی حاڵەتی ئێستێتیکی ببەخشێتە بەشە

هونەرییەکانی گۆرانییەکە, ئەمیش بە بەکارهێنانی ( staccato ) واتا هەناسەخواردنەوە لە نێو بڕگەکان و وشەی گۆرانییەکە, ئەم حاڵەتە هونەریەش پێویستی بە شارەزایی و کارامەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی رەوتی هونەری گۆرانییەکە نەخاتە سەر نۆتە ترسناکەکانی نەشازو رەشەبای دەنگی خۆخواردنەوە. هەموو بڕینێك (Cat ) دەبێ لە کۆتایی ئەو چەند ( Mazura ) نە دابێت کە پارچە موزیکەکە مەبەستی واتایەکی تری دەبێ, گۆرانیبێژ دەرك بەو لەتە بکات کە موزیك دەتوانێ ببێتە پاڵپشتێکی بە هێز بۆ رۆحی ئایدیا هونەرییەکەی, بەڵێم هەرگیز ناتوانێ رۆڵی ئەو دەنگە ببینێ لە سەرچاوەی هێنانەکەی بۆتە باوەش .

هەر دەنگێك پڕۆڤەو راهێنانی لەسەر بابەتی سۆلێڤج ( solvege ) ی موزیکی میلۆدی و ریتمی ( Rithm) کردبێ و متمانەی هونەری لەسەر بکرێ ، ئەودەنگە دەتوانێ چەند هەنگاوێك لەو بازنە داخراوە دووركەوێتەوە کە دەنگی ئاسایی ئادەمیزادی تێدا دەخولێتەوە, بەڵێم هەرگیز ناگاتە ئەو ناڵە گرنگەی کە رۆژانێك ئاماژەی هونەری و رەسەنایەتی بۆ بکرێ وەك دەنگێکی داهێنان ئامێز بخوێنرێتەوە, بەڵێم کە باس لە دەنگەکان دەکەین داخی گرانمان لەو خاڵە هونەرییە دەست پێ دەکات کە هەندێ لە گۆرانیبێژە رەسەنەکانمان دەرکیان بە رەسەنایەتی دەنگی خۆیان نەکردووە و نەیانتوانیوە حاڵەتە دەروونی و ناوەکی و دەرەکییەکانی خۆیانی پێ بخەنەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەو دواندنی هونەری، بەمانایەکی تر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵیەتی و سیستەمی سیاسی رەنگدانەوەیەکی لاوەکی و سەرپێی هەبووە لە نێو نەڕەی دەنگ و ترپەی ئیقاعی ماندووی ژیانی رۆژانەیان, ئەگەر خاڵە ( سێوە ) بەو سرووت و سردوەوە دەقە نابینایە فرچکی کەوتبێ کە لە کڵێساکانی ( هەرمۆتە ) بێ ناز دەکەوتنە بەر رەشەبای بێ بەزەیی, ئەوکاتە ئەوا دەتوانین سەرەتاییەك یاخود ئەو هەنگاوە دەستنیشان بکەین کە هەمیشە ئاوازی رەسەن دەبێ مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازی پاڵپشتی بێ, ئەدی خاڵە ( سێوە ) تۆزقاڵێك لەو رەوتە هونەرییە لانادات کە دەنگ و خاڵە دەروونییەکانی ناوەوەی ئەمری پێ دەکات لە دەربڕینی هونەری ئەو کاتە ترۆپکی داهێنانە کە گۆرانیبێژ راستەوخۆ مامەڵە لەگەلأ ژیانی واقیعیانەی خۆی بکات .
( ئەرێ گورێ گورە جوانێ سینگ سپیێ مەمك فنجانێ ) دەقێکی مردوو بووە تا ئەو کاتەی بە ئاوازێکی ئەدلیب ( Adlib واتا ئاوازی بێ ریتم و رەزم گیانی بەبەرا کراوە و دەتوانین بە یەکەمین بەرهەمی کوردی لەقەڵەمی بدەین کە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی و لاوەکی ئەم و ئەوی بەسەر نییە, ( مەبەست لێرەدا دەرو دراوسێی و جیران و دۆست و دوژمنە), مەقامی واتا پەیژەی ئەو ئاوازە بێ ریتمە مەقامی (حیجاز )ەو لە نێو میللەتە رۆژهەڵاتییەکاندا بەزۆری و بۆری بەکارهاتووە, بەڵێم ئەوەی کە لێرەدا گرنگەو پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەو خاڵێنەی بێ رەزمی ( ئەرێ گورێ ) دوو جەمسەری دژ بەیەك لەیەك کاتدا کۆبوونەتەوە, ئاوازی ئامێرەکانی موزیك کە بە هیچ کلۆجێك ناچێتە خانەی ئاوازی رەسەن و تەنانەت ( تەرجومە ) ی دەنگی رەسەنی خاڵە ( سێوە) ش ناکات؟, کەواتا خاڵێکی گرنگ سەرهەڵدەدا ئەویش هیچ کات ئاوازی ئامێرەکان نەیاتوانیوە خاڵە ( سێوە ) لەو ئازارە دەروونییە داببڕێ کە لەنێو عەقڵ و هەست و نەستیدا پەنگی خواردبۆوە ، لە هەمان کاتدا ئەو ئاوازە رەسەنە بە هیچ لەو ژەنیارانە (عازف)انە هەزم نەکراوەو نەیانتوانیوە مۆرك و ئەدای کوردی بەرجەستە بکەن و بیخەنە ژێر رکێفی خۆیان، ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی دەرك بەو حاڵەتە گرنگە بکەین کەوا هەندێ ئاوازی رەسەنی ئاوازی کوردی هەن مەحاڵن بەکەسێك بژەندرێن کە هەڵگری گشت سیفەتەکانی رەسەنایەتی و مێژوویی و کلتووری دەوڵەمەندی کوردی. (سێوە) ی هونەرمەند هونەرە خۆڕسکەکەی لە خزمەت بابەتە هەنوکەییەکانی ئەوساتدا بوو ، ناسیناوەی فۆڕم ((Form)) وفرێز((Frise))کەدانزا ((Cadanza))ەکوردییەکان بەڕای ئێمە کارێکی ئاسان و ساکار نییە, چونکە مەقامە رۆژهەڵێتییەکان لەنێو گشت ئەو گەل و ولێتانە هاوبەشە کە دەکەونە رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا .
مەقامی کورد ( kurdsale ) لەنێو گشت ئەو ولێتانەدا بەکاردێت کە خاوەن کیانێکی سەربەخۆن, کارەساتەکە ئەوەیە لەلای ئێمەدا تەنیا ( 15-10 ) گۆرانی و مەقامی لەسەر دانراوە, کەچی خۆشییەکەی لەوەدایە لەهەموو شوێنێك لەو شوێنانە کە پێی دەڵێن ( مەقامی کورد )!!. کارەسات لەوەدایە کە تۆ شتێك بزانی و هەتبێ, بەڵێم کەس بە فلسێك لێت نەکڕێ .

پەراوێزەکان :
بۆ زیاتر روونکردنەوە لەسەر گروپی دەنگەکان – گروپی پیاوان .

) -1تینۆر ( Tinor ) ( وەك دەنگی ( سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، رەشۆلا، عەزیزی شارۆخی ) واتا دەنگی تیژ .
) -2بارتیۆن ( Bariton ) ( وەك دەنگی ( شەمالأ سائیب، حەسەن زیرەك، تایەر تۆفیق ), واتا دەنگی مام ناوەندی .
) -3باس ( Bass ) ( وەك دەنگی ( ئۆمەری دزەیی، خاڵە سێوە، عیسا بەرواری ) واتا دەنگی گڕ .
-4گروپی منداڵێن و ئافرەتان, بەداخەوە تا ئێستا گۆرانیبێژی مناڵمان نییە بە لێکدانەوە زانستییەکەی .
) -5سۆپرانۆ ( Soprano ) ( وەك دەنگی ( ئایشەشان، مریەم خان) واتا دەنگی تیژ .
) -6میزۆسۆپرانۆ ( ( Mizzou soprano(وەك دەنگی ( پەیمان عومەر، تارا رەسول ) واتا دەنگی مام ناوەندی .
) -7کۆنترا ئاڵتو ( Contr Alto) ( وەك دەنگی ( مەرزیە، رێزان) واتا دەنگی گڕ .
) -8بار – مازۆرە ( Bar Mazura) ( هەر رستەیەکی موزیك لە چەندین بار و مازۆرە پێکدێت .
) -9میلۆدی ( Milody ) ( واتا ئاوازی سەرەکی گۆرانی یاخود پارچە موزیك .
) -10ئۆکتاف ( Octave )( واتا ( 8 ) دەنگی موزیك (دۆ, سی, لا, سۆڵ, فا, می, رێ, دۆ .(
) -11سۆڵفێج ( Solvege ) ( واتا بابەتی خوێندنی زانستی و پەروەردەکردنی گوێچکە لەسەر ئیقاع و ئاواز .
) -12ستاکاتۆ ( Stacato ) ( ئەم زاراوەیە زیاتر لە موزیك بەکاردێت, واتا بازدانی کەوانە (قەوس) لەسەر ژێیەکانی ئامێرە ژێدارەکان. من لێرە بۆ دەنگم بەکار هێناوە .
) -13سریناد ( Serinde ) ( واتا پارچە موزیکێکی هێمن و لەسەرخۆو بابەت ئامێز .
-14کەدانزا Cadanza واتا قەفڵەی موزیکێك یاخود گۆرانییەك .
) -15ئەدلیب ( Adlib ) ( ئاوازێکە دەکەوێتە سەرەتای پارچە موزیکێك یاخود ناوەڕاستی گۆرانییەك و ئیقاع و (Timpo)ی لەگەلأ بەکار نایەت و بە پێی ئاماژی (مایسترۆ) دەبێ .

خاڵە تایەر
ئێمە نەمانتوانی دڵی گۆرانییەکانت بدەینەوە

کام عەشق گەورەترە؟
عەشقی وەتەن یا گۆرانی؟
نامەیەکی ترسنۆکە لەبەردەم ژیانی داهاتووی خاڵە تایەر .
ئەمە گەردەلوولی ژیانە یان لەدایك بوونێکی نوێ؟
ئەوە دەنگێکی ترە یان نەغمەیەکی یاخی؟
دوێنێ لە کۆیەی کەکۆن، ئەمڕۆ لە هەولێری کۆن و ئێستا لەباوەشی ئێمە، ئێوارە لە دڵی هەموو جەماوەر و بەیانی لە کۆشی مێژوو, سبەینێش لەنێو جەرگەی رووداوەکان، بۆ دواڕۆژیش هەر خۆت باس و خەبەر, ئەوە چ ژیانێکی پڕ مەترسییە .!!
بۆ عەشقی وەتەن برسی و بۆ بۆنی خاکی پاش بارانیش ئەڤین هەمیشە وێڵ و عەودالْ، بۆ خەڵکی دەوروبەرت مۆمی گریاناوی رووناك، بۆ نەغمەی کوردی هەمووکات نوێ بوونەوە, ئەوە چ حاڵەتێکە .!!
دەروون پڕ کڵپە بێ سەروو شوێن، سینە پڕ بادەی بە سەرو شوێن، ژیان پڕ لە خەزانی تەمەن، تەمەن پڕ لە حەسرەت، حەسرەت پڕ لە هەناسەی گەرم، ئەم هەموو شۆڕشە لە پای چی؟ .. ..
وەتەن پربوو لە قەلبی من، قەلبی من پڕ لە شیرین، شیرین بە چەهچەهەی بولبول نەبا لەخەو رانەبێ ئیدی ( مانی ) قوەتی بۆ چییە؟ تۆ هەمیشە خاکت بەوەتەنەوە دەویست !!

گۆرانییەکانت هەمیشە یاخی بوون لە موزیکژەنەکان، ئیدی ئەم عەشقە بۆ بەهەدەر چوو !!
بەهەموومان نەمانتوانی دڵی گۆرانییەکانت بدەینەوە، بەرگەی نەڕەی لەرینەوە کوردییەکانت بگرین, ئیدی ئەم یادگارانە لە پای چی ..!!
شەرمەزارین بەڵێم دڵنیابە بێ گوناهین !!

رەنگەکان دەنگ هەڵدەبڕن و هاڕمۆنیا دەخوڵقێنن

چەمکی هونەری بابەتی خوڵقێنەر هەمیشە بە دوای ئەو کون و کەلەبەرانەدا وێڵە کە ئارەقەی تامەزرۆیی لێ دەتکێ !, لە نێوان رەنگ و دەنگدا تاڵە موویەك هەیە، دەشێ وەك ژێیەك لە راوە ئیلهام ببەخشێ، چونکە چێژی هونەریی هەمووکات بریتییە لە فراوانبوونی، (بوونی ئێمە رووەو جیهانێکی تازەو گرتنە باوەشی ئەو چێژەش پرۆسەیەکی عاسێ و دوورە دەستە، ئەگەر کۆمەڵێك لە بنەمای هونەری بۆ مەیسەر نەکرێ، موزیك لە نێو جەستەی هونەری شێوەکاریدا شادەماری بزوێنەری رۆح و هەست و نەستی رەنگە ساردەکانە پێش گەرمەکان، بەواتایەکی تر لە نێو بوونی پێداویستی دروست بوونی چەمکێکی هونەری شێوەکاریدا موزیك دەبێتە رێکخەری بنەما ئاوێتەییەکانی رەنگ و تەنینەوەی ئەو رەنگانەو خۆ بەختکردنیان بۆ لەدایك بوونێکی نوێ کە هاڕمۆنیای ناوە .
گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئاوێتەبوونی موزیکی ( باڕۆك )؟ لەگەلأ هونەری بیناسازسدا ئامانجێکی هونەری بەڵگەدارە کە ئەندازەی تێکەڵبوونی ئەو دوو هونەرە دەخاتە بەرچاو، وەلێ دوور لە قاڵبدانی چەمکە هونەرییەکانی ( موزیك و شێوەکاری ) لەچاخی باڕۆکدا موزیك رەنگدانەوەی واقیعی ئەو هونەرە بوو کە لەخەیاڵی هونەرمەندی شێوەکاریدا دەکەوتەی سەر تابلۆیەکی هونەریی، بنەما هاڕمۆنییەکانی دابەشکردنی زانستی موزیکی ( باخ و ڤیڤاڵدی ) لە هەردوو شێوازی بەرچاوی هاڕمۆنیایی ( کانون و ڤۆجە ) ئاسانکارییەکی تەواوشی بەخشییە تێگەیشتنی چەمکی هونەری لە داڕشتنی هونەری بیناسازی و وێناکردن دابەشبوونی رەنگ بەسەر پانتایی تابلۆ جیاجیاکانی شێوازە هونەرییەکان لەهەموو سەردەم و چاخە هونەرییەکاندا رەنگدانەوەیەکی ئەو واقیعە سروشتی و فانتازیایە بوو کە عەقڵ دەرکی پێدەکردوو ئیلهام جێبەجێی دەکرد .
روخسارە جیاجیاکانی وێکچوونی هەردوو چەمکی هونەری ( موزیك و شێوەکاری ) بەڕای ئێمە لەناوەرۆکدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و تێك دەئاڵێن, کاتێ ( بابەت ) لەهەردوو هونەردا دەبێتە خاڵی دەستپێکردنی ناسینەوەی شێوازی تایبەت لەدانانی هاڕمۆنیای رەنگ و دەنگ .!!
بەکارنەهێنانی رەنگ لەتابلۆیەکی هونەریدا وەك ئەو موزیکە وایە کە تەنیا تاکە میلۆدییەك ببێتە ناساندنی موزیکەکە یاخود گۆرانییەکە. ئێستا تیکەی هونەری لەوجۆرە بابەتانە لەبنەماو ئایدیای سەرەکی داڕشتنی رەنگەکان دەبێ لەهونەری شێوەکاریدا، لەموزیك ئەو چەمکە دەبێتە هەڵێنجانی ریتم و رەزم و(Tempo) ی تازە بۆ خوڵقاندنی ئیقاعێکی نوێ کە روحی سەردەم لەبەرگی دوێنێ دا ببەخشێ .
هونەری هاوکاری کە زیاتر ئەدگار دەخاتە باوەشی توێژینەوە لەموزیکدا و رستەی موزیکیی(Fris) ی بەرامبەرە، بەبیرکردنەوەیەکی جیا لەو تێگەیشتنە, کاتێ هونەرمەندێکی شێوەکاری دەیەوێ لەهەندێ کۆت و زنجیری قوتابخانە هونەرییەکانی شێوەکاری رزگاری ببێ پەنا دەباتە بەر هەندێ خەت و شێوازی نوێ ، رەنگ لەزۆر لەحاڵەتەکاندا چەکێکی گەورە لەداهێنانی بخاتە سەر بیرکردنوەی تایبەت لەمەڕ تێگەیشتنی فۆرمە هونەرییەکان ، ئەم حاڵەتە دەکەوێتە کۆشی ژیان کەتیایدا ئاوازێکی کورتی ( 4 ) باڕی موزیکیی لە (ئیقاع)و (رەزم)ی ئاوێتەکراوی دابڕێ و بەشێوەی ( Adlib )بژەنێ, واتا تەنیا ئەو (ئیقاع)ە بمێنێ کە وشەکان لەڕووی چەمکی ئەدەبییەوە بەیەکتری حاڵی بکا، مانەوەی هەر پانتاییەك لە تابلۆیەکی هونەریدا مانای ئەوە نییە ئەم پانتاییە کەوتۆتە دەرەوەی چوارچێوەی بیرکردنەوەی هونەرمەند، لەموزیك بەهەمان شێوەو مەبەست بە بەکارنەهێنانی هەندێ ئامێری موزیك لەکاتی ژەنینی پارچە موزیکێك، یان گۆرانییەك هەرگیز مانای ئەوە نییە کە چەمکی هونەری میلۆدییەکە ( رۆح و مۆرك و ئادا )ی گشتی ئەو موزیکە نەبەخشێ کە لە گۆشەنیگایەکی تردا ئایدیای بنەڕەتی پێکهاتەی تابلۆیەکی هونەری لە عەقڵی هونەرمەنددا دەگیرسێتەوە, کەچی بە چەمکێکی جیاجیا لەلای بینەرو تەماشاکار و چێژوەرگرشی دەکرێتەوە، بەهەمان شێوە بەڵێم دوور لەمەبەستی ناهونەری، موزیکێك کە لە (7) دەنگی موزیك تێپەڕ ناکات، لای ئاوزدانەر حاڵەتێکی زۆر کاریگەرە لەڕووی ئەو رستە موزیکە نوێیانەی کە تیایەتی، کەچی گوێگرو خەڵکی تامەزرۆ بە پاشماوەی ئەو دەنگانەی کە لە خەیالأ و هزریان ماون، ماهیەتی موزیکەکە دەبەنەوە سەر ئەو ئاوازانەی کە بەڕای ئەوان سواون, لێرەداو لەم خاڵە گرنگە هەندێ رواڵەت ئاشکرا دەبن کە تاچ رادەیەك ئاوێتەبوونی هونەری دوو هونەر دەتوانێ لە خزمەت عەقڵێکی تازە و هۆشێکی کۆن تێك بشکێنێ, شێوازە جیاجیاکانی هونەری شێوەکاری بە گشتی لە (واقیعیەت و تەعبیری ئێکسپریشیزم و سوریالی ) و شێوازەکانی تردا هەمیشە لەڕووی ئاوێتە بوونیان لەگەلأ هونەری موزیك لە چاخ و سەدەکانی ( باڕۆك و کلاسیك و

رۆمانتیك و چەرخی نوێ ) دابڕاو نەبووینە لەیەكتری. تابلۆكانی چاخی حەڤدەهەم شێوازی (Poliphony) هارمۆنی موزیكیان بەخۆوە گرتبوون, لە هونەری بیناسازی چاخی باڕۆكدا هەمیشە شێوازی هارمۆنیای ( Conon ) بەرجەستەی ئەو حاڵەتە هونەرییە گەورانەی دەكرد .

لە هونەری ( تەجرید )دا كە ماناو چەمكە هونەرییەكان لەناو یەكتریدا چڕ دەكاتەوە (ئیقاع)ی ناوەوەو دەرەوەی چوارچێوەی تێگەیشتنی زرمەكان لە زمانی موزیكدا ئەو حاڵەتە راڤە دەكات، رەوشی كارە هونەرییەكان لە هەردوو هونەردا هەندێجار بێ بەزەییانە دەكەونە بەر قەڵەمی رەخنەگری دوور لە خەیالأ و نزیك لە ( واقیع )ی ناهەمواری و لەیەكتر جیاكردنەوەی بەشەكانی ئەو دوو هونەرە لەیەكتری كارێكی ناهەموار و نابەجێیە كاتێ كە دەمانەوێ شێواز و شێوەو بنەما لەیەكتر چووەكانی ئەم دوو هونەرە دیاری بكەین, واتا بەشەكانی هونەری موزیك لە ( سەما و بالێ و ئۆپێرا و ئۆراتریۆ و گۆرانی و موزیكی رووتەڵەك) لەیەكتر جیا دەكەینەوەو هەریەكەیان بە سەربەخۆ سەیر دەكرێن, زۆربەی بەها هونەرییەكانی ئەم هونەرە دەكەونە خانەكانی دواوەی بیركردنەوەو تێگەیشتنی راستەوخۆی هونەرمەند وەك حاڵەتی یەكەم و چێژ وەرگریش وەك حاڵەتی كاردانەوە، لە هونەری شێوەكاریشدا كاتێ كە ( ڕەسم و نەحت و سیرامیك و گرافیك ) و بابەتەكانی تری هونەری لەیەكتر دادەبڕێنین, هەموو ئەو چەمكە هونەرییانە لە نێو یەكتریدا گوم دەبن و خۆ خواردنەوەی رەنگەكان لە نێو بازنەی هەریەك لەو بەشانەدا دەبنە مایەی لەیەك ترازانی رۆح و جەستەی هونەرەكە .

لەكاتی دیاریكردنی ئاوێتەبوونی رەنگ و دەنگ لەنێو هونەرێكی ئاوێتەكراودا, چەمكێكی تازە سەر هەڵدەدا كە هەڵگری بنەمای فەلسەفی و بونیادگەرییە، ئەم حاڵەتەش هەرگیز دابڕاو نییە لە هزرو خەیاڵی هونەرمەندی بەسەلیقە, چونكە رەنگەكان كاتێ لەكارە هونەرییەكانی هونەری شێوەكاری ( تەجرید ) دەكرێن لەبەها هونەرییەكانی ( هارمۆنیایی موزیك و دەنگ ) وەك هونەرێك دەمێنێتەوە كە خاوەن پاڵپشتێكی (فیكری، هونەری، ئاكادمیایی ) نەبێ، ئان وسات یاخود درێژخایەن دەبێ لە خودی هونەرمەند تا بگاتە ( دەنگ و رەنگ ) نەك حاڵەتەكان بەپێچەوانەی ئیرادەی هونەری هونەرمەند بن و واقیع یان حاڵەتی دەرەكی ئەم تەوژمە قورسە بەسەر هونەرمەنددا بسەپێنێ .

نەبوونی پەیوەنییەكی هونەری چەمك ئامێز لە نێوان موزیكی كوردی و هونەری شێوەكاری كوردی, بەڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەكی و لەم حاڵەت و كات و ئان وساتانەشدا مەحاڵە بەم زووانە ئەو ئاوێتەو تێكەڵە هارمۆنیاییە دروست ببێ ئەمیش لەبەر :

-1موزیكی كوردی تا ئێستا نەیتوانیوە وەك قوتابخانەیەك چ لەڕووی پێكهاتەی ( ئامێری موزیك ) بنەمای موزیكی رووتەڵەك بێنێتە ئاراوەو قۆناغی هونەری ئەو موزیكەش تا ئێستا نەك دیارنییە، بەڵكو شتێك نەبووە ببێتە مایەی لێكۆڵینەوە لەو موزیكە ( دنیەویانەی ) كە ( وجود ) یان نییە .!!

-2یەكتر نەخوێندنەوەی هونەرمەندانی هەردوو بواری ( شێوەكاری و موزیكی ) كوردی لەهەموو بوارەكانی ژیانی ( هونەری و كۆمەڵییەتی و سیاسی ), واقیعێكی تاڵی بەسەر بیركردنەوەمان سەپاندووە كە مەحاڵە بەم زووانە لێی رزگار ببین. هونەرمەندی شێوەكاری كورد هەرچەندە كۆمەڵێك چەمك و شێوازی جیاجیای قۆناغەكانی پێشكەوتنی هونەری شێوەكاری لەبەر دەستە, وەلێ تا ئێستا هەموو بیركردنەوەكان لە چوارچێوەی ئەو بابەتانە دەسوڕێتەوە، لەگەڵأ هەندێ دەسكاری سەقەتی شێوازە هونەرییەكانی جیهانی كە هیچ خزمەتێكی هونەری بەبواری بیركردنەوەی هونەرمەند بەتایبەتی و تێگەیشتنی خەڵكیش بە گشتی ناگەیەنێ، ئەم حاڵەتە لەنێو موزیكژەن و ئاوازدانەرانی بواری خوڵقاندنی حاڵەتی تازە لە موزیكی كوردیدا زێتر كاریگەرییەتی نێگەتیڤانەی بەسەر بیركردنەوەو چێژی هونەریماندا هەیە, چونكە موزیك یەكسەر لەگەڵأ عەقڵدا مامەڵە دەكات و هەر لادانێك لە رەوشتی هونەرییانەی ئەو تەوەرە بە مردنێك كۆتایی دێت كە رەنگە كارەساتێكی درێژ خایەنی هونەری لەدوادا بە میرات بەجێ بمێنێ، وەك كە ئێستا لەبەر چاومانە لە دەنگە رەسەنەكانی دوێنێی و نزیك نەمانتوانی بنەمای موزیكێكی كوردی دروست بكەین، لە شێوازە جیاجیاكانی هونەری شێوەكاریش نەكرا رەنگی كوردی ببێتە هێمای ناسینەوەی شێوازی تایبەتی هونەری شێوەكاری كوردی. لەهەموو ئەو برینانەش قوولتر تا ئێستا هیچ لەو دەستنووس و پێوەندی و لێكۆڵینەوانەمان نەكردۆتە خاڵی سەرەتا بۆ لەدایك بوونێكی شەرعی بەیەك بەستنەوەی چەمكە هونەرییەكانی گشت بابەتە هونەرییەكانمان لە ( چیرۆك و رۆمان و شیعر و پەخشانە شیعر و شانۆ و شێوەكاری و موزیك .(

سەمفۆنیا چامە

زەرتوشت بەمجۆرە قسەی کرد
دەق: فریدریك نیتشە
موزیك: ریشارد شتراوس
خوێندنەوەیەکی موزیکی بۆ شاکارێکی جیهانی لە بۆتەی سەمفۆنیا چامە (قەسیدەی سەمفۆنی (
)مەبەستم نووسینی موزیکی فەلسەفی نەبووە, هەروەها مەبەستیشم نەبووە کە بەرهەمە مەزنەکەی ( نیتشە) بەشێوازێکی موزیکی وەربگێرم, بەخۆم راپەڕمووە کە شتێك لەسەر تابلۆی ( بەنی بەشەر ) هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە ئەو قۆناغە جیاجیایانەی کە پێیدا رەت بووە لە رێی موزیکەوە دەربببڕم, جا چ ئایینی و چ زانستی بێ هەتا چەمکی ( نیتشە)یی ( بۆ مرۆڤی سەرکەوتوو .(
ئەمەیە (ریشارد شتراوس ) بەرشکاوی دەربارەی سەمفۆنیا چامەی *( زەرتوشت وای گوت ) رایگەیاندووە کە داندراوێکی ئازادانەی سروشتی ( ئینجیلی نیتشە )یە کە حەوت نانونیشان لەخۆوە دەگرێت, کەواتا کاری ژەنیار بەرجەستەکردنی کرێشمەی کەسێیەتییە لەکاتی خوێندنەوەی رێرەوی فەلسەفە, نەك قسەکردن لەبارەیەوە .
•لەسەرەتاوە خۆر هەڵدێ, کە زەرتوشت لە خەو رادەبێ, بڕیار دەدا بە گۆشەگیری خۆی دابەزێ کە (10) ساڵی خایاند تا راسپاردەکانی لەنێو مرۆڤەکاندا بڵاوبکاتەوە, وەك چۆن خۆر تیشکی پەخش دەکات, وا بەدیاردەکەوێت کە مووریدەکانی لەگەڵ زەنگی گزنگدا بێدار بوونەتەوەو دادەکەون و بەترسەوە لەگەڵ بە دیارکەوتنی کڕنۆشی بۆ دەبەن و سەری خۆیان لاردەکەنەوەو بەرێزەوە چاویان دادەخەن بۆ ئەم رووداوە مەزنە و دەکەونە هەلەکەسەماو دەهۆڵ دەکوتن, بەبزۆزییەوە بە هەردوو دەستەکانیان بۆی دەژەنن ئاخۆ ئەمە چ دەرگایەکە کە خودای ئەوانی لێ سەرهەڵدەداو بە مکوڕییەوە دەیانەوێ لە حەشارگەی خۆی وەدەرکەوێ, ها ئەوەش کۆرەوە سەرکەوتووەکەی کە لە پێشەنگییەوەیە دەنگدانەوەی مژدەی گەیشتن دەداو لە بۆشایی ئاسماندا بەرز دەبێتەوەو رایدەگەنێ کە کار لەکار ترازاوە, من سەرکەوتم, هیچ بەرپەچێکی حوکم و مەلەکوتی خۆم ناخەمە ئاراوە.. . رووناکایش ئاسمانی داگرت, پاشان ئاوازی سروشت وەك پرسیارێ دێتە پێش و لە بەرامبەر نهێنی و مەلەکوتدا گەرووی پڕ دەبێ لە گریان کە لە بەرامبەریدا بەسەرسامی و خۆتیهەڵقورتانەوە رادەوەستین و سەرمان سوڕدەمێنێ و نازانین ئێمە لە کوێین و چۆن چۆنی بڕۆین بە رێگاوە لەنێو کەناڵێکی تاریکدا, بەڵام ئاوازی ئەو مرۆڤەی کە بەدوایدا دێ, ئەوا هاواری دەریاوانێکی نادیارە کە بەسەرکێشی بارکردنی بایەکە لەو دار ئالایەی قوتبۆتەوەو لەبەردەمیشی سەرکێشی مەعریفە بەسەر شۆستەی کەنداوەکەدا بەسینگێکی واڵاوە کرێشمەی دەکاو دادەخورپێ و هەرشەیەکی بەباهاتووی لێکاو پێی دەڵێ کە سواری شەپۆل دەبێ و لەباوەشی خۆهاویشتنە سەر چەقۆدا پاڵ دەکەوێ و ئاسۆی غەریب تەی دەکات .
*ئەودیوی جیهان:
پرس لەمەڕ گێچەڵ و میتافیزیك و مانای ژیان بەرپەرچی مێگەلی تووتی ئاسا دەهێنێ, ئایین بەڕای ( شۆبنهاور ) میتافزیکی جۆرە خەڵکێکە کە ناتوانن بۆ هەژماری تایبەتی خۆیان بیر بکەنەوەو ئەوەندەیان بەسە کە وەڵامی حازر بەدەستیان هەبێ کە وایان لێدەکا هزریان لە جوڵە ببوردرێت .
)ئاوازی ئایین ) لە برگەی ( بڕوامان بەیەك خوا هەیە ) لە سروودی گریگۆردا کە بەکەرەنای باوەڕی کۆن و هەڵوەریو, ئەو بانگە درۆیە دەژەنێ کە لەودیوی دنیادا دێت, ئەو زەنگە فێڵبازەی کە لە هەورەکانەوە دەنگدەداتەوە بانگمان دەکات ئەو زەوییە بەجێبهێڵن و بفڕین بەرەو ئاسمان, تا لە گومەزە نەبینراوەکەیدا ئەمرمان پێبکات کڕنۆش بەرین و بنوشتێینەوە سەر ئەژنۆ لە بەرامبەر تەوێڵمان دانەوێنین و زاتی ئەوەمان نەبێ سەرهەڵبرین و قسە بکەین و بۆمان روون نەبێتەوە کە ئەوەی دەیبینین ئایا شایانی ئەوەیە بیپەرستین؟
ئایین رووناکی بەخشە بەترس و لەرزەوە بۆی دەنوشتێینەوە, پەناگەیەکە لەو دنیایەدا نییە ترسنۆکەکان بۆی رادەکەن کە ناوێرن رووبەڕووی واقع ببنەوە, ئا ئەو خۆشەویستییە بەندکراوەیان دەربهێنن و بیهاوێنە ئەو خاڵەی کە لە دەرەوەی بازنەی ئازار دایە, نەغمە هەندێجار شێوازێکی پرسە بار بەخۆیەوە دەگرێت وەك کۆرەوێکی ماتەم دەپەرێتەوە ئەو دیوی سنوور لەگەڵ دارەمەیتدا لەنێو قەدا ون دەبێت, جا ئایا هەموو پەرینەوەیەك بۆ ئەودیوی ئەو بوونمان نییە؟ ئایا خۆبەستنەوە بە ئاسمان ترازان نییە لە زەوی و تەگەرەسازی خۆشییەکانی نییە؟

•ئاواتە مەزنەکان:
سەرەتا ( ئاوازی نیاز) دەتەقێتەوە کە وانەیەکی توندی سەرمەداکەیەتی و کۆمەڵەیەکی پشت ئەستوور هەموو شتێکی لە ژێر سمکۆڵیا دەپێشاندەوە, کەرەنای سەرکەوتن و حیلەی ئەسپە راپەڕیوە تێربووەکانی لەگەڵدایە, رمبوهۆڕی جەنگ, ئایا هەموو ئارەزووێك گێرمەو کێشە نییە لەپێناوی وەدەستهێنانی بابەتی خۆی؟ بەڵام ( ئاوازی ئایین ) دووبارە بەرز دەبێتەوە تا موزیك رەتیدەکاتەوە بە ماناکەی خۆی, مرۆڤ لەو پێوەندە رزگاری بووەو تا بەپێیەکی جارێ بۆ پێشەوە رابێ و بێ ترس و سینگ کراوە لەهەرای ئازادا رێککەوتی متمانەی بەهێزی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە ئاواتی خۆی وەك داشقەیەك هەموو تەگەرەیەکی لە بەردەدا نەماوە, ها ئەوەتا تێپەڕی بەرەو رووگە دەچێ, زەنگی برینەکانی خۆی لەنێو

هەوا لێدەدا, هیچ دەسەڵاتێك بەسەر ویستەكانی ئەو مرۆڤەدا زاڵ نابێت ئەو كاتەی هاوار دەكات .

•شادی و خۆشەویستی:
دوو ئاوازی گەرمی تێدایە, یەكێكیان بەرزەو ئەوی دی نزم كە تەعبیر لەو خوو رەوشتە دەكەن كە سنوورێك بۆ سەربەستی تاكە كەسی دادەنێ و حوكمی لەسەر دەداو و دەیبەستێتەوەو رێی ئەوەی لێدەگرێ كە بەهەوەسی خۆی بژی و چێژ لە خۆشییەكانی دنیا وەربگرێ .

•سروودی سەرقەبران:
دەنگەكە وا نزمە لە بێدەنگییەوە نزیكە و جوڵانەوە خەریكە بەرەو وشكبوونەوە بڕوات, ئەی چۆنت دەوێت بۆ یەكێك لە هەقیقەتی لەناوچوون بگات, ئەی مردن دەرگا لەسەر ئاسۆی داهاتوو داناخات؟ ئەوەی كە كردمان هەمووی بەڕەڵڵایی بوو, ئێستا تەرمی یەكتری بەڕێ دەكەین, تروسكاییەكی هیوا لێرەدا لە كۆتایی بەدەردەكەوێ و ئێمە بەهۆی ئیرادەوە بەسەر لەناوچوون زاڵ دەبین, ئەو ئیرادەیەی كە پیربوون نازانێ و لەناویش ناچێت, ئا ئەمەیە خۆشەویستی .

*زانست:
دوای ئاماژەكردن بۆ ساردبوونەوەی زانست و شەرم لەخۆكردنی لە زۆرانبازیدا ( كەرەنا ) بەئاشكرا بەو زانایانە دەڵێ: فەیلەسوفی سەر بەڕێبازی ( نیتشە ) بەسەر سەریانەوە دەسووڕێتەوەو دەگاتە جۆرە زانیارییەك كە لەتوانای ئەواندا نییە بگەنە ترۆپكی .

•داخوازییەك بۆ شادی:
شنەبایەكی خۆشەویستی كە لەدوای رەشەبای نەخۆشی ( كەرەنایەكی نەی ساغ ) و بەرەونەق هەڵدەكات, تێروانینێكی شیرین و پان و بێگەردی ئەو جیهانەیە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەكشێ دوای تووشبوونی نەخۆشی, پاشان ئاوازی ( عودی سەمەرد )ی دەگەڕێتەوەو چۆلەكەیەك لەسەر لقی دارێك دەجریوێنێ و دەڵێ: من لێرەدام ئایا واتان بیركردەوە بە یەكجاری لەناوچووم؟ لەگەڵ شەپۆلی ئەو تراویلكەیەی كە لە پایزدا دەركەوت؟ ئا ئەوەتا بەهار داهات, منیش لەگەڵ ئەوا دەگەڕێمەوە, دەچمەوە سەر گوزەرانی پێشینی خۆم, بزر بوونمان ئەوەندە نابا هەتا هەتایێ لەگەڵ لە ناوچووندا كەوتینە شەڕ, چەندجارێك شكاین, بەڵام لە كۆتاییدا سەركەوتنمان بۆ نووسرابوو, دوای ئەم شەڕو شۆڕەش هەوایەك دێتە گۆڕێ كە نزم دەبێتەوەو پاشان زمانی سەركەوتن و زەفەر پێبردن و داچەسپین بەرز دەبێتەوەو بەتوندی لە ژێی ئەو زەمینە دادەت و بەجێهێشتنی ئەم خاكە رەتدەكاتەوە .

سروودی سەما:
تەنیا خوڕەی سەرچاوەی بێگەرد بێدەنگی دەشكێنی كە ئاماژەیە بۆ هەنگاونانی بەرەو ئەو سەرچاوە شیرینەی كە تەنیا ئەو گرینگە كە لە تینوێتیدا روو دەچێتە خوارەوە, ( زەرتوشت ) لەنێو پوش و پەڵاشدا تووشی چەند منداڵێك دەبێت كە بەشادی گەمە دەكەن, وەكو پەپولان لە دەوری گوڵ و درەختان دەخولێنەوەو شیلەی گوڵان دەمژن یاخود قوڕولیتەی كەناری دەریاو زمانی حاڵیان دێتە گۆو دەڵێ: ئێستا ئێمە دەمانەوێ سەما بكەین بۆ ئەوەی پیشاتن بدەین ژیان چەندە جوانە, چەندە لایەنی رەنگاو رەنگی تێدایە, ئەو جوانیانەی رەنگە لە پڕێكەوە ببنە حۆرییەكی ئەفسوماوی و بە شیرینترین زمان قسەت لەگەڵ بكەن .

•ئاوازی ئەبەدی عود:
ئێستا ئاوازێكی سەماكەر وەردەگرێ, چەرخی بەخت دەسووڕێتەوەو داواكارە هەر بەمجۆرە لە دەوری چەقی خۆی هەمیشە بسووڕێتەوەو داوا لە هەموومان دەكات كە بچینە ناو ئەو یاری سووڕین ئامێزە, وەرن با هەموومان لەناو ئەم گێژەنەدا بخولێینەوە, حیكمەتی گرنگ لە چیدایە, ئەمەیە كە جیهان بە دیمەنی گوڵ بینی, شوانە بە شمشاڵی نێو پەنجە نەرم و ناسكەكانی هەموو جۆرە تاری ولێلییەك لەسەر رووی سروشت بسڕێتەوە .

*سروودی شەو:
)زەرتوشت ) بانگی ئەستێرە دوورەكان دەكات, چونكە تاسەیان زۆر گەورەیەو تەنیا ئەو ئامانجە بە زەحمەت دەستكەوتووانە دەتوانن خۆشەویستی لادروست بكەن, تەنیا كۆتایی نەهاتن دەتوانێ تینوێتی بشكێنی. بەهەردوو دەستانی خۆی هەڵدەدایە بەر موتڵەق, خۆی لەبیر كردووە, دەیەوێ لەنێوان هەموو شتێكدا بتوێتەوە, هەموو شتێكیش لەودا

بتوێتەوە, لە ترۆپکەی نەمریدا هاوار دەکات و بانگ دەدات, وەرە وەرە ئەی هەمیشەیی من حەز لەهیچ ناکەم, ئاوا بەتەنگاوی جگە لەتۆ, چونکە تۆ خۆشەویست ترو بەنرخترین ئاواتی منی کە بەئاستەم وەدەستت دێنم ئەویش تەنیا لەبەر یەك هۆی سادە: تۆ تەماعکەری تا ئەو پەڕی ترۆپکی: تاپڕبوونی بوون, نەخێر بەڵکو تۆ خۆت بوونی, ئالێرەدایە ( ئاوازی ئارەزوو ) بەرز دەبێتەوە وێنەی کەوانەیەکی تیر هاوێژە کە دەنگدانەوەی تیژی لێدەردەچێ, ئەمە ئارەزووی کپکراوی کە بەردەوام هەنگاو نانە بەرەو دەسکەوتەکان تا گەیشتن بەو پەڕی سنوور, ئیدی ناگەڕێتەوە جگە لە رازیبوون بەو تاڵانەی کە دەستی کەوتووە, ئەمە تاوێکی خۆڕەخساندنە زەنگی نیوە شەوێ لێدەدا کە رێدانە بەو کاروانە سەرکەوتووە تا بچێتە نێو قەڵاکە هەموو خێراتێکی بەسەردا دەبەشنەوە کە خۆزگەی بۆ دەخوات, تا دەگاتە هەموو ئەو ئاواتانەی کە رازیبوونی ئەوی تێدایە .

ماملێ
"مەملەکەتێك لە گۆرانی"
بە ئاوەڕدانەوەیەکی خێرا و تێرامانێکی چڕ بۆ گەنجینەی گۆرانی کوردی یاخود ڕاستتر بڵێین بۆ ئەو دەنگانەی کە خۆیان دەبنە ڕوخسار و ناوەڕۆکی ناساندن و هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی پۆلینکردن و دانانی پلە و پایە و پێگەیان لە نێوەندی هونەری کوردییدا کۆمەڵێ لەو دەنگە پڕ زایەلێنە توانیویانە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوەو شێوازی دەربڕین و (ئادا)ی نەتەوەیی کە هەڵقولێوی نێو کانیاوی رەسەنایەتی ژینگە و سروشت و پێگە کۆمەلییەتیەکانن، بۆیە کە باس دێتە سەر دانانی چوارچێوەیەکی (هونەری ــ زانستی) بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە توانیویانە جێ پەنجە و بابەت و هزری نوێ بخەنە سەر خەرمانی هونەرەکەیان، ئەوا بێگومان دەبێ لەو کەڵە هونەرمەندانە دەست پێ بکەین کە هەرسێ کۆڵەگەی هونەری گۆرانی لە (گۆرانی فۆلکلۆری ــ گۆرانی میللی ــ گۆرانی دانراو) یان کردۆتە بنەماو سەرەتای چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هونەرەندا .
ئەوەی جێگەی سەرنج و رامانی ئێمەیە سەبارەت بە هونەرمەندانی پێشەنگ ئەوان هەمیشە ویستوویانە دەروازەیەکی والێ بۆ پەیوەندی هونەری و گشتی بەیەکەوە لەگەڵ یەکتریدا پتەو بکەن و بەردەوامی پێ ببەخشن (ئەم پەیوەندیانە کە بەداخەوە ئێستا بەو شێوە نییە کە ئاڵوگۆڕی بیرو راو و سەرنجی هونەری بونیاتنەری بەدواوە بێ) کەواتە مەبەستم لەم پیشەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە هونەری گۆرانی لەنێو بنەماڵەی (ماملێ)دا بووەتە پیشەیەك ناتوانرێ دەستبەرداری یاخود بەڕێزەوە سەیر نەکرێ، لێرەدا ئەم پەیوەندییە توند و تۆڵە هاتۆتە کایەوە کە ئامانجەکانمان بە ڕوونی دەپێکێ (مامڵێ)ی باوك و هەڵگری پەیامی (ئادا و مۆرکی ئەو بنەماڵەیە) کاتێ کەتوونەتە بەر ڕۆشنایی هونەری بە گشتی و موزیك و گۆرانیش بە تایبەتی کە بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ (گۆرانی)دا کردووە کە دەبێ (گۆرانی) پێداویستییە مێژوویی و سیاسی و کۆمەلێیەتی و هونەری نێو کۆمەڵگا بپێکێ و لە هەمانکاتدا دابینیان بکات .
هونەری گۆرانی چڕین لەلای (مامڵێ)ی هونەرمەند بە سەلیقەییەوە لە دایك بووەو سات دوای سات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نەش و نمای کردووە. دوو خاڵی زۆر گرنگ هەن لە هونەری (مامڵێ)دا کە رێڕەوو پێگەی تایبەتی دەبەخشنە ئەو دەنگە:
) (1ئادا) و چۆنیەتی دەربڕینی هونەری پێش دەنگخۆشی کەووتوەوە لە سەرجەم گۆرانیەکاندا ئەم خاڵە وەچەرخانێکی مێژوویی دانەبڕاوی داوەتە هونەری ئەم هونەرمەندە کە بتوانێ لەگەڵ گشت سەردەمەکاندا خۆی بگونجێنێ و پیر و گەنج و چێژ وەرگری بەسەلیقە هەرسێکیان بەیەکەوە بخاتە نێو ئەندێشەکانی هونەری گۆرانیەوە .
(2سوود وەرگرتن لە گۆرانیە (فۆلکلۆری و میللیەکان) بووەتە هەوێنی لە دایکبوون و سەرهەڵدانی ئاوازی دانراو و خۆی بە واتایەکی تر (میلۆدی فۆلکلۆری و میللی کوردی) کە بە شێوەیەکی گشتی (4 تا 8) مازۆرەی موزیك پێکهاتوون. لای مامڵێ ئەم میلۆدییانە بێئەوەی بە هیچ بیانویەك یاخود شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستکاری بکرێت دەبنە هەوێنێکی زیندووی سەهەڵدان و لە دایکبوونی کۆپلەی تازە کە کت و مت وەك بێچکەی شەرعی میلۆدیەکانن و لە هەمانکاتدا دووبارەبوونەوەی ڕیتمی (4/6)ی دەروێشی لە زۆرینەی گۆرانیەکانی (مامڵێ)دا جۆرێك لە تایبەتمەندی و ناسینەوەی هونەری ئەم هونەرمەندە گەورەیەی پی بەخشیووە .
هەڵبژاردنی دەقی شیعری کلاسیکی کوردی بۆ (ئادا) کردنی مەقامە کوردییەکان لەلای (مامڵێ)دا بە شێوەیەکی (ڕەمەکی) نەهاتووە بەڵکو بە سەرنج و تێگەیشتنێکی ڕادەبەدەر هاتووە لەوەی چ جۆرە مەقامێکی گونجاو لەگەڵ چەمکی شیعرەکاندا دەگونجێ، خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بە زمانی چڕین و موزیك جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەو دەقەی کە لەلایەن خودی شاعیرەکەوە نووسراوە. هونەرمەند دەبێ هەمیشە بەرگێکی نوێ و تازە بخاتە بەر ئەو کالێیەی کە لەبەر دەستیا گەورە دەبێ، زۆر لەو تێکستانەی کە هەڵگری ئایدیاییەکی دیاریکراوی شاعیر بوونە لە ئان و ساتی خۆیدا دواتر لە هزری هونەرمەندی ئاوازدانەر و مەقامبێژدا کراونەتە بابەتی موزیکی ئایدیاو تێڕوانێکی گەورەتر و فراوانتریان هەڵگرتووە کە زۆر جار بونەتە هۆکاری گۆڕانکاری و تێگەیشتنێکی تر بۆ خودی شیعرەکە و بابەتە هونەرییەکە، گرنگیدانێکی بی سنووری (مامڵێ) بە بابەتی موزیك لە شاکارەکانیدا بابەتێکە پێویستی بە هەڵوەستە

کردن هەیە لەسەری .
مامەڵەکردن لەگەڵ چەندین ژەنیاری بە توانا لە نەتەوە جیاجیاکاندا هۆکاری ئەو گۆرانکارییە بابەتیانەیە لە گۆرانیەکاندا کە هەمیشە ئەوان بە دوای ئەو نوێکاریانەدا وێڵن کە لە دەنگی هونەرمەندەوە دەکەوێتە سەر ژێی ئامێرەکانیان لێرەدا هەردوو کۆڵەگە سەرکیەکە (دەنگی پڕ سۆز و مەعریفەی مامڵێ لە چۆنیەتی چڕینی گۆرانیەکان و موزیکی ئامێرەکانی وەك تار و زەرب و کەمانچە، کە بە ستایلێکی تر دەکەونە بەر گوێچکەکانمان لەلایەن ژەنیارەکانەوە جۆرێك لە ئاڵو گۆڕکردنی هونەری و بەراوردکاری بەخۆوە هەڵگرتووە کە لە کاتی ژەنینی موزیکەکاندا وەك:(پێشەکی ــ کۆپلە ــ راکردنی موزیکی لەگەڵ دەنگ (هارمۆنی) (مامڵێ)ی هونەرمەند ویستویەتی ئیلهام و چەمکی نوێبوونەوە لەو موزیکانە ببەخشێتە گۆرانیەکانی لە هەمانکاتدا وەکو پەیرەوێکی بەردەوامی گۆرانی کوردی کە موزیکی گۆرانیەکان لە زۆرینەی هەرە زۆری گۆرانیە کوردییەکان دووبارە کردنەوەی میلۆدییە دەنگیەکەیە لەلایەن ژەنیارانەوە بە ئامێرەکانیان، بەڵێم گەر بە وردی گوێ بۆ گۆرانیەکانی (مامڵێ) شل بکەین هەست دەکەین هەمیشە موزیکی گۆرانیەکان لە گۆڕانکاری بەردەوامن و تەنانەت هەندێ میلۆدییەکان کە (مامڵێ) چڕیویەتی پاش ئەوەی موزیکی بۆ کراوە لە کۆپلەیەك بۆ کۆپلەی دوای خۆی گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە باشەوە بۆ (ئادا)کردنێکی چاکتر .
)مامڵێ)ی هونەرمەندی بە سەلیقەو ئەزموونی چڕ هەمیشە بە ڕێز و وردبوونەوەیەکی تەواو سەیری رابردوو و هونەرمەندانی پێشەنگی پێش خۆی کردووە، زۆر بە وردی گوێی بۆ هونەرمەندانی گەورە (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەلا کەریم و عەلی مەردان و سێوە) گرتووەو لەوانەوە چۆنیەتی (ئادا) کردن و چڕینی بابەتە هونەریەکان فێربووە، بەڵێم چ فێربوونێك؟! فێربوونێك کە وەکو وانەیەکی تەواوکەر بووە بۆ گەنجینەی هونەری مامڵێ بە واتایەکی تر (مامڵێ) هەموو ئەو دەنگانەی لەلاوە زۆر گەورە و پیرۆز بوونە، بەڵێم کاتێ هاتووە ئادای گۆرانیەکی هونەرمەندی قوتابخانە (حەسەن زیرەك) بکاتەوە بە شێواز و ستایل و گوتنی (مامڵێ)یانە چڕیویەتیەوە کەواتە گوێگرتن و کاریگەری هونەرمەندانی پێش خۆی لەسەر هونەری مامڵێ تەنها ئەزموون و دەوڵەمەندییەکی تری بێ سنووری پێ بەخشیووە، کە دواتر هەر هەمووی بە قازانجی هونەری کوردی بە گشتی و هونەری (مامڵێ) بە تایبەتی تەواو بووە .
بلیمەتێکی تری زیندووی هونەری مامڵێ (گونجانی هونەرییە لە نێو بابەتە فرە جۆرەکانی گۆرانی گوتنی کورد کە لایەنەکانی (دڵداری و سۆز ــ قارەمانێتی ــ شین و لاواندنەوە ــ گۆرانی رۆژانە (کار و ژیانی کۆمەڵێیەتی ــ گێڕانەوەی مێژوویی.. . هتد) بە خۆوە دەگرێ مامڵێ هەمیشە قەناعەتی بەوە هەبووە کە دەنگی ئەو دەنگێکی سۆزداری خۆشەویستی باران ئاسایە کە هەموو سنورەکانی دەبەزێنێ و هەموو کات گوشار دەخاتە سەر خۆشەویستیان کە بە خۆیان دابچنەوەو نەکەونە داوی خیانەتکاری و خۆ جوینەوە کەواتە بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ زۆر گرنگە کە (پێداویست و سنوور و قورگ و تایبەتمەندی و ستایل و شێواز)ی دەنگی خۆی بناسێ ئەوسا بتوانێ ئەم چڕینە بخاتە بەر گوێچکەی بیسەر و چاوی بینەر .
هونریەتی (ئادا)ی مامڵێ لە چڕینی گۆرانیەکە زۆر زاڵترە بەسەر هونەریەتی (دەنگخۆشی)ی بە گشتی (ئادا) بە چەمکی سەرکەوتنی بابەتێك هەمیشە لە بەشەکانی تری گۆرانی ناترازێ، بەڵێم بە پێودانگی هەڵسەنگاندن (ئادا)ی هونەرمەند پلە و پایەکەی بەرزترە لە چۆنیەتی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بە دەنگەوە. لە ڕستە میلۆدییەکانی (مامڵێ)دا جۆرێك لە (Sincup)ی هونەری هەست پێدەکرێ و هەندێ جاریش (ڕیتم)ی ناوەوەی گۆرانی جۆرێك لە (bit) دەرچوونی تێدایە، بەڵێم بە مانای ئێستەتیکەوە لێکدەدرێتەوە. ڕستە میلۆدیەکان لەلای (مامڵێ) باڵێ دەستن لە ڕووی داڕشتن و زمانی موزیکەوە مەبەستم کاتێ کە شیعر مانا ئەزەلیەکەی بە دەستەوە نادا وچیرۆکی ژیانێك دەگێڕێتەوە (مامڵێ) بە ئاواز و میلۆدی کەدانزایەکی) هونەری بە بناگوێی کۆتایی ڕستە شیعرەکاندا دەداو لێرە گوێگر هەست دەکا جۆرێك لە هاوکێشەی هونەری بە ئەندازەی دابەشکردنێکی هارمۆنی گرنگی هەیە و ئەم هاوسەنگێە لای مامڵێ جۆرێك لە سادەیی و ساکاری میلۆدی و دەربڕین دەبەخشێ، بۆیە هەست دەکەین کە هەوادارێکی زۆر لە ئارەزوومەندانی ئەم دەنگە دەتوانن بە ئاسایی لاسایی ئەم دەنگە بکەنەوە لە ڕووی دەنگەوە، بەڵێم هەرگیز هیچیان ناگەنە ئاستی لاسایی کرنەوەی (ئادا)ی دەنگەکە لە ڕووی ڕستە و میلۆدی و تەجوید و لەرینەوە (Trill) و ئەکسنت و Forte Piano و ئەپۆجیاتورا موزیکیەکان. بۆیە هونەری مامڵێ لە زۆرترین پانتاییەوە دەچێتە نێو مێژووی موزیك و گۆرانی کوردی، چونکە ئەم هونەرە تونیویەتی (ئادا)ی هونەری بە یەکە جیاجیاکانی پێکهاتەی گۆرانییەوە گرێداو (دەنگ) بکاتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی گۆرانی لەتەك ئاواز و شیعر و موزیکدا، بەم پێودانگە مامڵێ بە جیاوازتر دەبینم لە هونەرمەندانی تری کوردستان و ناوچەکە و جیهانیش بە گشتی .

ئامانج غازی
1965 •لە رواندز لە دایكبووەو خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی لەوێ تەواو كردووە .
1975 •لە تیپی سروودی قوتابخانەی پاشای گەورە وەرگیراوە وئەو قوتابخانەیە ساڵی 1923. ز دامەزراوە .
1977 •لەسەردەستی هونەرمەند زرار محمد مستەفا فێری ئامێری عود بووەو بووەتە ئەندامی تیپی پاشای گەورە .
1980 •چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی موسلأ .
1985 •بەپلەی یەكەم لەسەر هەموو بەشەكانی پەیمانگە دەرچووە .
(30) •ئاوازی جۆراوجۆری بۆ هونەرمەندانی كوردستان داناوە .
(9) •كۆڕاڵی هونەری موزیك و گۆرانی داناوە .
(8) •شاكاری موزیكی بۆ شانۆگەریە كوردی و عەرەبی و ئینگلیزیەكان داناوە .
•موزیكی بۆ (18) فیلمی كوردی كردووە .
(8) •خولی فێربوونی موزیكی كردۆتەوە
26 •كۆڕو سیمیناری هونەری تایبەت بە موزیك و گۆرانی سازكردووە .
•موزیكی بۆ تابلۆكانی هونەرمەندان (محمد عارف، نامق علی قادر، سردار سنجاوی، رۆستەم ئاغالە)داناوە .
•لە دەستەی دامەزرێنەرانی-:
.1تیپی پاشای گەورە لە رواندز
.2پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی هەولێر
.3ئۆركسترای كوردستان
.4گروپی ستران
•خاوەنی درێژترین گۆرانی كوردیە كە لە كۆڕەوە ملیۆنیەكەوە ئیلهامی وەرگرتووە (كۆچ و باران(
1992-2003 •مامۆستای بەشی موزیكی پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی هەولێربووە .
2004-2006 •بەڕێوەبەری كەلەپووری كورد بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری .
2007-1008 •بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی موزیك بووە لەوەزارەتی رۆشنبیری .
2005 •بەشداری ڤیستڤاڵی موزیكی میللی میللەتانی كردووە لە ولێتانی (فەرەنسا، سویسرا، ئەڵمانیا .(
) 2008 •پلەی یەكەم)ی لەسەر ئاستی كۆلێژی هونەرەجوانەكانی زانكۆی سەلێحەدینی بەدەست هێناوە .
2008-2009 •مامۆستای بەشی موزیكی كۆلێژی هونەرەجوانەكانی زانكۆی سەلێحەدین .
•ئەم كتێبانەی بەچاپ گەیاندووە:
.1خوێندنەوەیەكی هونەری بۆ موزیكی ئەكادیمی و. رۆشنبیری 2005 .
.2هارمۆنیای دەنگ و میلۆدی كوردی دەزگای موزیك و كەلەپووری كورد 2007
.3بەزم و رەزمی منداڵێن ئاواز بۆ زارۆكان و. پەروەردە 2008
.4ژمارەی تایبەت بەشین و شایی مانگی ئادار دەزگای موزیك و كەلەپووری كورد 2008
ئەم كتێبانەی ئامادەیە بۆ چاپ:
.1ئەزموون لە ئامێزی موزیكدا (رەخنەو ئەزموونی هونەری موزیك(
.2سەدای خەرەند (نۆتەی چەند شاكارێكی موزیكی ئۆركسترای كورد(
.3هارمۆنی (وەرگێران لە عەرەبیەوە نوسینی د. محمد زازا .(

4.فەرهەنگی موزیك (وەرگێران لە عەرەبیەوە دانانی. احمد بیومی ).